# رۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 555 سێشەممە 10/ 11/ 2009 نرخ 750 دینار No.555 Tue 10/ 11/ 2009





## گۆڕان: ناکرێت فراکسیۆنێک حکومەت پێکبێنێتو سەرۆکایەتی لیژنەی نەزاهەش بکات

٤-١٢

# «هاوپەیمانێتی پارتی و یەکێتی هەڵدەوەشێتەوە»

# هاوپەیمانیی بارێکی تایبەتی بۆ کەرکوک قبووڵکرد

**رۆژنامە**

بەپێی هەمواری یاسای هەڵبژاردن، کە رۆژی یەکشەممە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسەندیکرد، بارودۆخێکی تایبەت دەدرێتە کەرکوکو ئەو پارێزگایانەی، کە «گومان لەسەر تۆماری دەنگدەرانیان هەیە»و لە کۆی هەشت مادەی هەموارەکە، لە پێنج برگەدا ناوی کەرکوک وەک ناوچەیەک، کە تۆمارەکەی گومانی لەسەرە، هاتووە.

د.مەحمود عوسمان ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ رۆژنامە وتی: «پێشتر ئێمە ئیعترافمان بەوە کردووە، کە کەرکوک بارودۆخێکی تایبەتی هەیەو ساڵی رابردوو کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دواخراو مادەی (٢٣) پەسەندکراو لیژنەیەکی بۆ پێکهێنرا، ئەوە دانان بوو بە بارودۆخی تایبەتی کەرکوکدا».

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی گۆڕانی سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە لە لیستی داخراوەوە بۆ لیستی نیمچە کراوە، هاوپەیمانێتی بۆ یەکلیستیی نێوان پارتیو یەکێتی بەرەو لاوازبوونو کۆتایی پێهاتن دەچێت.

د.سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق لەبارەی ئەو گۆڕانکارییە لە یاساکەداو چارەنووسی هاوسەنگی هێز لە لیستی هاوبەشی یەکێتیو پارتی وتی: «بەپێی ئەم سیستمە تازەیە گرفت دروستدەبێت لە نێوان پارتیو یەکێتیدا، چونکە لیستەکە کراوەبوو حیزبەکان سەرەڕای بانگەشەکردن بۆ لیستەکە بانگەشە بۆ نوێنەرە حیزبییەکانی خۆشیان دەکەن لەناو لیستەکەداو ئەوەش ناهاوسەنگی دەخاتەوە، کە بە یەکسانی نوێنەرەکانیان دەرناچنو هاوکێشە سیاسییەکە دەگۆڕێت».

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە کە لە ژمارەی رابردوودا بڵاوکرایەوە، رایگەیاند: «ئەگەر هەڵبژاردن بە شێوەی لیستی داخراوبێت، ئەوا هاوپەیمانێتی یەکێتیو پارتی درێژەی پێدەدرێت، ئەگەریش بە لیستی کراوە بێت هیچ نرخو گرنگییەک بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە نامێنێت».

**وردەکاریی زیاتر لە ل٤و ٥و ٨دایە.**

## جێگەکەی د. بەرهەم پڕناکرێتەوە

**رۆژنامە**

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ مانگ بەسەر بەجێهێشتنی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق لەلایەن د.بەرهەمەوە، تائێستا ئەو پۆستە لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە پڕنەکراوەتەوەو پێدەچێت هەر بە چۆڵیی بمێنێتەوە.

د.سەعدی بەرزنجی جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێشتر هەردوولا رێکەوتبوون، کە پۆستەکە بۆ پارتی بێت، بەڵام تائێستا بە چۆڵیی هێشتوویانەتەوە.

پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران پۆستێکی سیادییەو وەک پشکی نەتەوەیی درابوو بە کورد، بەڵام بە گوێرەی زانیاری سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو پۆستە تەنیا (٣) مانگی دیکە بەردەوامی دەبێتو هەڵبژاردن دەکرێت. بەرپرسانی باڵای پارتیو یەکێتی ئامادەنین بۆ سێ مانگ وەریبگرن.

سەعدی بەرزنجی لەوبارەیەوە وتی: «لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری گرنگ دەردەکرێتو زۆر گرنگە کورد ئەو پۆستە چۆڵنەکاتو نابێت بەرژەوەندیی نەتەوە بکەن بە قوربانی شەخسو حیزب».

## چوار وەزارەت بە سەڵاحییەتی وەزیرەوە، بریکاریان بۆ دادەنرێت

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

یەکێتیو پارتی لە هەوڵی ئەوەدان پۆستی بریکاری وەزارەتەکانی داراییو ناوخۆو پێشمەرگەو سامانە سروشتییەکان، بە تەواوی سەڵاحیەتی وەزیرەوە لە نێوانیاندا دابەش بکەن، هاوکات پەرلەمانتارێکی کوردستانیش پێیوایە؛ ئەوە نیشانەی یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکانو بەردەوامبوونی سیستمی دوو ئیدارەییە لە کوردستان.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە بە رۆژنامە گەیشتووە، پارتیو یەکێتی لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا پۆستی بریکاری وەزیر بۆ وەزارەتەکانی داراییو ناوخۆو پێشمەرگەو سامانە سروشتییەکان بە تەواوی سەڵاحیەتی وەزیرەوە دادەنرێن، بەوپێیە وەزارەتەکانی داراییو پێشمەرگە، کە وەزیرەکانی یەکێتین بریکاری پارتییان بۆ دادەنرێتو وەزارەتەکانی ناوخۆو سامانە سروشتییەکانیش کە بە دەست پارتییەوەن، بریکاری یەکێتییان بۆ دادەنرێت.

د.نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «دانانی بریکاری وەزارەتەکان بەپێی پێویستی وەزارەتەکان دەبێتو تائێستا ئەنجومەنی وەزیران بۆ دانانی بریکارەکان هیچ بڕیارێکی نەداوە».

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش، دانانی بریکاری وەزارەتەکان بە هەمان سەڵاحیەتی وەزیر بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی دوو ئیدارەیی وەسفدەکات.

زانا رەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو کارە گەڕانەوەیە بۆ دووئیدارەییو ئەگەر بەوشێوەیە بێت ئێمە وەکو لیستی گۆڕان بێدەنگ نابینو لە پەرلەماندا هەڵوێستمان دەبێت.

٢

## ئاسایشی سلێمانی پرسیاری «دەنگت بەکێداوە؟» لەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێت دابمەزرێن



**محەمەد حەکیم:**

## پارتی زیاتر لە یەکێتی رۆڵی هەبوو لە بەشداری کردن و نەکردنی حیزبەکان لە حکومەتدا

١٢



**دڵشاد بارزانی:**

## دەسەڵات گەیشتووەتە قەناعەتێک، کە دەبێت گۆڕانکاریی بکرێت

١٣





دیلان سیتی
دەتوانن بە ئاسانترین شێوە لە شاری (دیلان)ی نیشتەجێیی
لە بناری شاخی گۆیژە ببن بە خاوەنی شوقەیەك، لەبەرئەوەی:
* نرخی شوقەیەکی (١٠٠م٢) تەنها (٤٢) هەزارو (٤٤٥) دۆلارە.
* نرخی شوقەیەکی (١٢٠م٢) تەنها (٤٩) هەزارو (٩٣٨) دۆلارە.
* سندوقی نیشتەجێبوون لە (٥٠٪)ی ئەم پارەیەتان بە قەرزی (١٠) ساڵ پێدەدات.
* کۆمپانیا بڕی (٢) هەزار دۆلار دادەشکێنێت بۆ ئەو کڕیارانەی کە لە سندوقی نیشتەجێبوون سوودمەند نابنو هەمان بڕیش دادەشکێنێت بۆ ئەو کڕیارانەی بە نەقدی شوقەکان دەکڕن.
Dylan City
کۆمپانیای هەستیار
بۆ بازرگانیو وەبەرهێنان
(١٢٠م٢):
سێ ژووری نوستن
هۆڵ، مەتبەخ، دوو تەوالێتو
دوو حەمامو باڵکۆنێك
(١٠٠م٢):
دوو ژووری نوستن
هۆڵ، مەتبەخ، تەوالێتو
حەمامو باڵکۆنێك
IRECT
بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئۆفیسی پرۆژەکە بکەن: شەقامی سەدمەتری - گەڕەکی هۆمەرەکوێر یان ٠٧٧١٠١٢٢٢٢١ - ٠٧٤٨٠١٧٠٥٠٥ - ٠٧٥٠١١٣٥٣٢٢

# هاوپەیمانی کوردستانیی و باری تایبەتی کەرکوک

دوای دە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو گفتوگۆی چڕوپڕو توندبوونو خاوبوونەوەی لایەنەکان بۆ هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکان، لیستی هاوپەیمانی کوردستان، قبووڵیکرد کە بارێکی تایبەت بدرێت بەکەرکوک.

راستە هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوک وەک شارەکانی دیکەی عێراق ئەنجامدەدرێت، بەڵام لەچەند مادەیەکدا لە گرنگیی هەڵبژاردنەکە کەمکراوەتەوەو دەتوانرێت بەئاسانی کۆسپ لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا دروستبکرێت.

بەپێی هەمواری یاسای هەڵبژاردن بارودۆخێکی تایبەت دەدرێتە کەرکوکو ئەو پارێزگایانەی کە گومان لەسەر تۆماری دەنگدەرانی هەیەو لە کۆی هەشت مادەی هەموارەکە، لە پێنج بڕگەدا ناوی کەرکوک هاتووە.

لیستی هاوپەیمانی کوردستانی چەندینجار دووپاتیانکردەوە ئەگەر باری تایبەت بدرێت بە کەرکوک قبووڵی ناکەنو بەناوی کوردەوە لێدوانیانداو وتیان، بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەین، کەچی دوای دە دانیشتنو چەند کۆبوونەوەیەک بەئاسانی قبووڵیانکردو ئەمان ٥٣ دەنگ بوون لەو ١٤١ دەنگەی کە هەمواری یاساکەیان پەسەندکرد.

ئێستا ناتوانین بڵێن لیستی هاوپەیمانی لەسەر «نەبەردییەکانی لەسەر کەرکوک» بەردەوام بوو ، وەک دەسەڵات پڕوپاگەندەی بۆدەکرد، بەڵکو کەرکوکی بە ناراستەوخۆ دۆڕاندووە، چونکە بەپێی بڕگەی یەکەمی مادەی شەشەم لە هەموارەکەدا هاتووە: کە هەڵبژاردن لە کەرکوکو ئەو ناوچانەی گومان لەسەر تۆماری دەنگدەرانی هەیە لە کاتی خۆیدا ئەنجامدەدرێت، بە بارێکی تایبەتەوە، بەپێی بڕگەی دووەمی هەمان مادە، ئەو پارێزگایانەی کە گومان لەسەر تۆمارەکانی هەیە ئەوانەن کە ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی ڕێژەی دانیشتووانی (٥٪) تێپەڕیکردووە، ئەویش بەپێی داوایەک کە لەلایەن (٥٠) ئەندامی پەرلەمان پێشکەشدەکرێتو دواتر بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ئەو داوایە پەسەند دەکرێت. هەروەها بەپێی بڕگەی سێیەمی هەمان مادە، لیژنەیەکی تایبەت پێکدەهێنرێت لە نوێنەرانی ئەو پارێزگایە لە ئەنجومەن لە هەموو پێکهاتەکانی، بە ئەندامێتی وەزارەتی پلاندانانو ناوخۆو بازرگانیو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانو بە هاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پێداچوونەوەو وردبینی ئەو هەڵانەی لە تۆماری دەنگدەراندا هەیە بەپێی داتا رەسمییەکانو ئەو پێوەرانەی لە یاساکەدا دەستنیشانکراوە، ماوەی یەک ساڵ بۆ کاری لیژنەکەش دانراوە.

ئەو لیژنەیە دەتوانێت بەئاسانی کۆسپ بۆ هەڵبژاردن لەکەرکوکدا دروست بکاتو ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بە هەڵپەسێردراوی بهێڵێتەوەو وەک مادەی ١٤٠ بیمرێنێت. دەکرا لیستی هاوپەیمانیش وەک لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی بایکۆتی دەنگدانەکەیان بکردایەو باری تایبەتیان بۆ کەرکوک قبووڵ نەکردایە.

ئێستا پێویستە هاوپەیمانی کوردستانی روونیبکاتەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە چۆن مساوەمەیان لەسەر بەتایبەتکردنی کەرکوک لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە؟ چۆن رازیبوون ئەو مادانە بخزێنرێنە هەموارکردنی یاساکەوە؟ دەکرێت بپرسین ئاماژەکانی پشت ئەو دۆڕاندنە چین؟

لەسەر پەرلەمانی کوردستانیشە بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم،لیستی هاوپەیمانی بانگهێشتی پەرلەمان بکاتو بە شەفافانەو بێپەردە ناوەڕۆکی سەرجەم کۆبوونەوەکان ئاشکرابکەن، ئەو فشارانەش باس بکەن لەلایەن هەر لایەنێکەوە خراوەتە سەریان، هەروەها پەرلەمان لەوبارەیەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکاتو بۆ خەڵکی روونبکەنەوە کە قازانجو زیانەکانی ئەم بارە تایبەتەی کەرکوک چین؟

**ڕۆژنامە**

# ئاسایش پرسیاری «دەنگت بەکێداوە؟» لەو کەسانە دەکات، کە دەیانەوێت دابمەزرێن

**شارا عەبدولڕەحمان**

دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکان لە کاتی دامەزراندنیان بە مامۆستا، لە ئاسایشی سلێمانی پرسیاری لایەنی سیاسییان لێدەکرێتو دەبێت بۆ رایکردنی کارەکانیان ئەو لیستە ئاشکرا بکەن، کە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا دەنگیان پێداوە، شارەزایەکی یاساییش پێیوایە؛ کە ناردنی ئەو کەسانە بۆ ئاسایش، کارێکی نایاساییە، بەتایبەت کە پرسیار لە لایەنی سیاسییان بکرێت.

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا، چەند دەرچوویەکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی لە کاتی ئەنجامدانی مامەڵەی دامەزراندنەکەیاندا بە مامۆستا، لە ئاسایشی سلێمانی لە کاتی لێکۆڵینەوەی ئەمنییدا پرسیاری ئەوەیان لێکراوە، کە ئایا سەر بە چ لایەنێکی سیاسیینو لە هەڵبژاردنەکەی (٧/٢٥)دا دەنگیان بە چ لیستێک داوە.

مامەڵەی دامەزراندنی دەرچووان بە مامۆستا پێویست بە چەند رێوشوێنێکی یاساییو ئەمنیی دەکات، کە لە ئاسایش بۆیان دەکرێتو تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی باری ئەمنیی ئەو کەسانە، کە هیچ تاوانێکی ئەنجامنەدابێتو سەر بە گروپێکی توندڕەو نەبێت.

لەوبارەیەشەوە رائید بەرزان عەبدوڵڵا بەرپرسی راگەیاندنی ئاسایشی سلێمانی، تەئکیدی لەوە کردەوە، کە راستە لایەنی سیاسیی لەو کەسانە دەپرسرێتو وتی: «لێکۆڵینەوەکانی ئێمە لە رووی ئەمنییەوەیە بۆ زانینی باری بێ کێشەو گرفتی ئەو کەسانەیە، کە تاوانێکی ئەنجامنەدابێت، پرسیارلێکردنیشیان لەسەر لایەنی سیاسییان بۆ ئەوەیە، کە ئەگەر سەر بە لایەنێک بێت، ئەوا پشتگیریی ئەو لایەنە بێنێت بۆ دامەزراندنەکەی، بەڵام پرسیاری ئەو لیستەیان لێناکرێت، کە دەنگیان پێداوە».

رائید بەرزان ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیەشی بە مافێکی ئاسایشی سلێمانی زانیو وتی: «زۆر پێویستە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت، کە دادەمەزرێنو هەر کەسێکیش جێی گومان بێت ئەوا پێویستە رێوشوێنی دیکەی لەگەڵ بگیرێتەبەر».

بەڵام پارێزەر بەکر حەمە سدیق، شارەزا لە یاسای گشتیدا پێیوایە؛ کە ناردنی هەر کەسێک بۆ ئاسایش بە مەبەستی ئەنجامدانی مامەڵەی دامەزراندنو لێکۆڵینەوەی باری ئەمنیی، کارێکی نایاساییە، کە بەرامبەر مافێکی سروشتی ئەو کەسە دەکرێت، لە کاتێکدا هەموو مەرجە یاساییەکانی دامەزراندنی تێدایە، وتیشی: «لە هەموو شوێنێکی دنیادا نابێت پرسیار لە رەگەز، مەزهەبو دینو نەتەوە بکرێت بە مەبەستی پێدانی مافێکی سروشتیی مرۆڤەکان، بەڵام لێرە پرسیار لە لایەنی سیاسیی دەکرێت، لە کاتێکدا ئەمە کۆتو بەندێکە بۆ ئازادیی رادەربڕینو دەنگدانو لایەنی سیاسیی، بەتایبەت، کە دامەزراندنی ئەو کەسە بووەستێتە سەر وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی، کە سەر بە چ لایەنێکی سیاسییە».

# بریندارانی هەڵەبجە داوای مووچە دەکەن

**ئارام نەجیم**

یاداشتێکی تایبەت بە قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاڕاستەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێتو لەو یاداشتەیاندا کە لە (١٧) خاڵ پێکهاتووە، داواکراوە مووچە بۆ بریندارانی کیمیاباران ببڕدرێتەوە.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە رۆژنامەی راگەیاند: «نەتوانراوە لە کاتی سەردانی بۆ هەڵەبجە لە نزیکەوە سەرۆکی حکومەت ببینن، بۆیە بڕیارمانداوە، کە سەردانی بکەینو یاداشتێکی (١٧) خاڵیی پێشکەش بکەین، لەو داواکارییانەی نەتوانراوە لە ئیدارەکانی پێشوودا بۆیان جێبەجێ بکرێت».

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەیاداشتەکەیاندا داوای دامەزراندنی بەڕێوبەرێتییەکی تایبەت بە کیمیابارانو بڕینەوەی مووچە بۆ بریندارانی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکەن، کە رۆژانەو هەفتانەو مانگانە پێویستیان بە بڕێکی زۆر پارە هەیە بۆ کڕینی حەبو دەرمان بۆ برینەکانیان.

ئاراس عابید، جێگری کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، سەبارەت بە کردنەوەی بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەت بە کیمیاباران، بە رۆژنامەی راگەیاند «لەسەردەمی عومەر فەتاح سەرۆکی پێشووتری حکومەتدا، داوایەکی لەو شێوەیەمان کردو موافەقەتیشمان هێنایەوە، بەڵام بەم دواییانە هەستدەکەین کە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ژوورێکی بچووکدا خۆی دەبینێتەوە، هەستدەکەین هەتابێت بچووکدەکرێتەوە، بۆیە بوونی ئەو بەڕێوەبەرێتییە لەناو شاری هەڵەبجەدا دەبێتە هۆکارێک کە بەڵگەو دیکۆمێنتەکان جیابکرێتەوە، تاوەکو ببێتە ئەرشیفێکی گرنک بۆ کارەساتەکە».

بە بڕوای ئاراس عابید «بەڕێوەبەرێتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان کە تا ئێستا هەیە، نەک هەر نەیتوانیوە چارەسەری کێشەکانی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بکات، بەڵکو کەسوکاری شەهیدانیش کاری تێدا ناکەن».

# سۆسیالیست وەزارەتی کارەبا وەردەگرێت

**دلێر عەبدولخالق**

بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیری کارەبا لە کابینەی شەشەمی حکومەتدا، حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ناوی سێ ئەندازیاری کارەبا ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، کە لەناویاندا ژنێکی دانیشتووی شاری سلێمانی هەیە. هاوکاتیش جێگری سەرۆکی حکومەت رایدەگەیەنێت «هێشتا بریکاری وەزارەتەکان دیارینەکراون».

عەبدوڵڵا حاجی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێم، ناوی سێ کەسمان ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە هەر سێکیان ئەندازیاری کارەبانو لەناو ئەوانیشدا ژنێک هەیە بە ناوی (شیرین) کە خەڵکی شاری سلێمانییە. وتیشی: «هۆکاری دواکەوتنی ناوی کەسێک بۆ ئەو پۆستە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشتر بڕیاربوو وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیمان پێبدرێت، بەڵام رۆژێک بەر لە راگەیاندنی کابینەکە ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتو بووە وەزارەتی کارەبا، ئەو وەزارەتەش هەستیارەو پەیوەندیی گرنگی بە ژیانی هەموو خەڵکەوە هەیە، بۆیە ویستمان پەلە نەکەینو چەند کەسێکی پسپۆڕو تایبەتمەندی لە بوارەکەدا بۆ دیاریبکەین».

لەلای خۆشییەوە، ئازاد بەرواری، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە رۆژنامەی وت: «ئاگاداری ناوی پاڵێوراوەکانی وەزارەتی کارەبا نیم، بەڵام دوای گەیشتنیان بە ئەنجومەنی وەزیران بەپێی تایبەتمەندییان رەزامەندیی لەسەر ناوی یەکێکیان دەدرێت بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە».

لەبارەی دیاریکردنی بریکاری وەزارەتەکانیشەوە، جێگری سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوەکرد، ئیشی زۆریان لەبەردەمە، بەڵام پەیڕەوی سیستمێکی نوێی کارکردن دەکەن، بەشێوەیەک بڕیارەکان تەنیا لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بدرێنو بۆ ئەو مەبەستەش راوێژو گفتوگۆ بە وەزیرەکان دەکرێتو پەلە لە دیاریکردنیان ناکرێت.

## وەزیری تەندروستیی هەرێم:

# ناتوانین نەخۆشیی ئەنفلۆنزای بەراز دیاریبکەین

**بەرهەم خالید**


د. تاهیر هەورامی

وەزیری تەندروستیی هەرێم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، تائێستا لە کوردستاندا ناتوانن نەخۆشیی ئەنفلۆنزای بەراز دیاریبکەنو پشکنینەکان رەوانەی بەغدا دەکەن، راشیگەیاند، تائێستا لە کوردساندا (١٢)حاڵەتی ئەنفلۆنزای بەراز هەبووەو هەموویان چارەسەریان بۆ کراوە.

د.تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند، ئێستا نەخۆشییەکە روو لە کەمبوونەوەیە لە هەرێمدا، بەڵام تائێستا ناتوانرێت نەخۆشییەکە دیاریبکرێتو ناچار پشکنینەکان دەنێرنە بەغداو تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە ئەو کەسە لەژێر چاودێرییو چارەسەردا دەبێت، وتیشی: «هەموو فەرمانگەو خوێندنگاکان ئاگادارکراونەتەوە کە لە کاتی بوونی هەر حاڵەتێکدا، ناوەندە تەندروستییەکانی لێ ئاگاداربکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە زوویی چارەسەر بکرێت».

دەربارەی ئەو (١٢)حاڵەتەش کە پێشتر تۆمارکراون، د.تاهیر هەورامی رایگەیاند: هەموویان چاکبوونەتەوەو رەوانەیماڵەوە کراونەتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەنفلۆنزا یەکێکە لەو نەخۆشییانەی زوو تەشەنە دەکات، بۆیە وەزارەتەکەی ژووری عەمەلیاتی لە هەر سێ شارەکەی هەرێمدا داناوەو تیمی گەڕۆکیان هەیەو بەشی (٢٥٠)هەزار کەسیش چارەسەریان هەیە لە هەرێمداو وتی: «رێوشوێنی تەندروستیمان لە فڕۆکەخانەو شوێنەکانی دیکەدا گرتووەتەبەر، بۆ ئەوەی رێگە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بگرین».

# تورکمان‌و عەرەب بە دەستکەوتی خۆیانی دەزانن

# هاوپەیمانی کوردستانی باری‌کی تایبەتی بۆ کەرکوک قبووڵکرد

**بەهادین یوسف**


ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

دوای دواخستنێکی زۆرو چەندینجار بایکۆتکردن لـەلایـەن لیستو قـەوارە کـوردیو عەرەبیو تورکمانییەکانەوە، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە لە دانیشتنێکی پڕ گێرمەو کێشمەو دەنگەدەنگدا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەمواری یاسای هەڵبژاردنی پەسەند کرد، تورکمان‌و بەشێک لە عەرەبە سوننەکان پەسەندکردنی یاساکەیان بە سەرکەوتنی خۆیان دانا، بەوپێیەی دۆخێکی تایبەت دراوە بە پارێزگای کەرکوک‌و لە بەرامبەردا ئەندامێکی کورد پێیوایە؛ ئەو لیستانە هیچیان دەستنەکەوتووە، پێشتریش کورد ڕازیبووە بەوەی بارودۆخێکی تایبەت بدرێتە کەرکوک.

بەپێی هەمواری یاسای هەڵبژاردن، بارودۆخێکی تایبەت دەدرێتە کەرکوک‌و ئەو پارێزگایانەی کە گومان لەسەر تۆماری دەنگدەرانی هەیەو لە کۆی هەشت مادەی هەموارەکە، لە پێنج بڕگەدا ناوی کەرکوک هاتووە.

لە بڕگەی یەکەمی مادەی شەشەمی هەموارەکەدا هاتووە: کە هەڵبژاردن لە کەرکوک‌و ئەو ناوچانەی گومان لەسەر تۆماری دەنگدەرانی هەیە لە کاتی خۆیدا ئەنجامدەدرێت، بە بارێکی تایبەتەوە، بەپێی بڕگەی دووەمی هەمان مادە، ئەو پارێزگایانەی کە گومان لەسەر تۆمارەکانی هەیە ئەوانەن، کە ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی ڕێـژەی دانیشتووانی (٥٪) تێپەڕیکردووە، ئەویش بەپێی داوایەک کە لەلایەن (٥٠) ئەندامی پەرلەمان پێشکەشدەکرێت‌و دواتر بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ئەو داوایە پەسەند دەکرێت.

بەپێی بڕگەی سێیەمی هەمان مادە، لیژنەیەکی تایبەت پێکدەهێنرێت لە نوێنەرانی ئەو پارێزگایە لە ئەنجومەن لە هەموو پێکهاتەکانی، بە ئەندامێتی وەزارەتـــی پـلانـدانـان‌و نـاوخـۆو بـازرگـانـی‌و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان‌و بە هاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پێداچوونەوەو وردبینی ئەو هەڵانەی لە تۆماری دەنگدەراندا هەیە بەپێی داتا ڕەسمییەکان‌و ئەو پێوەرانەی لە یاساکەدا دەستنیشانکراون، مـاوەی یەک ساڵ بۆ کاری لیژنەکەش دانراوە.

لە بڕگەی چوارەمی مادەی شەشیشدا هاتووە: پشت بە ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک‌و ئەو پارێزگایانەی گومان لەسەر تۆمارەکانی هەیە، نابەسترێت وەک بنەمایەک بۆ هیچ عەمەلییەکی هەڵبژاردن لە داهـاتـوودا بۆ هیچ بارودۆخێکی سیاسیی‌و ئیداریی، پێش تەواوبوونی کاری وردبینی تۆماری دەنگدەران، لەلایەن لیژنەکەوە.

بەپێی بڕگەی چوارەمی مادەی (٧)ی یاسای هەموارەکە، ژمارەی کورسیی نوێنەرانی کەرکوک‌و ئەو پارێزگایانەی گومان لەسەر تۆمارەکانیان هەیە، بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی دیاریدەکرێت، بەپێی پشتبەستنی ئەنجومەنی نوێنەران دوای دەرکردنی ئـەو کورسیانەی، کە لە ئەنجامی خروقاتەوە بەدەستهاتوون.

هەروەها لە مادەی (٧)ی حوکمە کۆتاییەکاندا ئاماژە بەوەکراوە جیاوازی نێوان تۆماری دەنگدەران لە ساڵی (٢٠٠٤) تا دوای نوێکردنەوەی تۆماری ساڵی (٢٠١٠) دیاریدەکرێت، هەروەها وردبینی دەکرێت لە نێوان تۆمارەکانی ساڵانی (٢٠٠٤، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩) بەپێی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان بە لەبەرچاوگرتنی ڕێـژەی مردن‌و لەدایکبوون‌و گواستنەوە لە پارێزگاکانەوە، هەروەها ڕاگوێزراوە گەڕاوەکان بەپێی تۆماری ڕەسمیی‌و هەر گۆڕانکارییەکی ژمارەی دانیشتووان لەو ماوەیەدا.

دوای پەسەندکردنی یاساکە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، هەریەکە لە تورکمانەکانی ئەنجومەنی نوێنەران‌و بەشێک لە عەرەبە سوننەکان پێدانی بارودۆخێکی تایبەتیان بە کەرکوک، بە دەستکەوتێکی گرنگ زانی بۆ خۆیان.

فەوزی ئەکرەم تەرزی ئەندامی تورکمان لە ڕەوتی سەدر ڕایگەیاند: تورکمانەکان توانیان تایبەتمەندی بە کەرکوک بدەن لە یاسای هەڵبژاردن‌و لە پێنج مادەی یاساکەدا ناوی کەرکوک بە بارودۆخێکی تایبەتەوە هاتووە، ئاماژەی بەوەشکرد: ئەو لیژنە تایبەتەی کە پێکدەهێنرێت لەلایەن کۆمسیۆنی باڵاو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران‌و نەتەوەیەکگرتووەکانی وەزارەتەکانی ناوخۆو پلاندانان‌و بازرگانی‌و ئامارەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان‌و پێداچوونەوە بە تۆماری پارێزگەکەدا».

لەلایەکی دیکەوە، ئوسامە نجێفی پەرلەمانتاری سوننەی لیستی عێراقییە، ڕایگەیاند: توانیمان بـارودۆخـێـکـی تایبەت بـدەیـن بـە کـەرکـوک‌و تۆمارەکانیمان بەوە پەیوەست کرد، کە لەلایەن لیژنەیەکەوە وردبینی بکرێت‌و لێکۆڵینەوە بکرێت لە زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووانی بە شێوەیەکی نایاسایی، کە لە دوای ساڵی (٢٠٠٤)ەوە ڕوویداوە، هاتنی ناوی کەرکوکیش پێنج جار لە یاساکەدا مانای ئەوەیە بارێکی تایبەتی پێدراوە».

پەسەندکردنی یاساکە دوای زیاتر لە مانگێک لە دانوستان‌و گفتوگۆو پێشکەشکردنی چەندین پێشنیاز هات لەلایەن لیستەکانی ناو پەرلەمان‌و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و باڵیۆزو قونسڵخانەی وڵاتان بەتایبەتی ئەمریکاو بەریتانیاو تورکیاوە هات، لە سەرەتادا (٧٥) پەرلەمانتار ئیمزایان کۆکردەوە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن لە کەرکوک‌و پێدانی بارێکی تایبەت‌و پێداچوونەوە بە تۆماری دانیشتووان‌و تۆماری دەنگدەرانیداو دواتریش پێشنیازەکەیان گۆڕی بۆ دابەشکردنی کەرکوک بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن‌و پاشان داوای دوو کورسی قەرەبوویان دەکرد بۆ عەرەب‌و تورکمان، هیچکام لە پێشنیازەکان سەرینەگرت، سەرئەنجام درەنگانێکی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە بە پێدانی بارودۆخێکی تایبەت بە کەرکوک‌و بە دەنگی (١٤١) پەرلەمانتار لە کۆی (١٩٦) ئامادەبوو، یاساکە پەسەندکرا.

سـەبـارەت بە پێدانی بـارودۆخـی تایبەت‌و ئـەژمـارکـردنـی وەک دەستکەوتی عـــەرەب‌و تورکمانەکان، د.مەحمود عوسمان ئەندامی لیستی هاوپەیمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەوان هیچیان دەستنەکەوتووەو یاساکە هیچی تازەی تێدانییە، وەکو پارێزگاکانی دیکە بەپێی تۆماری ساڵی (٢٠٠٩) هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت، بەڵام پێداچوونەوەو وردبینی بۆ دەکرێت، ئێمەش دژی وردبینی نین».

بە وتـەی د.مەحمود هاتنی نـاوی کەرکوک گرنگ نییە: «ناو هاتن گرنگ نییە، لە نـاوەڕۆک هیچیان دەستنەکەوتووە، سـەبـارەت بـەوەی کەرکوک بارودۆخێکی تایبەتی هەبێت، پێشتریش ئێمە ئیعترافمان بەوە کردووە، ساڵی ڕابردوو کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگەی کەرکوک دواخراو مادەی (٢٣) پەسەندکراو لیژنەیەکی بۆ پێکهێنرا، ئەوە داننان بوو بە بارودۆخی تایبەتی کەرکوکدا».

سەبارەت بە لیژنەکەش ئەندامەکەی لیستی هاوپەیمانی وتی: «ئەو لیژنەیە پەرلەمانی ئایندە پێکیدەهێنێت‌و باوەڕناکەم هیچیان دەستبکەوێت، هەرچەندە کۆمسیۆنی باڵاو نەتەوەیەکگرتووەکان‌و چەند وەزارەتێکی تێدایەو مـاوەی یەک ساڵیان پێدراوە، پێموایە؛ ناتوانن گرفتێکی وا بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکە دروستبکەن».

# هەڵبژاردنی عێراق بۆ ١/٢٣ دوادەخرێت

**شارا عەبدولڕەحمان**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ناتوانێت لە کاتی خۆیدا هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق ئەنجامبدات‌و داوا لە ئەنجومەنی نوێنەران دەکـات وادەی هەڵبژاردنەکە لە ١/١٦ەوە بۆ ٢٠١٠/١/٢٣ دوابخرێت.

پاش ئەنجامدانی (١٢) دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئێوارەی ڕۆژ (١١/٨) پڕۆژەیاسای هەڵبژاردنی عێراقی بە کۆی (١٤١)دەنگ پەسەندکرد، کە بەپێی یاساکە هەڵبژاردنەکان لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا، لەنێوانیشیاندا کەرکوک، لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجامدەدرێت، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی یاساکەوە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ناتوانێت لەوادەی خۆیدا هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق ئەنجامبدات.

سـەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەگەر پێش (٣) ڕۆژ پێش (١١/٨)، کە تێیدا یاساکە پەسەندکرا، ئەو کارە بکرایە، ئەوا دەمانتوانی لـەوادەی خۆیدا هەڵبژاردنەکە ئەنجامبدەین، بەڵام لە ئێستادا کە پەسەندکردنی یاساکە دواکەتووە، پێویستمان بە کاتی زیاترە بۆئەوەی ماوەکەمان بەشی ئەوەبکات کە هەموو ئەو ئەرکانەی لەبەردەستماندان بەبێ کەموکوڕیی جێبەجێبکەین».

بەپێی هەواڵێک کە سایتی ئیلاف بڵاویکردووەتەوە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، داوایەکی ڕەسمی داوەتە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەمەبەستی دواخستنی وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ١/١٦ەوە بۆ ٢٠١٠/١/٢٣.

بەپێی مادەی (٥) لە یاسای هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) سەرۆکایەتیی کۆمار بە مەرسومێکی کۆماریی وادەی هەڵبژاردن دیاریدەکات، کە پێش (٦٠) ڕۆژە لەوادەی خۆی، بەهۆی ئەوەی بەپێی دەستووری عێراقی تاکو کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٠) وادە هەیە کە هەڵبژاردنەکە دوابخرێت، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان داوا لە سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق دەکات کە (هەفتەیەک بۆ ١٠) ڕۆژ ماوەی بداتێ تا ئامادەکاریی باشتر بکات، حاکم سەردار وتی «ئەگەر سەرۆکایەتیی کۆمار ماوەیەکی وامان بداتێ بۆئەوەی ئەو پلان‌و خشتەی کارکردنەی کە دامانناوە جێبەجێی بکەین، ئـەوا دەتوانین هەڵبژاردنێکی پـاک‌و بێخەوش بەڕێوەبەرین».

دووجـــار مـــاوە بۆ هاوپەیمانێتیی قـەوارە سیاسییەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە دانرا کە دووەمیان لە(١١/٤)دا کۆتاییهات، بەڵام بەهۆی پەسەندنەکرنی یاسای هەڵبژاردن‌و نەزانینی شێوازی لیستەکان کە کراوەیە یان داخراو، هیچ هاوپەیمانێتییەک لەلایەن قەوارە سیاسییەکانەوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران تۆمار نەکرا.

سەبارەت بە دیاریکردنی ماوەیەکی دیکە بۆ هاوپەیمانێتیی قەوارەکان، ئەندامەکەی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان وتـی «نیاز وایـە، ماوەیەکی دیکە بۆ هاوپەیمانیی قەوارەکان دیاری بکرێت‌و لە هەمان ئەو ماوەیەی کە لیستی پاڵێوراوان پێشکەشدەکرێت، قەوارە سیاسییەکانیش بۆیان هەیە هاوپەیمانێتی پێشکەش بکەن بۆ تۆمارکردن».

# خوا کوردستان بپارێزێت


سیروان ڕشید

ژینگەی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستان جیاوازە لە دۆخی سیاسیی پێش (٢٥)ی تەمموز. ئێستا لە کوردستان بە فیعلی مۆدێلێکی نوێی سیاسیی هاتووەتەکایەوە کە چیتر پارتی‌و یەکێتی ناتوانن هەموو کایەکانی ژیانی سیاسیی هەرێم مۆنۆپۆل بکەن.

هەڵبژاردنی (٧/٢٥) وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا، بەوپێیەی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەی هێنایەکایەوە، چونکە ناتوانین بەهیچ دەسەڵاتێک بڵێین دیموکراسیی، ئەگەر بەربەرەکانێی سیاسیی تێدا نەبێت‌و ئۆپۆزسیۆنێکی بزێو چاودێریی کارەکانی حکومەت نەکات.

ئەو ئۆپۆزسیۆنەی ئێستا لەکوردستاندا هاتووەتەکایەوە، خاوەنی(٣٥)کورسیی پەرلەمان‌و (٦٣١)هەزار دەنگی جەماوەری کوردستانە، کە ڕێک یەک لەسەر سێی کۆی دەنگی دەنگدەرانی کوردستانە، لە بەرامبەر (١)ملیۆن‌و (٢٣٤)هەزار دەنگی کۆی ئەو لایەنە سیاسییانەی کە ئێستا کابینەی شەشەمی حکومەتیان پێکهێناوە.

هـەڵـبـژاردنـی (٢٥)ی تەمموز ململانێیەکی سەختی لەنێوان لایەنی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتدا خولقاندو گەیشتە حاڵەتی هەڵچوون‌و توندڕەویی لە گوتاری هــــەردوولادا، کە تائێستاش تارمایی ئەو دۆخـە بەسەر پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە دیارەو بە داخەوە لە ئێستاداو دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چوارمانگ بەسەر هەڵبژاردنە گشتییەکەی هـەرێـمـدا، هیچ جـۆرە پـەیـوەنـدی‌و لێکنزیکبوونەوەیەکی دڵخۆشکەر لەنێوان سێ هێزە سەرەکییەکەی کوردستان (پارتی‌و یەکێتی لەبەرامبەر گۆڕان)دا بەدی ناکرێت‌و دۆخە سیاسییەکە، بارگاوییە بە گرژیی و تەشەنوج.

بەوپێیەی تائێستا هەرێمی کوردستان خـاوەنـی قـەوارەیـەکـی دانپێدانراوی سەربەخۆ نییەو هەمووکات لەژێر چاوسوورکردنەوەی شۆڤێنیزمی عەرەبی عێراقی‌و داگیرکەرانی ناوچەکەدایە، پاراستنی ئەزموونە سیاسییە نیمچە دیموکراسییەکەی، ئەرکی هەموو لایەکە بە دەســەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەوەو نابێت دەسـەڵاتـی کـوردی ئەزموونی نیمچە دیموکراسیی هەرێم بـەرەو پاشەکشە ببات‌و پێویستە ئۆپۆزسیۆنیش بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم نەکاتە قوربانیی هەندێک لە ململانێی لابەلا.

ديموكراسییەت مانای جیاوازییە، ئەگەر دەسەڵات مامەڵەیەکی ئیجابی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بکات، بێگومان ئۆپۆزسیۆن یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی سەرکەوتن‌و دەوڵەمەندکردنی ئەزمونی هەرێمی کوردستان

لەدنیادا ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی لەسەر دوو هێڵ کاردەکات، یەکێکیان چاودێریکردنی وردو ڕەخنەگرتنە لە ئەدای دەسەڵات‌و حکومەت، ئەوی دیکەشیان پێشکەشکردنی پـرۆژەو بەدیلە لەبەرامبەر دەسەڵاتدا.

لە کاری سیاسیدا ناکۆکییەکانیش خاڵی هاوبەشیان تێدایە، ئەمێستاش پێویستە ئەم دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنەی هەرێمی کوردستان، دەرگای گفتوگۆو زمانی هاوبەش بدۆزنەوەو بە چاوی دوژمن سەیری یەکتر نەکەن، بەڵکو بەچاوی نەیاری سیاسی لەیەکتر بڕوانن‌و ململانێ بکەن.

پێویستە ئۆپۆزسیۆن ڕەخنەی واقیعی بگرێت‌و دووربکەوێتەوە لەلێدوانی ڕوشێنەر لە میدیاکانداو دەسەڵاتیش بەسنگفراوانییەوە سەیری ڕەخنەکانی ئۆپۆزسیۆن بکات‌و دووربکەوێتەوە لە پەرچەکرداری توندوتیژ، کە بەداخەوە هەندێکجار هەست بەوە دەکرێت، کە زمانی میدیای دەسەڵات، گوتارێکی شەڕەنگێزانەیەو لە دیمەنی ڕۆژانی شەڕی ناوخۆ دەچێت.

لە ڕاستیدا دوو ڕێگە لەبەردەم لایەنی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتدا یە: یەکێکیان بردنی دۆخەکەیە بە ئاقارێکی توندوتیژو بارگرژیی ناسەقامگیردا، ئەوی دیکەشیان ملدانی هەردوولایە بۆ دۆزینەوەی زمانی هاوبەش‌و گفتوگۆو پێکەوە هەڵکردن.

بەوپێیەی ئۆپۆزسیۆن دیاردەیەکی تازەیە، پێدەچێت لایەنی دەسـەڵات کار لەسەر تێکشکاندنی ئەوەبکات، کە بە خراپ مەسەلەی ئۆپۆزسیۆنبوون لەناو هاوڵاتییاندا تیۆریزە بکات بـەوەی، کە لایەنی ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت فاکتەرێک بێت بۆ گۆڕانکاریی.

دیموکراسییەت مانای جیاوازییە، ئەگەر دەسەڵات مامەڵەیەکی ئیجابی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بکات، بێگومان ئۆپۆزسیۆن یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی سەرکەوتن‌و دەوڵەمەندکردنی ئەزمونی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە بەرپرسیارێتییەکی سیاسیی‌و مێژوویی لە ئەستۆی دەســەڵاتو ئۆپۆزسیۆندایەو نابێت بەرژەوەندیی باڵای هەرێم لە گەشەسەندنی دیموکراسییەت‌و نەهێشتنی گەندەڵی‌و پاراستنی هێڵی سوور لە مەسەلە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکاندا بکرێتە قوربانیی بەرژوەندییە لاوەکییەکان‌و لەو نێوەندەشدا دەبێت بڵێین: خودا کوردستان بپارێزێت.

# هاوپەیمانێتی پارتیو یەکێتی لە لێواری هەڵوەشانەوەدا

سیروان ڕەشید

**سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی: پەیڕەوکردنی لیستی کراوە، گرفت بۆ هاوپەیمانی دروستدەکاتو لە هەمانکاتیشدا دەبێتە هۆی بێ متمانەیی لەنێوان لایەنە هاوپەیمانەکاندا**


فازڵ میرانی

**جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان: بەپێی ئەم سیستمە تازەیە، گرفت دروستدەبێت لەنێوان پارتیو یەکێتیدا، چونکە حیزبەکان سەرەڕای بانگەشەکردن بۆ لیستەکە، بانگەشە بۆ نوێنەرە حیزبییەکانی خۆشیان دەکەن ئەوەش وادەکات کە بە یەکسانی نوێنەرەکانیان دەرناچێتو هاوکێشە سیاسییەکە دەگۆڕێت**


سەعدی بەرزنجی

گۆڕانی سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی لە لیستی داخـراوەوە بۆ کراوە. هاوپەیمانێتی بۆ یەکلیستیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لاوازدەکات.

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی هەمواركرد، کە بە نیسبەت کوردەوە گۆڕانی جەوهەریی لەو یاسایەدا مەسەلەی گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردنە لە لیستی داخراوەوە بۆ لیستی کراوە.

د.سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عـێـراق لـەبـارەی ئـەو گۆڕانكارییە لە یاساکەداو چارەنووسی هاوسەنگی هێز لە لیستی هاوبەشی یەکێتیو پارتی بە ڕۆژنامەی وت: «بەپێی ئەم سیستمە تازەیە گرفت دروستدەبێت لە نێوان پارتیو یەکێتیدا، چونکە کە لیستەکە کراوەیە حیزبەکان سـەرەڕای بانگەشەکردن بۆ لیستەکە، بانگەشە بۆ نوێنەرە حیزبییەکانی خۆشیان دەکەن لەناو لیستەکەدا، ئەوەش ناهاوسەنگی دەخاتەوە، کە بە یەکسانی نوێنەرەکانیان دەرناچێتو هاوکێشە سیاسییەکە دەگۆڕێت».

بەرزنجی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ کە ئەو گۆڕانكارییە تەنیا لیستی کوردستانی ناگرێتەوەو هەموو لیستو هاوپەیمانییە سیاسییەکانی دیکەی عێراق بە جۆرێک لە جۆرەکان تووشی ئەو تەنگژەیە دەبنو ئاسایشە، ئەگەر لایەنە کوردستانییەکان بە جیا دابەزن گرنگ ئەوەیە دوای هەڵبژاردن لە ژێر چەترێکی کوردستانی کۆببنەوە.

سیستمی لیستی کراوەو فرە بازنەیی بە باشترینو گونجاوترین میکانیزم بۆ هاوڵاتییانی کـوردسـتـانو عێراق لەقەڵەمدەدرێت، کە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن، جگە لەوەی بەپێی ئەم سیستمە هەر (١٨) پارێزگاکەی عێراق بازنەیەکی ئیداریی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان دەبێت.

ئەزموونی سێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم دەریخست، کە لیستی کراوە زیاتر دیموکراتییەو جێگەی بایەخی دەنگدەرە، نەک لیستی داخـراو، کە لەوێدا دەنگدەر دەنگ بە حیزب دەدات نەک بە تاک، بەڵام لە لیستی نیمچە کراوەدا دەنگدەر دوو بژارەی لە بەردەمدا دەبێت، کە دەتوانێت دەنگ بە لیستەکەو لەناو لیستەکەشدا دەنگ بەو کەسە دەدات، کە بە شایستەی نوێنەرایەتی خەڵکی دەزانێت.

هاوکاتیش بەپێی لێدوانی بەرپرسانی یەکێتیو پارتی، لیستی کراوە ئەوە لەسەر پارتیو یەکێتی فەرز دەکات بەجیا بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا بکەن.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لێدوانێکدا کە لە ژمـارەی پێشووی ڕۆژنـامـەدا بـڵاوکـرایـەوە، وتـی: ئەگەر هەڵبژاردن بە شێوەی لیستی داخراوبێت، ئەوا هاوپەیمانێتی یەکێتیو پارتی درێژەی پێدەدرێت، ئەگەریش بە لیستی کراوە بێت، هیچ نرخو گرنگییەک بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە نامێنێت».

هاوکات سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتیش هـاوڕا لەگەڵ بۆچوونی ئەندام مەکتەب سیاسییەکەی یەکێتی پێیوایە: لیستی داخراو یەکلیستیی فەرز دەکات، بەڵام لیستی کراوە ڕێگەیەک بۆ هاوپەیمانێتی ناهێڵێت.

جـەعـفـەر ئیبراهیم، کـە ئەندامی کۆمیتەی نـاوەنـدی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لیستی کـراوە، جگە لـەوەی لـەڕووی تەکنیکییەوە هاوپەیمانێتییەکی فراوان، ئاسان نییە، هاوکاتیش لەو باوەڕەدانیم ئەندامی حیزبەکانیش پەیوەستبن بەو هاوپەیمانێتییەوە.

هاوکات فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماوەیەک بەر لە ئێستا لە پرۆگرامێکی کەناڵی ئاسمانی (کوردستان تی ڤیدا) ئاماژەی بەوە کرد: پەیڕەوکردنی لیستی کراوە گرفت بۆ هاوپەیمانی دروستدەکاتو لە هەمانکاتیشدا دەبێتە هۆی بێمتمانەیی لە نێوان لایەنە هاوپەیمانەکاندا، فازڵ میرانی وتی: «ئەو بێ بڕواییە پەیوەندیی بە زاڵبوونی گیانی حیزبایەتی، یان ئینتیمای قەوارە سیاسییەکانەوە هەیە، بۆ نموونە برایانی پارتی دەنگ بە نوێنەری خۆیان دەدەنو برایانی یەکێتیش دەنگ بە نوێنەری خۆیان دەدەن، لەم کاتەدا دەرئەنجامەکان بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ڕوحیەتی هاوپەیمانییەتەکەدا ناگونجێت».

هەربۆیە بە بڕوای سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ئایندەدا جـۆرە بێ بڕواییەک لە نێوان هـەردوو لایەنەکەدا پەیدا دەبێت.

دوای هەڵبژاردنە گشتییەکەی (٢٥)ی تەمموزی کوردستان بارودۆخی سیاسیی هەرێم کاریگەریی لەسەر ڕێکەوتنە ستراتیژییەکەی نێوان یەکێتیو پارتی جێهێشتووەو بەڕای چاودێران پێناچێت ئەو ڕێکەوتنە ستراتیژییەی، کە لە ٢٧ی تەمموزی (٢٠٠٧) لە نێوان تاڵەبانیو بارزانی ئیمزای لەسەر کرا، وەک خۆی بمێنێتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوایە؛ هاوسەنگیی هێز لەنێوان خۆیو یەکێتیدا لاسەنگ بووە، بەوپێیەی هێزێکی سیاسیی کاریگەر بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دروستبووە.

گۆڕینی سیستمی هـەڵـبـژاردن لە داخراوەوە بۆ نیمچە کراوە بە فیعلی گرفت بۆ هاوپەیمانییە سیاسییەکان دروستدەکات، هەروەک لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا لە (٢٠٠٩/١/٣١) لە پارێزگەی دیالە بە ئاشکرا لە نێوانی یەکێتیو پارتیدا دەرکـەوت، هەرچەندە لەو هەڵبژاردنەدا سیستمی لیستی نیمچە کراوە پەیڕەو کرا، بەڵام کێشەیەکی گەورە لە نێوان یەکێتیو پارتیدا دروستبوو، کە بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی دیالە بەشداریی هەڵبژاردنەکەیان کردبوو، لیستەکەی یەکێتیو پارتی، کە چەند لایەنێکی دیکەشیان لەگەڵدابوو، لە دوای ئاشکراکردنی ئەنجامەکان ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە بوونەوە، چونکە بەپێی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان، یەکەم کاندیدی لیستەکە، کە سەر بە یەکێتی بوو (٨) هەزار دەنگی هێنا، کە سەرۆکی لیستەکەش بوو لە هەمانکاتدا، بەڵام کاندیدی دووەم، کە سەر بە پارتی بوو (٩) هەزار دەنگی هێنا، بەپێی ڕێکەوتنەکەی نێوان یەکێتیو پارتی دەبوایە کاندیدی یەکەم، کە سەر بە یەکێتی بوو پۆستی باڵای نێو ئەنجومەنی پارێزگەی دیالەی بەرکەوتایە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاندیدەکەی پارتی دەنگی زۆرتری هێنابوو بە پێچەوانەی ڕێکەوتنەکەوە داوای پۆستی باڵای دەکرد.

ئەمە لە کاتێکدایە، کە کێشەکەی یەکێتیو پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگەی دیالە لە جوگرافیایەکی تاڕادەیەک بچووکدابوو، بەرژەوەندییەکانیش بچووکتر بوون، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، کە هەموو عێراق دەگرێتەوەو دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش هاوکێشەی هێز دیاریدەکات.

# لە ترسی لێکۆڵینەوە، نەزاهە نەدرایە گۆڕان

شارا عەبدولڕەحمان

فراکسیۆنی گۆڕان بایکۆتی وەرگرتنی سـەرۆکو جـێـگـری سـەرۆکـی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کرد، ئەمەش دوای ئەوەهات کە سەرۆکایەتی لیژنەی نەزاهە نەدرا بەو فراکسیۆنە، هاوکات ئاماژە بەوەش دەکەن؛ کە پێنەدانی سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە بە فراکسیۆنی گۆڕان گومان لەسەر سەربەخۆیی دەسەڵاتی پەرلەمان دروستدەکات.

هەر لە دانیشتنەکانی سەرەتای خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا فراکسیۆنی گۆڕان پێشنیازی کرد، کە سەرۆکایەتی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بەپێی پرەنسیپی (نسبەو تەناسب) بێتو سەرۆکایەتی چوار لیژنە بە فراکسیۆنی گـۆڕان بدرێت لە نێویاندا لیژنەی نەزاهە هەبێت، هەر ئەو کاتەش سەرۆکایەتی فراکسیۆنی کوردستانی پێشنیازەکەیانی پەسەندکرد، بەڵام تەنیا دوو کاتژمێر پێش دانیشتنی ڕۆژی (١١/٨)ی پەرلەمان، کە تایبەت بوو بەو مەسەلەیە، فراکسیۆنی کوردستانی لە بەڵێنەکەی پەشیمان بـووەوەو ئامادەنەبوو بە هیچ جۆرێک سەرۆکایەتی لیژنەی نەزاهە بداتە فراکسیۆنی گۆڕان.

بەو هۆیەشەوە دوێنێ فراکسیۆنی گۆڕان لە ڕاگەیەنراوێکیاندا هەڵوێستی خۆیان لەو بارەیەوە بۆ ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان ڕوونکردەوە، کە تیایدا هاتووە: «ڕێگەنادەین ئیرادەی پەرلەمان ڕەنگدانەوەی ئیرادەی دەسەڵاتی تەنفیزیی، یان فراکسیۆنێکی دیاریکراوبێت، هەر بۆ ئەو مەبەستەش داوامانکرد، کە سەرۆکایەتی لیژنەی نەزاهە بدرێت بە بەرەی ئۆپۆزسیۆن، تا هیچ گومانێک لەسەر سەربەخۆیی دەسەڵاتی پەرلەمان نەمێنێتەوەو ئەو لۆجیکە بسەلمێنین، کە شیاو نییە فراکسیۆنێک لە یەک کاتدا خۆی حکومەت پێکبێنێتو هەر خۆیشی سەرۆکایەتی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان بکات، واتە لە یەک کاتدا چاودێریکەرو چاودێریکراویش بێت».

عەدنان عوسمان ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوابوو؛ کە پێنەدانی سەرۆکایەتی لیژنەی نەزاهە بە فراکسیۆنی گـۆڕان، نیەتی بەشێک لە فراکسیۆنی کوردستانی دەردەخات بەرامبەر بە ئەرکی پەرلەمان وەکو دەسەڵاتێکی چاودێر بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، وتیشی: «ئەمە گومانی ئەوەی لا دروستکردووین، کە ئەرکی پەرلەمانتار، کە پاشکۆیەکی گوێڕایەڵی دەسەڵاتە بە فەرمانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن سەرۆکایەتی لیژنەی نەزاهەی لە فراکسیۆنی گـۆڕان سەندەوە، چونکە دەسەڵاتدارانی هەرێم ترسێکی گـەورەیـان لێنیشتبوو سەبارەت بەپێدانی سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە بە فراکسیۆنی گـۆڕان، بەو هۆیەشەوە لە دوایەمین ساتدا پەشیمانبوونەوە لەو بەڵێنەی پێیان دابووین».

بـە بـڕوای ئـەو ئـەنـدام پەرلەمانە، دەسـەڵاتـی کـوردی ترسی لـەوە هەبوو، کە ئەگەر سەرۆکایەتی لیژنەی نەزاهە بدرایە بە فراکسیۆنی گۆڕان، ئەوا بە دوای کەموکوڕییەکاندا دەگەڕێتو گەندەڵییەکان ئاشکرا دەکـات، ڕاشیگەیاند: بە فیعلی دەسـەڵات ترساوە لە ئـەدای فراکسیۆنی گۆڕان لە بەدواداچوونی کارەکانی حکومەتو دژایەتیکردنی گەندەڵیی، ئەوان دەیانەوێت وەک جاران کارەکانیان بە ناشەفافانەو لەژێر پەردەوە بڕواتو کەس چاودێریی نەکات، بەو هۆیەوە سەرۆکی لیژنەی نەزاهەیان پێنەداین».

لە کۆبوونەوەیەکیاندا کەدوێنێ ئەنجامیاندا فراکسیۆنی کوردستانی خۆیان لەناو خۆیاندا سەرۆکایەتی لیژنەکانیان دابەشکردو فراکسیۆنی گۆڕان لە وەرگرتنی سەرۆکو جێگری سەرۆکی لیژنەکاندا بەشداریی نەکردو تەنیا ئەندامیان دەبێت لەناو لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەماندا.

هەر لە بەیاننامەکەشیاندا فراکسیۆنی گـۆڕان ئەوەیان دووپاتکردووەتەوە، کە بڕیاریانداوە پۆستەکانی سەرۆکایەتی هەموو ئەو لیژنانە ڕەت بکەنەوە، کە پێشوەختو پێش ئیرادەی ئۆپۆزسیۆن بڕیاری لەسەر دراوە، هـەروەک ئـامـاژە بەوەشدەکەن دەسەڵات ئۆپۆزسیۆنێکیان دەوێت، کە وەک خۆیان کـاتو وادەو چوارچێوەی کارو جوڵەی هەڵبژێرن، بەڵام فراکسیۆنی گۆڕان ئۆپۆزسیۆنێک دەخولقێنێت، کە خەڵکی کوردستان متمانەی پێبەخشیوەو خەڵکی کوردستان بڕیاری لەسەر داوە.

لەلایەکی دیکەوە کاروان ساڵح ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گـۆڕان ئاماژەی بـەوەکـرد، کە پێنەدانی سەرۆکایەتی لیژنەی نەزاهە بە فراکسیۆنی گۆڕان تێنەگەیشتنی پەیامی ئەو فراکسیۆنەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە، وتیشی: «دەسەڵاتی هەرێم دەیەوێت بەو شێوەیە درێـژە بە کەموکوڕییو گەندەڵییەکانی خۆی بداتو بەپێنەدانی لیژنەی نەزاهە بەئۆپۆزسیۆن ئەو گەندەڵیانە بشارێتەوە».

بەڵام کاروان ساڵح تەئکیدی کردەوە کە بەو شێوەیە لیستی دەسەڵات خۆی خستووەتە ژێر بەرپرسیارێتییەکی گـەورەوە، چونکە بەو شێوەیە ناتوانن ڕێگە لەچالاکیەکانی ئۆپۆزسیۆن بگرن لەبەدواداچوونی گەندەڵی، وتیشی: «فراکسیۆنی گۆڕان چەندین ڕێگەی تر دەگرێتە بەر بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵیو کەموکورتییەکان».



پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان لەکاتی هاتنە دەرەوەدا
فۆتۆ: ڕۆژنامە

# ـــكی تازەی سیاســیی دابهێنین

لە ئەوروپا هەر لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە هەزاران کەس لە ڕەوەندی کوردی لە ئەوروپا بەبێ ئەوەی هیچ ئامۆژگارییەک لە ئێمە وەربگرن فەرمانێک لە ئێمە وەربگرن، خۆیان هەستیان بە پێویستیی قۆناغەکە هەستیان بە پێویستی خۆڕێکخستن کرد، لەبەر ئەوە بە سەدان گروپ و کۆمیتەو تاقمی جۆراوجۆر بەناوی پشتیوانیکردنی لیستی گۆڕانەوە دروستیان کردو خۆیان ڕێکخست، کۆبوونەوە، پارەیان کۆکردەوە پیتاکیان کۆکردەوە، پشتیوانیان کرد لەم جووڵانەوەیە، ئەمە خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی تازەیە لە جووڵانەوەی کورددا

لەسەر هەریەک لەوانە دەتوانیت ناوچەکان ڕێکبخەیت ئەوروپا تایبەتمەندی خۆی هـەیـە، جالیەی کـوردی لـە ئـەوروپـا ڕەوەندی کوردی لە ئەوروپا ڕەوەندێکی گەورەیەو ڕەوەندێکی جۆراوجۆرە لەبەر ئەوە ئێمە ڕێزی تایبەتمەندێتی ئەوروپا دەگرین ئەو جـۆرە ڕێکخستنەی کە لە کوردستاندا بەدەستمانەوەیە لە ئەوروپا جۆرێکی دیکە دەبێت لە ئەوروپا بێگومان دەستپێشخەرییەکە لەوانەوە هاتووەتە پێشەوە داهێنانێکی تازەیان کردووە، کە نیشانەی هوشیاریی سیاسییەکی قووڵە بە نیسبەت ڕەوەندی کوردییەوە لە ئەوروپا هـەر لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە هەزاران کەس لە ڕەوەندی کـوردی لە ئـەوروپـا بەبێ ئـەوەی هیچ ئامۆژگارییەک لە ئێمە وەربگرن فەرمانێک لە ئێمە وەربگرن دەستوورێک لە ئێمە وەربگرن داوایـەک لە ئێمە وەربگرن، خۆیان هەستیان بە پێویستیی قۆناغەکە هەستیان بە پێویستی خۆڕێکخستن کرد، لەبەر ئەوە بە سەدان گروپو کۆمیتەو تاقمی جۆراوجۆر بەناوی پشتیوانیکردنی لیستی گـۆڕانـەوە دروسـت کرد خۆیان ڕێکخست، کۆبوونەوە، پارەیان کۆکردەوە پیتاکیان کۆکردەوە، پشتیوانییان کرد لەم جولآنەوەیە، ئەمە خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی تازەیە لە جولآنەوەی کورددا، کە هەزاران کەس بەبێ ئەوەی لە لایەکەوە هانبدرێن، یـان داوایـــان لێبکرێت خۆیان خۆیان ڕێکبخەن، ئێمە لە ئەوروپا ڕەوەندی کوردی تیایدایە سەر بە دینێکی جیاوازە تیایدایە سەر بە مەزهەبێکی جیاوازە، تیایدایە سەر بە ناوچەیەکی جیاوازە، تیایەتی سەر بە توێژێکی کۆمەڵایەتی جیاوازە ئێمە حورمەتی هەموو ئەم جیاوازیانە دەگرین مەسەلەن ئەگەر ئێزدییەکان بۆ خۆیان گروپێکیان ڕێکخستو شیعە بۆ خۆیان گروپێکیان ڕێکخستو فەیلییەکان بۆ خۆیان گروپێکیان ڕێکخستو کاکەییەکان بۆ خۆیان گروپێکیان ڕێکخست، تەنانەت ئەگەر هەولێرییەکان یاخود زاخۆییەکان یا سلێمانییەکان لەسەر ئەساسی ناوچە خۆیان ڕێکخست گرنگترین شت ئەوەیە، کە ئێمە هەوڵبدەین چوارچێوەی ئەو ئامانجە هاوبەشانەی کە ئێستا لە کوردستانی عێراقو ڕەوەندی کوردی لە دەرەوە ئیشی بۆ دەکات هەوڵبدەین چوارچێوەیەک بۆ ئەوە بکێشینو لەناو ئەو چوارچێوەیەدا هـەمـوو بـۆ ئـەوە کـار بکەین ئێمە لە کوردستانی عێراق بەدەستمانەوەیە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەستەیەک ڕادەسپێرین، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ هەموو ئەو گروپانەی دەرەوە بکاتو سەرەڕای جیاوازی بیروبۆچوونیانو سـەرەڕای جیاوازی شێوەی ڕێکخستنەکانی کە خۆیان بە چاکی دەزانـن بە نیسبەت وڵاتەکانی خۆیانەوە لەگەڵ هەموویاندا پەیوەندیی دەکەینو هەوڵدەدەین جۆرێک لە تەنسیقو هەماهەنگی لە بەینی هەموو ئەو گروپانەدا دروستبکەین بۆ ئەوەی لە پێناوی ئامانجی هاوبەشدا بتوانین کاری هاوبەش بکەین، شەرت نییە ئێمە ڕێکخستنی یەکگرتوومان هەبێت، یان یەک ڕێکخستنمان هەبێت، یان یەک مەرکەزی ڕێکخراوەییمان هەبێت.

*** وەکو باسی دەکەین بەمشێوەی بزووتنەوەکەتان ڕێکخستووەتەوەو فراکسیۆنێکی پەرلەمانیتان هەیە وەکو ئەمرێکی واقیع وەکو هێزێک لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا سروشتی مامەڵەی هێزە سیاسییەکان وەکو لە دیدارەکانی ڕابردووشدا باستکردووە جۆرێک لە دژایەتی پێوە دیارە ئەم دژایەتیکردنە تا کوێ بڕەدەکاتو تا چەند قبووڵی دەکەن؟**

* ئێمە ئومێدمان وایە کە لایەنەکانی دیکەیش بەتایبەت یەکێتیو پارتی بە چاوی دوژمن تەماشای ئێمە نەکەن، ئێمە خەڵکی یەک وڵاتینو خەڵکی کوردستانی عێراقینو هەموومان چارەنووسمان بە یەکەوە بەستراوەو ژیانمان بەیەکەوە بەستراوە خۆشیو ناخۆشیمان بەیەکەوە بەستراوە، ئێمە بە چـاوی دوژمـن تەماشای هیچ لایەنێکی کوردستانی ناکەین هەر لەسەر ئەم بنچینەیەشە ئێمە پێمان خۆشە دەرگای گفتوگۆ، دەرگای وتووێژ، دانووستاندن پێکەوە کارکردن، دەرگـای دۆزینەوەی زمانی هاوبەش بۆ کـاری هاوبەش، بۆ ئامانجی هاوبەش لەگەڵ یەکێتیو پارتیش بکەینەوە.

*** سەبارەت بە سەرچاوەی داراییتان وەک هاوڕێیەک پرسیویەتی دەتوانن، کە هەڵبژاردنەکانی کە لەبەردەمتاندایە بۆ پەرلەمانی عێراقی تەمویل بکەن سەبارەت بە سەرچاوەی دارایی ئێوە چی دەڵێن؟**

– ئەمە دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان ئێمە لە پەرلەمانی کوردستاندا (٢٥) کورسیمان هەیەو یەکێتیو پارتی بە هەردووکیان (٥٩) کورسیان هەیە، ئەگەر (٥٩)کـەی ئەوان دابەش بکەین یەکێکیان (٢٩)ی بەردەکەوێتو یەکێکیشیان (٣٠) بەردەکەوێت لە هەردوو حاڵەتەکەدا یەکێکیان (٥) کورسیی لە ئێمە زیاترەو یەکێکیشیان (٤) کورسیی، ئەم دوو حیزبە هەریەکەی نزیکەی (٣٠) ملیۆن یان زیاتر مانگانە لە بودجەی هەرێمی کوردستان وەردەگـرن بۆ مەسرەفی حیزبەکانی خۆیان، ئێمە پڕۆژەیەکمان

ئێمە بە چاوی دوژمن تەماشای هیچ لایەنێکی کوردستانی ناکەین هەر لەسەر ئەم بنچینەیەشە ئێمە پێمان خۆشە دەرگای گفتوگۆ، دەرگای وتووێژ، دانووستاندن، پێکەوە کارکردن، دەرگای دۆزینەوەی زمانی هاوبەش بۆ کاری هاوبەش، بۆ ئامانجی هاوبەش لەگەڵ یەکێتیو پارتیش بکەینەوە

تەقدیمی پەرلەمان کردووە بۆ ڕێکخستنی یارمەتی دارایی هەموو حیزبە سیاسییەکانو قـەوارە سیاسییەکان، ئێمە ئومێدمان وایـە ئەمە لە چەند هەفتەی داهاتوودا جێبەجێبکرێت ئەوساکە یەکێتیو پارتیو هەموو حیزبەکانی دیکەی کوردستان بە گوێرەی ئەو قانوونەی کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچێت یارمەتی دارایی بدرێن ئێمەش بە قەدەر قەوارەی خۆمان وەکو قەوارەیەکی سیاسیی کەڵک وەربگرین لـە بـودجـەی هەرێمی کـوردسـتـان بۆ ئەوەی بتوانین تەمویلی جووڵانەوەکەمان بکەینو مەسرەفی جووڵانەوەکەمان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بکێشرێت، بـەڵام تائێستا ئێمە بـۆ خۆشبەختی لەناو میللەتەکەماندا ژمارەیەکی زۆر سەرمایەدارو خێرۆمەندو خەڵکی هۆشیاری تێدایە، کە قازانجیان لەوەدایە گۆڕان لە کوردستانی عێراقدا ببێت بەتایبەتی بازاڕی ئازاد لە کوردستاندا بخوڵقێت بازاڕی ئازاد بەو مانایەی، کە دەستێوەردانی حیزبو حیزبایەتیو مەسئولەکانی حیزبی تێدا نەمێنێت، بەڵێ ئەوانە بە هەموو توانایانەوە پشتیوانی مالیی ئێمەیان کردووەو تەمویلی جووڵانەوەکەی ئێمەیان کردووە، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە هاوبەشەی کە لە بەینی ئێمەو ئەواندا هەیە، کە ئەویش ئازادکردنی بازاڕو زانکۆو دادگایە لە دەسەڵاتی حیزب، بەڵێ ئەوانە یارمەتیمان دەدەن.

*** ئاسۆی ئایندەی سەرچاوەی دارایی ئێوە تەنیا ئەو پڕۆژەیاسایەیە بۆ پەرلەمان؟**

– ئێمە ئومێدمان وایە ئەوە بێت بەڵێ.

*** ئەگەر نەیانکرد، یاخود دەسەڵات بەشداریی پێ نەکردن، یاخود بودجەی نەدانێ چی دەکەن؟**

– با ئێمە خۆشبین بین لە پێشدا ئومێدمان وابێت کە دەبێت.

*** ئەگەر کردیانو بودجەیان پێ نەدان؟**

– زۆر شت هەیە ئێمە بیکەین، بەڵام لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین.

*** چی دەکەن؟**

– زۆر شت هەیە ئێمەش بیکەین وەکو باسمکرد با چاوەڕێ بکەین، با خۆشبین بینو ئومێدمان هەبێت بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێگەیە دەگرن.

*** یەکێک لەو پرسیارانەی کە چەند هاوڵاتییەک بۆی ناردووین باس لەوە دەکات، کە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان نەهاتایەتە ساحەکە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی هەبوو ڕەنگە وەک خۆی بمابایە، یاخود بەو شێوەیە خراپ نەبوایە بەتایبەت سەبارەت بە مەسەلەی تەدەخولاتی حیزب لە هەموو کونو قوژبنێکی ژیانو مەسەلەی هاتنەپێشەوەی تەزکییە، یەعنی بە کورتی پرسیارەکە ئەوەیە کە لەگەڵ هاتنەوەی گۆڕان جارێکی دیکە بە حیزبیبوونەوەی کۆمەڵگە جۆرێک لە تۆخبوونەوە تۆخبووەتەوە ڕای بەڕێزتان؟**

– ئێمە پێش ئەوەی دەستبکەین بەم جووڵانەوەیە حیزب تەدەخولی کردبوو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا تەزکییەی حیزبیو دامەزراندنی خەڵک لەسەر بنچینەی حیزبی ببوو بە نەریتێک لە کوردستانی عێراقدا، ئەسڵەن یەکێک لە هۆکاری دروستبوونی ئەم جـووڵانــەوەی ئێمە جیاکردنەوەی حیزب بوو لە حکومەت، هەر بۆیە خەڵکیش لێمان کۆبووەوە ئەو بۆچوونەی کە ئەو برایە باسی کردووە یاخود ئەوەی ئێمە بووەتە هۆی ئەوەی کە پەراوێزی ئازادی کەمکردووەتەوەو تەدەخولی حیزبیو تەزکییەی زیادکردووە لە کۆنەوە ئەو دوو بۆچوونە لە جووڵانەوەی کورددا هەبووە لە زۆر کۆنەوە لە زەمانی شێخ مەحمودەوە لە زەمانی بارزانییەوە لە زەمانی شۆڕشی نوێو لە زەمانی یەکێتیو پارتیشدا لەناو خەڵکدا ئەم دوو جۆرە بۆچوونە هەبووە، بۆچوونێکیان ئەوە بووە، کە هەموومان بێدەنگ بینو لەگەڵ حکومەتدا بین، ئەگینا تووشی زەرەر دەبینو فیعلەن بەهۆی شۆڕشو ئەمانەشەوە زۆرجار تووشی ئەوە بووین، خەڵک کوژراوەو دێهات وێران بووەو مزگەوت ڕووخاوەو جادەو ڕێگەوبان ڕووخـاوە یەعنی ئێمە بۆ ئـەوەی خەڵک تووشی زەرەرو زیان نەبێت نابێت خەبات بکەین، ئەمە شتێکی موئەقەتە ئێمە پێمانوایە؛ ئەمە شتێکی کاتییە ئەو پرسیارەی کە ئەو برادەرە کردوویەتی لەسەر تەزکییەی حیزب ڕاست دەکات، سزادان زیادی کردووە نەقڵ زیادی کردووە دەرکردن زیادی کردووە تەنانەت ڕێگەنەدان بۆ ئەوەی ئێمە مەقەڕات بکەینەوەو بارەگامان هەبێتو بنکەمان هەبێتو نووسینگەمان هەبێت هەموو ئەمانە دەچێتە خانەی ئەوەوە، کە پەراوێزی ئازادی خەریکە وردە وردە کەم دەکەنەوە بە ئومێدی ئـەوەی، کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا تۆڵەی هەڵبژاردنی ڕابردوومان لێبکەنەوەو ئەو کورسیانەی ئێمە هێناومانە لێمان بسەننەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە تەسلیم بینو سەردابنەوێنین.

*** سروشتی کردنەوەی بارەگا لای ئێوە چۆنە، ئێستا یەکێتیو پارتی یاخود بەشێکی زۆر لە حیزبەکان لە هەموو گەڕەکو شوێنێکدا بارەگایان هەیە ستراتیژی ئێوە لە کردنەوەی بارەگا چۆنەو بە چ ئالییەتێکە؟**

– بێگومان حیزب دەبێت بارەگای هەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی مـەفـروزە بارەگایان هەبێت، بـەڵام لە ڕاستیدا کردنەوەی بارەگا بەو شێوەیەی، کە لە ئێستادا هەیە لە هەولێرو دهۆکو سلێمانی دیمەنێکی زۆر ناشارستانییەو ناشرینە بەتایبەتی لە کۆڵانەکاندا بەو ژمـارە زۆرەوە، کە ئێستا هەیە ئێمە بـارەگـاش بکەینەوە ڕەنـگـە لـە شـارە گەورەکاندا بارەگای سەرەکیی بکەینەوە نووسینگەیەکی سەرەکی دەکەینەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشو کارەکانی خۆمانو تاکو ئێستا ئێمە لەڕووی قانوونییەوە بەپێی ئەو قانوونو تەعلیماتانەی، کە لە بەغدا ئیشی پێ دەکرێت هەقی ئەوەمان هەیە، کە بارەگا بکەینەوە، کە تائێستا بارەگامان نـەکـردووەتـەوە لە ڕاستیدا لە دوای هەڵبژاردنی ڕابردوو وەزارەتـی داخلیو وەزارەتـی ناوخۆ داوایان لێ کردین، کە بارەگاکان دابخەین لە ئەو گفتوگۆیانەی، کە هاوکارەکانی ئێمە کردوویانە ئەوانە باسی ئەوە دەکەن، کە ئەمان قانوونی تایبەتی خۆیان هەیە، کە پەیڕەوی دەکـەنو ئەم کارەی پێ دەکەن پەیڕەوی ئەو قانوونانە ناکەن، کە لە بەغدایە ئەمەش دیسان دەمانباتەوە بۆ ئەوەی، کە جارێک باسی ئیزدواجییەتی مەعایرمان کرد کاتێک کە لە بەغدا قانوونو قەرارو نیزام دەردەچێت بـۆ زیـادکـردنـی مـەعـاشو مـووچـەی وەزیرو ئەندامی پەرلەمان ئەمانە دەڵێن ئێمە عێراقین، یەکسەر جێبەجێی دەکەن کاتێک قەرارو قانوونێک دەردەچێت، کە لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە دەڵێن ئێمە کوردستانینو قانوونی بەغدا جێبەجێ ناکەین، ئەگینا بە گوێرەی پەسەندکردنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، لە بەغدا گۆڕان وەکو قەوارەیەکی سیاسیی هەقی ئـەوەی هەیە، کە لە هەموو شارەکانی عێراقدا بنکەو بارەگای خۆی بکاتەوە، چ بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، چ وەکو قەوارەیەکی سیاسیی تەنانەت ئێمە هەقی ئەوەمان هەیە موعامەلە بکەین پـڕۆژەی بازرگانییو تیجاریو ئەوانە بکەین، هەقی موڵکییەتمان هەیەو هەقی ئەو شتانەمان هەیە، بەڵام لێرە پێیان وتووین، کە قانوونەکانی کوردستان ڕێگە بەوە نـادات ئومێدمان وایە کە لە ڕێگەی قانوونییەوە بتوانین ئەو موشکیلە حەل بکەین.

*** سەبارەت بەوەی کە گۆڕان وەکو نزیکیی تا ڕادەیەک نزیکترە لە پارتیو قسەیەک هەیە لەسەر ئەوەی کە بەڕێز نێچیرڤان بـارزانـی پەیوەندیی بە ئێوەوە هەبێت، یان پەیوەندیی لەگەڵتان گرتبێت، یان جۆرێک لە نزیکیی هەبێت ڕای بەڕێزتان؟**

– لەسەر ئاستی حیزبیی تا ئێستا لەنێوان گۆڕانو یەکێتیو لەنێوان گۆڕانو پارتی هیچ دانیشتنێکی ڕەسمیمان نەبووە لەسەر ئاستی حکومەتیش حکومەت تازە دروست بووە هێشتا نەمانبووە، بەڵام ئێمە ئومێدمان وایە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا لەسەر ئاستی حیزبیشو لەسەر ئاستی حکومەتیش نوێنەرەکانی ئێمە نوێنەری پارتیش ببینو نوێنەری یەکێتیش ببینو نوێنەری هەموو لایەکانی دیکە ببینن بۆ ئەوەی لەسەر شتە باشەکان بتوانین کاری هاوبەش بکەینو زمانی هاوبەش بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە کار بکەین.

*** ئێستاش کۆمەڵێک هەن، کە ئێوە وەکو مونشەق لە یەکێتی تەماشا دەکەن ڕای بەڕێزتان؟**

– ئێمە مونشەق نین لە یەکێتی، مونشەق ئەوەیە کە وەختێک کۆمەڵێک لە حیزبێکدا ژمارەیەکی زۆر جیادەکەنەوە بەناوی هەمان حیزب دەڕۆن ئیش دەکەن، ئێمە بەناوی یەکێتییەوە ئیشمان نەکردووە ئێمە ناومان گۆڕانەو تەنانەت کە لە یەکێتیش هاتووینەتە دەرەوە ئێمە وەکو ئەفراد هاتووینەتە دەرەوە، ئێمە نەچووین وەکو گروپێکی گـەورەی مونەزەم، یا وەکو جەناحێک یا وەکو چەند مەڵبەندێک لە یەکێتی ببینە دەرەوە، سەدان هەزار کەسی ئێمە ئەسڵەن هەر یەکێتی نەبوون، کە ئێستا لەناو گۆڕاندا کاردەکەن ژمارەیەک لە کادیرەکانی ئێمە ڕاستە لەناو یەکێتییەوە هاتوون، بەڵام ئەوان وەکو ئەفراد هاتوونو نە مونشەقنو نە خۆشیان بە مونشەق دەزانن.

*** لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پلنیۆمی بەست قسەیەکتان هەیە لەوبارەیەوە بیڵێن؟**

– یەکێتی هەقی خۆیەتی کۆنگرە ببەستێت، کۆنفرانس ببەستێت کۆنگرە ببەستێتو کۆبوونەوەی فـراوان بکات، پلنیۆم بکات، ئێمە تەمەننای خۆشییان بۆ دەکەینو تەمەننای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین.

## نەوشیروان مستەفا:

# دەمانەوێت نەریتێ

سازدانی، هۆشیار عەبدوڵڵا

**لەم دیدارەدا نەوشیروان مستەفا تیشک دەخاتە سەر خۆڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی گۆڕان‌و میکانزمەکانی ئەو ڕێکخستنەوەیەو ئاماژە بەوە دەکات کەئێستا شێوەیەکی تازەی ڕێکخراوەییان دەستپێکردووە، کە جیاوازە لە حیزبە تەقلیدییەکانی ئێستای کوردستان بە تایبەتی لە دوو حیزبە سەرەکییەکەو هەروەها سەبارەت بە پێکەوەژیانی سیاسیانەش نەوشیروان مستەفا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئۆمیدیان وایە پارتی‌و یەکێتی بە چاوی دوژمن سەیریان نەکەن، بەو پێیەی هەموو خەڵکی یەک وڵات‌و یەک چارەنوسییان هەیە.**

*** داهاتووی بزووتنەوەی گۆڕان چی بەسەر دێت؟**

– ئەم بزووتنەوەیە دەستپێکردووە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، دەستپێکردووە بۆ ئەوەی ڕێبازێکی تازە لە جوڵانەوەی کورددا لە ژیانی سیاسیی کوردستانی عێراقدا بێنێتە کایەوە، ئەم بزووتنەوەیە دەبێت بە هێزێکی گەورە بەڵکو دەتوانم بڵێم؛ لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبێتە هێزێکی سەرەکی، ئەم هێزە سەرەکییە لە پێناوی دوو ئەرکی سەرەکیدا کار دەکات، کە لایەکیان بریتییە لە بەدیهێنانی خواستەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە کوردستانی عێراقداو لەسەر ئاستی کوردستان هەوڵدەدات بۆ عەدالەتی ئیجتماعی‌و خواستەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان لەسەر ئاستی عێراقدا هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد، کە لە دەستووری عێراقدا جێبەجێ کراوە، وە ئەمە ئومێدمان وایە ببێت بە هێزی سەرەکی ناو مەیدانی جوڵانەوەکە.

*** کاتی ئەوە نەهاتووە ئەم بزووتنەوەیە بە شێوەیەکی ڕەسمیی ڕێکبخەن‌و بارەگا بکەنەوە بە شێوەیەکی فەرمیی کار بکەن؟**

– بەڵێ، کاتی ئەوە هاتووەو دەستیشمان پێکردووە ئێمە لەپێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و جۆرێک لەکۆکردنەوەی خەڵک‌و جۆرێک لەخۆ ڕێکخستنمان دەستپێکردبوو و ئێستا خەریکی خۆڕێکخستنین خەریکی خۆ ئامادەکردنین بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو و ئەو خۆڕێکخستنەی کە لە کاتی هەڵبژاردنی یەکەمدا دەستمانپێکردووە ئێستا درێژەی پێ دەدەین‌و خەریکین باشتر ڕێکی بخەین‌و لە دوای هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقیش هەر بەردەوام دەبین.

*** بۆچی ئەم ڕێکخستنەوەیە جۆرێک لە دواکەوتنی پێوە دیارە؟**

جۆرێک لە دواکەوتنی پێوە دیارە، بەڵام ئێمە دوانەکەوتووین، ئێمە ئەو ماوەیە هەمووی خەریکی گفتوگۆ بووین لەناو خۆماندا بۆ ئەوەی شێوەیەکی تازەی ڕێکخراوەیی بدۆزینەوە هەوڵمان داوەو داوامان لە کۆمەڵێک خەڵکی شارەزا کردبوو، کە پێشنیازو بیرو بۆچوونەکانی خۆیانمان بۆ بنووسن بە سەدان وتار لە ڕۆژنامەکان‌و لە گۆڤارەکان‌و لە سایتەکاندا نووسراوە هەموویمان خوێندووەتەوەو هەوڵمانداوە شێوەیەکی تازەی خۆڕێکخستن بۆ جووڵانەوەکە ئامادە بکەین‌و کردووشمانە.

*** ئەم شێوازی ڕێکخستنەوەیە چۆنە؟**

– گرنگترین مەسەلە ئەوەیە ئێمە نامانەوێت تەجروبەی حیزبەکانی ڕابردوو دووبارە بکەینەوەو نامانەوێت ئەو نەخۆشیانەی، کە لە حیزبەکانی دیکەدا هەبوون لەم ڕێکخستنەدا دووبارە بێتەوە؟

*** ئەو نەخۆشیانە چین؟**

– ئەو نەخۆشیانە لە سەرووی هەموویانەوە ئەو هەوڵەیە، کە حیزبەکانی ئێستا دەیدەن بۆ قۆرغکردنی گۆرەپانی کارکردن بۆ بە حیزبیکردنی کۆمەڵگە، بۆ بە حیزبیکردنی بازاڕ، بۆ بە حیزبیکردنی زانکۆکان، بۆ بە حیزبیکردنی دادگاکان، بۆ بە حیزبیکردنی پەیوەندییەکانی نێوان نەتەوەی کوردو بەغدا، نێوان نەتەوەی کوردو گەلانی دراوسێ، نێوان کوردو

**ئێمە دەمانەوێت نەریتێکی تازەی سیاسیی دابێنین ئەویش کۆتایی هێنانە بە سەرۆکی مەدەلحەیات، ئەندام مەکتەبی سیاسیی مەدەلحەیات، ئەندام سەرکردایەتی مەدەلحەیات ئەمانە قابیلی گۆڕین‌و تازەبوونەوەو نوێبوونەوەبێت**

وڵاتانی دیکەی دونیا، دەمانەوێت چەمکی حیزبیبوون ببێت بە چەمکێکی سیاسیی جیاواز لە چەمکی هاوڵاتیبوون، ئێستا چەمکی هاوڵاتیبوون خەریکە وای لێدێت ببێت بە چەمکی حیزبیبوون، ئێمە دەمانەوێت جارێکی دیکە کۆمەڵگەکەمان بینا بکرێتەوە لەسەر بنچینەی هاوڵاتی بوونی کوردستانی، نەک لەسەر ئەساسی ئەوەی کە تۆ ئەندامی لە فلان حیزبدا یاخود حیزبیت، یان جیزبیی نیت.

*** دواجار گەیشتن بەو فۆرمە، یا بەو شێوە ڕێکخستنە کە خۆتان دەتانەوێت، کە دوور بێت لەو نەخۆشیانە لانیکەم؟**

– ئێمە ئێستا شێوەیەکی تازەی ڕێکخراوەییمان دەستپێکردووە، کە پێموایە جیاوازە لە حیزبە تەقلیدییەکانی ئێستای کوردستان بە تایبەتی لە دوو حیزبە سەرەکییەکەو هەوڵدەدەین ئەم حیزبە مەسرەفی کەم بێت‌و بەرهەمی زۆر بێت هەوڵدەدەین ئەم حیزبە بارەگای کەم بێت، بەڵام پەلوپۆو ڕایەڵی فراوانی هەبێت هەوڵدەدەین ئەم حیزبە مووچەخۆری زۆر کەمی هەبێت، بەڵام فراوانترین پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا ببێت، هەوڵدەدەین ئەم حیزبە کاروبارەکانی هەمووی ڕۆشن بێت شەفاف بێت سەرکردایەتییەکەی شەفاف بێت سەرکردایەتییە فەرعییەکانی شەفاف بێت کاروبارەکانی شەفاف بێت‌و خەڵک ببینێت‌و خەڵک ئاگادار بێت‌و خەڵک خۆیان بەشدار بن لە کاروبارەکانیدا.

*** هێڵە گشتییە سەرەکییەکانی ئەم ڕێکخستنەوەی ئێوە ئەگەر بکرێت زیاتر باسی بکەیت؟**

– جیاوازی بەینی ڕێکخستنەوەی ئەم جووڵانەوەیە لەگەڵ بە ناو بێڵێین یەکێتی‌و پارتیدا، کە دوو حیزبی سەرەکین ئەوەیە؛ ئەم جووڵانەوەیە نابێتە خاوەنی ڕێکخستنێکی هەرەمی، نابێتە خاوەنی ڕێکخستنێکی عەمودیی بە مانایەکی دیکە ئێمە نە مەکتەبی سیاسیمان دەبێت، نە کۆمیتەی سەرکردایەتیمان دەبێت، بەڵکو بەو شکڵە دەستمان پێ نەکردووە، کە ئێمە لە سەرەوە بۆ خوارەوە یاخود لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بەڵکو لە ناوەڕاستەوە دەستمان پێکردووە هەوڵدەدەین هەموو پارێزگایەک ئەنجومەنی تایبەتی خۆی هەبێت‌و هەموو قەزایەک ئەنجومەنی تایبەتی خۆی هەبێت‌و بە ڕایەڵەیەکی پتەو ئەنجومەنی قەزاکان لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگادا دەبەسترێتەوە، ئەنجوومەنی پارێزگا بریتیی دەبێت لە ڕایەڵەی جۆراوجۆر لەوانە: ڕایەڵەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ڕایەڵەی پەیوەندی پیشەیی، ڕایەڵەی پەیوەندی ڕێکخراوەپیشەییەکان، ڕایەڵەی پەیوەندی سیاسیی، ڕایەڵەی پەیوەندیی میدیایی لە هەمانکاتدا نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانی تیادا بێت لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا، کە هەڵبژاردن لە بەغدا کرا نوێنەری فراکسیۆنەکەی بەغداشی تێدا بێت لە هەموو پارێزگاکاندا نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگاکانی تێدا دەبێت، بە شێوەیەکی وابێت کە شێوەیەکی عەمودیی نییە، بەڵکو شێوەیەکی ئوفوقی هەیە شێوەیەکی پان‌و پۆری هەیە، شێوەی فەرشی هەیەو هەوڵدەدەین هەموو توێژەکانی کۆمەڵی کورد تیایدا بەشداری بکەن‌و وابێت کە هەرکەسێک بتوانێت هەر پارێزگایەک هەست بەوە نەکات پارێزگایەکی دیکە بەسەریدا زاڵ دەبێت، بەشەکەی دەخوات لە پاشاندا ئەم ئەنجومەنی پارێزگایانە، کە دروست دەبێت خۆشیان لە بەینی خۆیاندا جۆرێک لە هاوکاریی‌و تەنسیق‌و سەرکردایەتییەکی هاوبەش دروست دەکەن، کە لە هەمانکاتدا خۆیان جۆرێک لە سەربەخۆیی‌و تایبەتمەندێتی تایبەتی خۆیان دەپارێزن‌و لە چوارچێوەی ئامانجە گشتییەکاندا پێکەوە لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەیشدا کاردەکەن.

*** فۆرمی سەرکردایەتییە گشتییەکە بەم شێوەیە دەبێت لەنێوان پارێزگاکاندا پێکدەهێنرێت؟**

– بەڵێ، لەناو پارێزگاکان پێکدەهێنرێت.

*** ئەی سەرۆکی ئەم بزووتنەوەیە؟**

– یەکێک لەو شتانەی کە ئێمە دەمانەوێت ئەمجارە گۆڕینی تێدا بکەین دەمانەوێت چەمکی سەرۆکی مەدەلحەیات کۆتایی پێبێنین، من لە ڕاستیدا سەرۆکی بزووتنەوەکە نیم بە گوێرەی قانوونی عێراقی‌و بە گوێرەی مفوەزییەتی عولیا هەموو لیستێک، کە پێشکەشدەکرێت دەبێت لیستەکە هەر بە ڕەسمیی سەرۆکێکی هەبێت پێیدەڵێن: سەرۆکی لیستی فلان من بۆیە پێیان وتم سەرۆکی، لەبەر ئەوەی سەرۆکی لیستی گۆڕان بووم لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و ئێستا فراکسیۆنەکەمان سەرۆکی خۆی هەیە، وەکو باسمکرد ئێمە دەمانەوێت نەریتێکی تازەی سیاسیی دابێنین ئەویش کۆتایی هێنانە بە سەرۆکی مەدەلحەیات، ئەندام مەکتەبی سیاسیی مەدەلحەیات، ئەندام سەرکردایەتی مەدەلحەیات ئەمانە قابیلی گۆڕین‌و تازەبوونەوەو نوێبوونەوەبێت.

*** واتە یەک مەرجەعییەتی نابێت یاخود بە شێوەیەکی ئاسۆیی دەمێنێتەوە؟**

– بەڵێ بێگومان ئەو سەرۆکایەتییە، یا ئەو سەرکردایەتییەی کە دێتە پێشەوە هەمیشە لە نوێبوونەوەو قابیلی تازەبوونەوەدایە بە گوێرەی ئەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و ئەنجومەنە گشتییەکەی کە بۆ هەموو پارێزگاکان دادەنرێت ئەوان دەتوانن ناو بەناو بیگۆڕن لە ئایندەدا ڕەنگە کۆبوونەوەی فراوان بکرێت کۆبوونەوەی گەورە بکرێت، کە نوێنەرایەتی هەموو ئەوانەی تێدا بێت وەکو باسم کرد یەکێک لەو نەریتانەی، کە ئێمە دایدەهێنین ئەوە دەبێت، کە کۆتایی بێنین بە سەرۆکو سەرکردایەتی مەدەلحەیات.



نەوشیروان مستەفا

*** وەک یەکێک لە هاوڕێکان پرسیویەتی جۆرێک لە فرە ڕەنگی‌و فرە بۆچوونیی لەناو گۆڕاندا کۆبووەتەوەو گوزارشتێکی وای کردووە وەکو پەلکە زێڕینە ڕەنگاوڕەنگن، بەڵام هاو هەڵوێستن ئەم هەماهەنگی‌و هاوهەڵوێستییە چۆن دەتوانن بپارێزن؟**

– بەڵێ ئەوە یەکێکە لە شانازییەکانی ئێمە من زۆر بە خۆشحاڵییەوە دەڵێم، کە لەناو ئێمە بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە، ئایدیۆلۆژی جیاواز هاتووەو ئێمە پێمانوایە؛ حیزبی تاک ئایدیۆلۆژی سەردەمەکەی تێپەڕیوە بە تایبەتی لە قۆناغی ئێستای کوردستانی عێراقدا کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش هەیە، کە توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان کۆدەکاتەوەو کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش هەیە سەرەڕای جیاوازی بیرو بۆچوونی سیاسیی جیاواز سەرەڕای ئایدیولۆژی جیاواز سەرەڕای جیاوازی ناوچەیی سەرەڕای هەموو ئەوانە کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش هەیە، کە ئێمە دەتوانین لە دەوری کۆببینەوە لە سەرووی هەموویانەوە مەسەلەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە مەسەلەی جیاکردنەوەی حیزبە لە حکومەت، مەسەلەی ئەوەیە کە چەمکی هاوڵاتیبوون دوور لە ئینتیمای حیزبیی بهێنینەوە بۆ ناو کوردستانی عێراق‌و مافی مرۆڤ مەحەلی ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەموو هاوڵاتییان‌و مەسەلەی دیموکراسیی‌و مەسەلەی فرەیی ئەمجۆرە شتانە ئەمە شتی هاوبەشە لە بەینی هەموو ئەو بیروبۆچوونە ڕەنگاوڕەنگانە ئەو پەلکەزێڕینەیەی کە ئەو برایە باسیکردووەو ئێمە ئومێدمان وایە تا ماوەیەکی درێژتریش دەتوانین لە کوردستانی عێراقدا بەو پەلکە زێڕینەییە درێژە بە کارو خەبات‌و تێکۆشانی خۆمان بدەین.

***پرسیاری کوردستانم لێ کردیت، ئەی سەبارەت بە ئەوروپا ڕێکخستنەکانتان چۆن ڕێکخستووەتەوە، ئایا بیرتان لەوە کردووەتەوە فۆرمێک، یاخود ئالیەتێکیش بۆ ئەوروپا ڕێکبخەن؟**

– ئەوروپا بێگومان جیاوازە لەگەڵ کوردستانی عێراقدا هەلومەرجی ژیان لە ئەوروپا بەتایبەتی بە نیسبەت ڕەوەندی کوردییەوە لە ئەوروپا جیاوازی هەیە لەگەڵ کوردستانی عێراق، لە کوردستانی عێراقدا تۆ دەتوانیت لە چوارچێوەی ناحیەو قەزاو پارێزگا لەسەر بنچینەی پیشە لەسەر بنچینەی توێژی کۆمەڵایەتی

**ئەم جووڵانەوەیە نابێتە خاوەنی ڕێکخستنێکی هەرەمی، نابێتە خاوەنی ڕێکخستنێکی عەمودیی بە مانایەکی دیکە ئێمە نە مەکتەبی سیاسیمان دەبێت، نە کۆمیتەی سەرکردایەتیمان دەبێت، بەڵکو بەو شکڵە دەستمان پێنەکردووە، کە ئێمە لە سەرەوە بۆ خوارەوە یاخود لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بەڵکو لە ناوەڕاستەوە دەستمان پێکردووە هەوڵدەدەین هەموو پارێزگایەک ئەنجومەنی تایبەتی خۆی هەبێت‌و هەموو قەزایەک ئەنجومەنی تایبەتی خۆی هەبێت‌و بە ڕایەڵەیەکی پتەو ئەنجومەنی قەزاکان لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگادا دەبەسترێتەوە**

ژمـــارە (555) سێشەممە 2009/11/10
hewal. rozhnama@gmail.com

# پێکهاتەکانی کەرکوک چۆن لە یاسای هەڵبژاردن دەڕوانن؟

پشتیوان سەعدوڵڵا

**عەلی ساڵەیی: یاسای هەڵبژاردن بە دڵی ئێمە نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەرکوک باری تایبەتی پێنەدراوەو پەسەندکردنی یاساکە بە تەوافوق بوو، لەلایەن ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکانەوە فشارێکی زۆر لەسەر کورد بوو، ئەگەر ئەمەی قبووڵنەکردایە تووشی شەڕ دەبوو**

پێکهاتەکانی نێو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رای جیاوازیان هەیەو بە بۆچوونی عەرەبو تورکمانەکان یاساکە بارێکی تایبەتی بە کەرکوک داوەو کوردەکانیش پێیانوایە؛ هیچ بارێکی تایبەت بە پارێزگاکە نەدراوە.

ئێوارەی (٢٠٠٩/١١/٨) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەمواری یاسای هەڵبژاردنی پەسەند کرد، بەپێی هەمواری یاسای هەڵبژاردن بارودۆخێکی تایبەت دەدرێتە کەرکوکو ئەو پارێزگایانەی کە گومان لەسەر تۆماری دەنگدەرانی هەیە.

هەروەک لە بڕگەی یەکەمی مادەی شەشەمی هەموارەکەدا هاتووە: کە هەڵبژاردن لە کەرکوکو ئەو ناوچانەی گومان لەسەر تۆماری دەنگدەرانی هەیە، لە کاتی خۆیدا ئەنجامدەدرێت، بە بارێکی تایبەتەوە.

ژاڵە نەفتچی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە لیستی بەرەی تورکمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەپێی داواکاریی تورکمانەکان بوو، چونکە یاساکە بارێکی تایبەتی بە کەرکوک داوەو لە پارێزگاکانی دیکەی جیایکردووەتەوە.

وتیشی: «بەپێی یاساکە ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک پشتی پێ نابەسترێتو ئەنجومەنی نوێنەران لیژنەیەک پێکدەهێنێت بۆ پێداچوونەوە بە تۆماری پارێزگای کەرکوک، لە ماوەی ساڵێکدا لیژنەکە وردبینی لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک دەکات».


ژاڵە نەفتچی

هاوکات بەهەمانشێوەی تورکمانەکان، عەرەبەکانی کەرکوک جیاکردنەوەی پارێزگای کەرکوک لە پارێزگاکانی دیکە بە هەنگاوێکی باش وەسفدەکەن.

عەبدوڵڵا سامی عاسی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە لیستی گردبوونەوەی کۆماریی بە رۆژنامەی راگەیاند: پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردن هەنگاوێکی باش بوو بە تایبەتی لە مەسەلەی کەرکوکدا، کە بارێکی تایبەتی پێدراوە، بەوپێیەی کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لیژنەیەک پێکدەهێنێت بۆ پێداچوونەوە بە تۆماری کەرکوکدا.


عەبدوڵڵا سامی

بە پێچەوانەی عەرەبو تورکمانەکانەوە نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئاماژە بەوە دەکەن، پارێزگای کەرکوک باری تایبەتی پێنەدراوەو وەکو پارێزگاکانی دیکە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدەدرێت.

عەلی ساڵەیی: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە لیستی برایەتی وتی: «یاسای هەڵبژاردن بە تەواویی بە دڵی ئێمە نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەرکوک باری تایبەتی پێنەدراوەو پەسەندکردنی یاساکە بە تەوافوق بوو جگە لەوەش لەلایەن ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکانەوە فشارێکی زۆر لەسەر کورد بوو، ئەگەر ئەمەی قبووڵنەکردایە تووشی شەڕ دەبوو».


عەلی ساڵەیی

بەپێی بڕگەی سێیەمی مادەی شەشەمی یاساکە لیژنەیەکی تایبەت پێکدەهێنرێت لە نوێنەرانی ئەو پارێزگایە لە ئەنجومەنو لە هەموو پێکهاتەکانی، بە ئەندامێتی وەزارەتی پلاندانانو ناوخۆو بازرگانیو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانو بە هاوکاریی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پێداچوونەوەو وردبینی ئەو هەڵانەی لە تۆماری دەنگدەراندا هەیە بەپێی داتا رەسمییەکانو ئەو پێوەرانەی لە یاساکەدا دەستنیشانکراون، ماوەی یەک ساڵ بۆ کاری لیژنەکە دانراوە.

لە بڕگەی چوارەمی مادەی شەشیشدا هاتووە: «پشت بە ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوکو ئەو پارێزگایانەی گومان لەسەر تۆمارەکانی هەیە، نابەسترێت وەک بنەمایەک بۆ هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لە داهاتوودا بۆ هیچ بارودۆخێکی سیاسییو ئیدارییی، پێش تەواوبوونی کاری وردبینی تۆماری دەنگدەران، لەلایەن لیژنەکەوە».

عەلی ساڵەیی سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنە وتی: «پێکهێنانی لیژنە بۆ کەرکوک لە بەرژەوەندیی ئێمە نییەو دەبوو لیژنە پێکنەهێنرایەو ئەو خاڵە قبووڵنەکرایە».

# لیستی حەدباو برایەتی هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوە لە یەکتری دەکەن

بەهادین یوسف

لیستی حەدبای موسڵ هەڕەشەی لەکارخستنی ئەندامانی لیستی برایەتیی نەینەوا دەکات، ئەگەر نەگەڕێنەوە بۆ ئەنجومەنەکە، لەبەرامبەردا لیستی برایەتیش هەڕەشەی ئەوە دەکات کە داوا لە پەرلەمانی عێراق دەکات ئەنجومەنەکە هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەک بۆ چاودێریی ئەو ناوچانەی بایکۆتی ئیدارەی نوێی موسڵیان کردووە، لیستی برایەتی سێ لیژنە پێکدەهێنێت.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا دڵدار زێباری، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ رایگەیاند: بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵە لەگەڵ لیستی برایەتیی نەینەوا دەکەینو لە کاریان دەخەینو کەسانی دیکەی هەمان لیست دەکەین بە ئەندامی ئەنجومەن، ئەگەر چوار کۆبوونەوەی لەسەر یەکی ئەنجومەنی پارێزگا ئامادە نەبن.

وتیشی: «ئەنجومەنی پارێزگا گفتوگۆ لەسەر ماوەی یاسایی بایکۆتی ئەندامانی لیستی برایەتی دەکات لە ئەنجومەنداو ئەگەر لە کۆبوونەوەی داهاتوودا ئامادە نەبن، ئەوا بە نەهاتوو ئەژمار دەکرێنو بەپێی یاساش هەر ئەندامێک چوار کۆبوونەوەی لەسەر یەک یان چوار کۆبوونەوە لەماوەی چوار مانگدا ئامادە نەبێت، ئەوا لەکار دەخرێتو مافی ئەندامێتی نامێنێت».

ئەم وتانەی زێباری دوای ئەوە هات کە لە دووەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵدا لە ناوەڕاستی مانگی (نیسان)ەوە، لیستی برایەتیی نەینەوا بایکۆتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکەی کردووە.

لەبەرامبەردا دەرمان خەتاری، وتەبێژی لیستی برایەتیی نەینەوا لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ بە رۆژنامەی راگەیاند: «بایکۆتکردنی کۆبوونەوەکان لەلایەن ئێمەوە هەڵوێستێکی سیاسییە، نەک کەسیی، (١٢)ئەندامی ئەنجومەن پێکەوە ناچینە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگاوە، بەهۆی بوونی جیاوازی لە پرۆگرامەکانی هەردوولادا، هەروەها لیستی حەدبا هەموو پۆستەکانی ئەنجومەنەکەی بۆ خۆی بردووەو باوەڕیان بە عێراقی نوێ نییەو ئامادە نین رێگە بدەن بە لیستە سەرکەوتووەکانی دیکە پێکەوە حکومەتێکی تەوافوقی پێکبهێنن».

وتیشی: «ئەگەر ئەوان ئەو بڕیاریاندا ئەندامانی لیستی برایەتی لەکاربخەن، بەپێی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە سێیەکی ئەنجومەن پێکدەهێنین، ئەو مافەمان هەیە داوا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەین بۆ ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکە هەڵوەشێننەوە، چونکە ئێمە خاوەنی (١٢)کورسین لەکۆی (٣٧)کورسیی ئەنجومەنەکەو بەوپێیەش دەبینە (٣/١)ی ئەنجومەنەکە».

رۆژی یەکشەممەی رابردووش لەناحیەی بەعشیقەی سەر بە پارێزگای موسڵ، لیستی برایەتیی نەینەواو لیستی عەشتاری مەسیحی کە یەک کورسی هەیە، سێ لیژنەیان پێکهێنا بۆ چاودێریکردنی ئەو (١٦) یەکە ئیدارییەی کە لەگەڵ لیستی برایەتیدا بایکۆتی ئیدارەی نوێی پارێزگاری موسڵیان کردووە.

وتەبێژی لیستی برایەتی لەو بارەیەوە رایگەیاند: «هەر لیژنەیەک لە سێ لیژنەکە لە چوار کەس پێکهاتووە، لیژنەی پەروەردە بۆ چاودێریی زمانی کوردیو لیژنەی چاودێریی خزمەتگوزارییو لیژنەی یاساییو سکاڵا، کاری ئەم لیژنانە هەماهەنگیکردنە لەگەڵ حکومەتی ناوەندییو حکومەتی هەرێمو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چونکە لیستی حەدبا بڕیارەکانی ناعادیلانەیەو دژ بەو ناوچانەیەو حکومەتی خۆجێیی موسڵ نایەوێت بەهیچ شێوەیەک خزمەتیان بکات، هەوڵدەدەین لە رێی ئەو لیژنانەوە چاودێریی خزمەتگوزارییەکان بکەینو هاتوچۆی وەزارەتو دامەزراوەو دەستەکانی هەرێمو ناوەند بکەین».

خەتاری ئاماژەی بەوەشکرد: «ئێمە دەرگای گفتوگۆمان هەمیشە کراوەیەو ئەگەر بێتو لیستی حەدبا بە مەرجەکانی ئێمە رازی بێت، ئامادەی گەڕانەوەین بۆ ناو ئەنجومەنەکەو درێژەدان بە کارکردن».

## هەواڵ

### نجێفی: کورد دەیەوێت بەشێکی نەینەوا دابڕێت



ئوسامە نجێفی پەرلەمانتاری عێراقییەو ئەمینداری گشتیی گردبوونەوەی عێراقیی رایگەیاند: تائێستا ناکۆکییەکانی نێوان ئەوانو کورد سەبارەت بەمیلیشیا کوردییەکانو سنووری پارێزگای نەینەوا بەردەوامە.

نجێفی وتی: «تائێستا هیچ رێکەوتنێک لە نێوان لیستی حەدباو حکومەتی هەرێم نەکراوە سەبارەت بە بوونی هێزە چەکدارە کوردییەکانو پێشێلکارییەکان لەسەر خاکی پارێزگای موسڵ، کورد تائێستا دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی قبووڵنەکردووەوە دەیانەوێت بەشێکی زۆری پارێزگای موسڵ دابڕنو بیخەنە سەر هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی نادەستووریی».

### لە کەرکوک پێنج کەس تووشی ئەنفلۆنزای بەراز بوون

دوێنێ دووشەممە بەڕێوەبەرێتی تەندروستی کەرکوک رایگەیاند: پێنج کەس تووشی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز بوون.

بەگوێرەی راگەیاندنی تەندروستی کەرکوک ئەو پێنج کەسە تووشی ئەنفلۆنزای (H1N1) بوونو لە ژێر چاودێریی پزیشکدانو رێوشوێن گیراوەتە بەر بۆ رێگرتن لە تەشەنەکردنی ئەو نەخۆشییەو هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان بۆ خۆپاراستنیان لەو نەخۆشییە.

### سەرکردەیەکی سەدر لەکەرکوک کوژرا

سەرچاوەیەکی ئەمنیی لە پارێزگای کەرکوک رایگەیاند: بەرپرسێکی باڵای رەوتی سەدر بەدەستی چەند چەکدارێکی نەناسراو لەکەرکوک کوژراوە.

سەرچاوەکە ئاشکرایکرد: ژمارەیەک چەکداری نەناسراو (هادی زەهیباوی) یەکێک لەسەرکردە باڵاکانی رەوتی سەدرو سەرۆکی ئەنجومەنی حوزەوی لە عەشیرەکانی باشووری پارێزگای کەرکوکیان کوشتووە.

### پۆلیس دوو رفێنراوی ئازادکرد




پۆلیسی پارێزگای کەرکوک رایگەیاند: دوو منداڵیان ئازادکردووە کە بۆماوەی سێ ساڵە رفێنراون.

بەگوێرەی سەرچاوەکە منداڵەکان ناویان (زیاو مەروانە) کە خەڵکی پارێزگای دیالەن، سەرەتا یەکێکیان بەناوی زیا دۆزراوەتەوە، دوای پشکنینی ئەوماڵەی رفێنراوەکەی لێدۆزراوەتەوە، کەسێکی تریان دۆزیوەتەوە بەناوی مەروان کە بەهەمان شێوە ماوەی سێ ساڵە رفێنراوەو برای رفێنراوی یەکەمە.

# ئۆپۆزسیۆن بە (٣٥) کورسییەوە چی پێدەکرێت؟

**بەرهەم خالید**

دەنگنەدانی ٣٥کورسی پەرلەمان بەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە دەکاتە نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی (٢٨)ی مانگی رابـردوودا، بەسبوو بۆ ئەوەی کۆتایی بە نزیکەی دوو دەیە لە هەژموون‌و قۆرغکردنی هــەردوو حیزبی دەســەڵاتـداری کوردستان بهێنێت بەسەر پەرلەمان‌و کۆی ژیانی سیاسیی هەرێمدا، چونکە لە کاتی متمانەدان بە کابینەکانی پێشوودا پێشتر مەکتەبی سیاسیی یەکێتی‌و پارتی‌و سەرۆک فراکسیۆنەکان رێکدەکەوتن‌و پەرلەمانتارەکانیش بە «زۆرینەی دەنگ» دەنگیان بە کابینەکە دەدا، چاودێرانی سیاسیش ئەو هەنگاوە بە سەرەتایەکی باش دادەنێن بۆ کاری ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمدا، کە خاوەنی (٣٥) کورسی پەرلەمانە.

لەو دانیشتنەی پەرلەماندا، کە تایبەت بوو بە متمانە بەخشین بە کابینەی نوێی حکومەت بە سەرۆکایەتی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، هەردوو فراکسیۆنی گۆڕان‌و یەکگرتوو دانیشتنەکەیان جێهێشت‌و پەرلەمانتارانی کۆمەڵیش ئەگەرچی لەناو هۆڵی پەرلەمان مانەوە، بەڵام دەنگیان بە کابینەکە نەدا، بەوەش بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا بووە بە (٣٥) کورسی (گۆڕان ٢٥، یەکگرتوو ٦، کۆمەڵ ٤).

بە بۆچوونی ئاسۆس هەردی چاودێری سیاسیی، ئۆپۆزسیۆن سەرەتایەکی باشی هەیە بەوپێیەی پەرلەمان لەوە دەرچووە، کە پەرلەمانی دەست بەرزکردنەوە بێت بە ئیعازێک‌و هیچ شتێک بە بێ گفتوگۆ تێناپەڕێت، ئــەوەش جیاوازە لەگەڵ ئەو سەردەمەی، کە سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ مەکتەبە سیاسییەکان رێکدەکەوتن‌و پەرلەمانتار هەر ئەوەندەی لەسەر بوو دەست بەرزبکاتەوە.

ئاسۆس باس لەوەشدەکات؛ کە هەرچەندە ئۆپۆزسیۆن بەو ژمارە کورسییەوە ناتوانێت رێگر بێت لە دەرچوونی چەند یاسایەکی گرنگ، بەڵام دەتوانێت ئەو لایەنە بێت، کە بە شێوەیەکی بــەردەوام چـاودێـریـی حکومەت بکات‌و کەموکورییەکان بە خەڵک بگەیەنێت‌و وتیشی:


مەولود باوەمراد


شۆڕش حاجی


ئاسۆس هەردی


یوسف محەمەد

«پێویستە پەرلەمانتارەکانی ئۆپۆزسیۆن پێش هەر دانیشتنێک گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ دەربارەی ئەو بوارە بکەن بۆ ئەوەی پرسیاری جدیی‌و بەهێز رووبــەڕووی ئـەو کەسە بکەنەوەو دوای دانیشتنەکانیش کۆنگرەی رۆژنامەوانیی ببەستن‌و بابەتەکان بۆ خەڵک روونبکەنەوەو هەروەها بۆ کێشە گرنگەکان لە رێگەی کەمپەین‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و تەنانەت لە رێگەی خۆپیشاندانەوە فشار دروست بکەن، بۆ ئەوەی هەندێک بڕیار بگۆڕێت».

دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە پاش هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەممووزی رابردوو، پێویستییەکی گرنگ بوو بۆ ژیانی سیاسیی هەرێم، کە بە بڕوای چاودێران لە سیستمی دیموکراسیدا حکومەت ناتوانێت لەسەر پێی خۆی بووەستێت، ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی چـالاک‌و کـارا چاودێریی کارەکانی نەکات، بـەڵام د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارەکەیدا، کە بە بۆنەی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی حکومەت پێشکەشیکرد، وتی: «با ئۆپۆزسیۆن بە کاری لابەلاوە سەرقاڵمان نەکات».

مەولود بــاوەمــراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان باس لەوە دەکات؛ کە بوونی (٣٥) کورسی پەرلەمان لە دەرەوەی لیستی دەســەڵات، سەرەتایەکی گرنگە بۆ بونیاتنانی بوونی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا، کە لەمەوپێش پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە وەک پەرلەمانێکی راستەقینە کارا بێت‌و رۆڵی خۆی بگێرێت، لەم روانگەیەوە ئۆپۆزسیۆن چەند ئەرکێکی سەرەکی دەکەوێتە سەرشان، لــەوانــە: چـاودێـریـکـردن‌و لێپێچینەوەو لێپرسینەوە لە دامودەزگاکانی حکومەت، هەروەها گرنگە ئۆپۆزسیۆن کار بۆ ئەوە بکات، کە پرسە چارەنووسسازەکان‌و نەتەوەییەکان لە رێگەی پەرلەمانەوە یەکلایی بکرێنەوەو بۆ ئەوەش پرۆژەی هەبێت، وتیشی: «ئەرکێکی گرنگی ئۆپۆزسیۆن بەدواداچوونی کێشە موزمینەکانی وەکو گەندەڵیی‌و پەیوەندیی هەرێم‌و بەغداو دەسەڵاتی حیزب‌و حکومەتە، کە بەرماوەی ساڵانی رابردوون‌و دەبێت بە جدیی کاریان لەسەر بکرێت‌و تەرح بکرێن بۆ گفتوگۆ، ئەوەش پەیوەندیی بە ژمارەی کورسییەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە نییە».

مەولود باوەمراد ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ کە دەبێت ئۆپۆزسۆن بەبێ ئەوەی نیشانی بدات، کە تورەیەو نەیارە بە زمانێکی یاسایی خواست‌و داواکارییەکانی خەڵک بگەیەنێتە دەســەڵات بـۆ ئــەوەی گروتینێک بداتە دەسەڵاتی سیاسیی‌و وتی: «گرنگە هەموو کێشەکانی کۆمەڵگەو خەڵک بکەینە مادەی مشتومڕێکی سیاسیی لەناو پەرلەمانداو پێویستە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن گفتوگۆیان هەبێت بۆ ئەوەی پرۆژەی هاوبەشیان هەبێت لەپێناو خزمەتی پرۆسەی دیموکراسیی لە کوردستاندا، بە کـاراکـردنـی بــەرەی ئۆپۆزسیۆن‌و پێکەوەکارکردن‌و هاودەنگی لە ئاست ئەو کێشانەی پەیوەندیی بە کۆی خەڵکی کوردستانەوە هەیە».

لەلای خۆیەوە شۆڕش حاجی، کەسایەتی سیاسیی‌و هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە؛ کە ئۆپۆزسیۆن بە (٣٥) کورسییەوە دەتوانێت رۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبێت، ئەویش لە رێگەی پێشکەشکردنی پرۆژەو هەروەها گفتوگۆکردنی ئەو پرۆژانەی لە لایەن فراکسیۆنی دەسەڵات‌و فراکسیۆنەکانی دیکەوە پێشکەش دەکرێت، ئەوەش بە سوودی خەڵک دەشکێتەوە، «ئیتر ئەو سەردەمە بەسەرچوو، کە فراکسیۆنی دەسەڵات هەر پرۆژەیاسایەکی هەبوو بەبێ گفتوگۆکردن‌و رەخـنـەیـەک ببێتە بـڕیـاری پەرلەمانی کوردستان».

حاجی ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات؛ کە ئەرکێکی گرنگ‌و کاریگەری ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە، چاودێریی وردی ئەدای حکومەتی هەرێم بکات، لەوەشدا سەرکەوتوو بووە، کە لەو تەمەنە کورتەی ئۆپۆزسیۆندا توانی وەزیرێک بانگهێشتی پەرلەمان بکات‌و دواتریش دەتوانێت لە رێگەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانەوە بەپێی تایبەتمەندیی، چاودێریی دامودەزگاکانی حکومەت بکات، هەرچەندە رەنگە لە رووی تێڕوانین‌و ئایدیۆلۆژیاوە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن جیاوازبن، بەڵام دەبێت لەو کارانەی کە پەیوەندی بە خواستی خەڵکەوە هەیە بەرنامەو هەڵوێستی هاوبەشیان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە بگێڕن لە پەرلەمانی کوردستاندا، ئەوەش خزمەت بە کۆی پرۆسەی سیاسیی‌و دیموکراسیی دەکات لە کوردستاندا.

بە بـڕوای چاودێرانی سیاسیی لەبەر ئــەوەی ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت رێگە لە دەرچوونی چەند یاسایەک بگرێت بەهۆی کەمیی کورسییەکانییەوە، بۆیە پێویستە پەنا بۆ بەدیلی دیکە بەرێت بۆ ئەوەی وەک فشار بەکاریبهێنێت.

یوسف محەمەد سادق، پسپۆڕی سیاسیی‌و مامۆستای زانکۆ دەڵێت: ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت رۆڵی کارا ببینێت لە ئاشکراکردنی ئەو شتانەی لەژێر پەردەو لەپشت دەرگا داخراوەکانەوە بڕیاری لـێـدەدرا، بۆ ئــەوەی لەمەودوا بە ئاشکرا لەناو هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت‌و ئەوەشی رێگەی پێنەدرا لە رێگەی بەرکەوتنی راستەوخۆ لەگەڵ خەڵک گفتوگۆی لەسەر بکەن‌و بۆ رای گشتیی رابگەیەنن‌و وتی: «دەبێت ئۆپۆزسیۆن بەدیلی باشتر بخاتەڕوو بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا متمانەی زۆرینەی خەڵک بەدەستبهێنێت، هەروەها پێویستە ئۆپۆزسیۆن لە شەقام دانەبڕێت‌و هەمیشە پەیوەندیی هەبێت بە خەڵکەوەو لە رێگەی جەماوەرەکەیەوە فشار دروست بکات».

# شەبەک‌و ئێزدیی لە نەتەوەی کورد جیاکرانەوە

# چانسی بردنەوەی کورد لە شارەکانی دیکە کەمدەبێتەوە

**هەستیارقادر**

یاساى هەڵبژاردنی پەسەندکراوی پەرلەمانی عێراق، شەبەک‌و ئێزدیی لە نەتەوەی کورد جیاکردەوە، لیستی نیمچە کراوەش چانسی بەدەستهێنانی لیستی کوردی لە شارەکانی دەرەوەی هەرێم کەمدەکاتەوە.

## کۆتا، شەبەک‌و ئێزدییەکان تووڕە دەکات

بەپێی مادەی یەکەمی یاسای هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)، کە پێرێ پەرلەمان پەسەندیکرد، رێژەی کورسییەکانی پەرلەمانی داهاتوو بەپێی رێژەی (١٠٠) هەزار هاوڵاتی بۆ کورسییەک دیاریکراوەو ئەو رێژەیەش بەپێی نوێترین ئاماری وەزارەتی بازرگانی دیاریدەکرێت، کورسییە قەرەبووکانیش بەرێژەی (٥٪) دیاریکراو کۆتاش بۆ کەمایەتییە ئایینی‌و نەتەوەییەکانی دیکەی عێراق دیاریکرا، بە مەرجێک کاریگەریی نەبێت لەسەر بەشداریی ئەو کەمایەتییانە لە لیستەکانی دیکەدا، بەپێی ئەو یاسایەش (٥) کورسی کۆتا بۆ مەسیحییەکان لە پارێزگاکانی هەولێرو دهـۆک‌و کەرکوک‌و موسڵ‌و بەغدا دیاری دەکرێت‌و یەک کورسیش بۆ سابیئەکان لە بەغداو کورسییەکیش بۆ هەریەک ئێزدییەکان‌و شەبەکی موسڵ دیاریکرا.

هاوکات بەپێی وتــەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پەرلەمانی عێراق، دانانی کۆتا بۆ شەبەک‌و ئێزدییەکان‌و قایلبوون بەو خاڵە لەلایەن لیستی هاوپەیمانییەو بە گوشاری لایەنە شیعەکان، شەبەک‌و ئێزدییەکانی لە لیستی هاوپەیمانی تووڕەکردووە.

لەوبارەیەوە ئەحمەد شەبەک، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، وێـڕای دەربڕینی نارەزایی خۆی بەرامبەر بە قایلبوونی لیستی هاوپەیمانی بۆ جیاکردنەوەی شەبەک‌و ئێزدیی لە کورد، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەوڵێک هەبووە بۆ جیاکردنەوەی شـەبـەک‌و ئێزدیی لە نەتەوەی کوردو ئەو بابەتەش گرنگییەکی زۆری پێنەدراوە لەلایەن لیستەکانەوە، بۆیە بڕیارمداوە لە دادگای فیدراڵی لەسەر ئەو مەسەلەیە شکات لە ئەنجومەنی نوێنەران بکەم».

## لیستەکە کرایەوە

بەپێی یاسای هەموارکراو، هەر پارێزگایەک یەک بازنەی هەڵبژاردن دەبێت‌و کورسییەکانی ئەو پارێزگایە بەپێی رێژەی دانیشتووانی دیاریدەکرێت‌و لیستەکانیش بەشێوەی نیمچە کراوە دەبێت، بەمەرجێک رێژەی پاڵێوراوەکانی لە سێ کەس کەمتر نەبێت‌و لە دوو ئەوەندەی رێژەی کورسییەکانی ئەو پارێزگایەش زیاتر نەبێت‌و رێـژەی ژنانیش تیایدا چواریەکی رێژەی کورسییە براوەکانی هەر لیستێک بێت، دەشتوانرێت لیستی تاکەکەسیی بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا بکات‌و کورسییە بەتاڵەکانیش لەلایەن لیستە براوەکانەوە پڕدەکرێتەوە.

لــەوبــارەیــەوە عومەر بـادی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی، ئاماژەی بــەوەدا: پەیڕەوکردنی لیستی نیمچە کراوە رێ بە بەشداریی زۆرترین خەڵکی کوردستان دەدات لەو هەڵبژاردنەدا، واشدەکات لیستەکان کەسی باش‌و خاوەن جەماوەر لە لیستەکەیاندا دابنێن تا بتوانن دەنگی تەواو بەدەستبهێنن‌و بەمەش لیستی هاوبەشی چەند حیزبێک هەڵدەوەشێتەوە.

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەشدا؛ پڕکردنەوەی کورسییە بەتاڵەکان بە لیستی بــراوە لە بــەرژەوەنــدیـی کــوردو لیستە بچووکەکاندا نییە، بەتایبەت لەو شارانەی کــوردی کەم تێدایە، کە پاڵێوراوەکانیان ناتوانن دەنگی تەواو بەدەستبهێنن‌و کورسییە بەتاڵەکانیش بۆ ئەو لیستانە دەچێت کە زۆرترین دەنگ بەدەستدەهێنن.

## دەنگدانی تایبەت

لە مادەی چوارەمی یاساکەدا دەنگدانی تایبەت دیاریکراوە، کە هەریەک لە کارمەندە سەربازییەکانی وەزارەتی بەرگریی‌و ناوخۆو دەزگا ئەمنییەکانی دیکەو دەستیگرکراو و نەخۆشی نێو نەخۆشخانەکان‌و کۆچبەرو کۆچپێکراوەکان دیاریکراوە، کە هەریەکەیان بە ئالیەتێکی تایبەت کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە دیاریدەکرێت، بەشداریی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا دەکەن.

## کەرکوک‌و باری تایبەت

بەپێی مــادەی شەشەمی یاساکە جۆرێک لە باری تایبەت دراوە بە کەرکوک‌و ئەو پارێزگایانەی کە گومان لە تۆماری دەنگدەرانیان دەکرێت، بەشێوەیەک کە هەر پارێزگایەک رێژەی زیادبوونی دانیشتووانی ساڵانەی (٥٪) تێپەڕکردبێت‌و داوایەکی گومانلێکردن لەو پارێزگایە لەلایەن (٥٠) ئەندامی پەرلەمانی نوێوە پێشکەشدەکرێت‌و دەبێت زۆرینەی سادەی دەنگی پەرلەمانتاران بەدەستبهێنێت، پەرلەمان لیژنەیەکی تایبەت لە پێکهاتەو پەرلەمانتارانی کەرکوک‌و ئەو پارێزگایانە پێکدەهێنێت کە گومان لەسەر تۆماری دەنگدەرانیانەو نوێنەری وەزارەتی پلاندانان‌و ناوخۆی بازرگانی‌و کۆمسیۆنی بـاڵاش بەشداریی تیادا دەکــەن‌و لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانیشەوە هاوکاریی دەکرێن بۆ وردبینکردنی ئەو هەڵەو زیادبوونانەی لە تۆماری دەنگدەرانی ئەو پارێزگایانەدا بەدیدەکرێت‌و پێویستە ئەو لیژنەیە لە یەک ساڵدا ئەو ئەرکەی ئەنجامبدات‌و هەڵبژاردنی هیچکام لە کەرکوک‌و ئەو پارێزگایانەی گومان لەسەر تۆماری دەنگدەرانیان هەیە، باوەڕپێکراو نابێت تا پرۆسەی وردبینیکردنی تۆماری دەنگدەرانیان تەواو نەبێت.



# لە ئەستەنبوڵ، هیچ بەرپرسێکی تورک ئامادەنەبوو، لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێم دابنیشێت

شاڵاو فەتاح

کۆنسولی ئەتلەنتاو زانکۆی کۆڵۆمبیاو زانکۆی ئەمریکیو وەزارەتی دەرەوەی نەرویج کۆبوونەوەیەکی دوو ڕۆژە بۆ گفتوگۆی نێوان کوردو تورکەکان ڕێکدەخەن، لەم کۆبوونەوەیەدا پێنج وەزیری کابینەی نوێو چەندین بەرپرسی باڵای هەرێم ئامادە دەبن، بەڵام هیچ بەرپرسێکی تورک ئامادەی کۆبوونەوەکە نابێت، ئەمەش لە ترسی وروژاندنی رای جەماوەری تورک لە دژی کۆبوونەوەکەو کاردانەوەی ئەوان.

جەنگیز چاندار لە وتارێکیدا، کە لە رۆژنامەی (حوڕییەت دەیلی نیوز)ی تورکی-ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە باس لە کۆبوونەکەوەو وردەکارییەکانی دەکاتو دەنووسێت؛ لەناو کوردەکان، کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ، ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانو سێ وەزیری دیکەی حکومەتی تازە پێکهاتووی لە هەرێمی کوردستان تێدابوو، ئەمە جگە لە فوئاد حسێن، پیاوی دەستەڕاستی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمو کەسانی گرنگی بواری نەوت لە کوردستان وەک خالید ساڵحو کامەران قەرەداغیو سەرۆکی ژووری بازرگانی هەولێرو سلێمانیو دهۆک.

## بەرپرسانی تورک ئامادە نابن

لە هەمان راپۆرتدا ئاماژە بە غیابی بەرپرسانی تورک دەکرێتو دەوترێت تەنانەت یەک بەرپرسی تورک لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە نەبوو، چاندار دەنووسێت؛ ئەم ئامادەگییەی کوردەکان لەلایەن تورکەکانەوە باڵانس نەکراو تەنانەت یەک بەرپرسی تورک لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەگی نەبوو. ئامادەنەبوونی تورکەکانیش چەندین هۆکاری هەبوو، لەوانە: پلانی چارەسەری کێشەی کوردو کاردانەوەی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا. رەخنەی ئۆپۆزسیۆن وای لە لایەنی حکومیی کرد، کە ئامادە نەبێت لە کۆبوونەوەکەدا. لە بارەی ئامادەنەبوونی سەرانی تورک لەو کۆبوونەوەیەدا ئەحمەد داود ئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا وتی: دوو رۆژ لەمەوپێش لە هەولێر بووین، چ پێویست دەکات دووبارە کۆببینەوە؟ هەڵوێستی بەرپرسانی کورد بەرامبەر ئەم کۆبوونەوەیە هێشتا پۆزەتیڤەو بوونی خۆیان لە ئەستەمبوڵ بە دەستکەوتێکی گەورە دادەنێن، وەک کەریم کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی دەربارەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانو تورکیا، سەیری دەریاکەی بەردەمی دەکاتو دەڵێت: ساڵێک پێش ئێستا تەنانەت باوەڕمان نەدەکرد ئەم شوێنە ببینین.

## بەرپرسانی هەرێم پلانەکانیان ئاشکرا دەکەن

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بەرپرسانی کورد لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەرو رۆژنامەنووسی تورک دەکەونە گفتوگۆو زانیاریی ورد دەربارەی وەزارەتەکانیان دەدەنە ئەو نووسەرانە، لە نێویاندا جەنگیز چاندار باس لەو زانیارییانە دەکات، کە لەلایەن هێرش موحەڕەم سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمەوە لە بارەی ژمارەی کۆمپانیا تورکییەکانەوە پێیداوە.

هێرش موحەڕەم بە چاندار دەڵێت: لە کوردستاندا (٨٠٠) کۆمپانیای تورکی هەیەو (٥٠٠)یان هەمیشەیین، دواتر موحەڕەم وەبەرهێنانی تورکیا لە عێراقدا دەخاتەڕوو دەڵێت: تورکیا ساڵانە (٧) ملیار دۆلار لە عێراقدا وەبەردەهێنێت، کە (٦)یان لە هەرێمی کوردستاندایە.

ئەمەو ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم لە لاپەڕەیەکدا پلانی وەزارەتەکەی دەربارەی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم بۆ ساڵانی داهاتوو دەخاتەڕوو. ئاشتی هەورامی لەو لاپەڕەیەدا وردەکاریی زۆر دەربارەی رێژەی بەرهەمهێنانی بەرمیلە نەوت لە ساڵانی داهاتوودا دەخاتەڕوو، بەپێی پلانەکەی هەورامی لە ساڵی (٢٠١١)دا هەرێمی کوردستان بە تەنیا دەتوانێت خواستی تورکیا بۆ نەوت دابینبکات، کە دەکاتە (٥٠٠,٠٠٠) بەرمیل لە رۆژێکدا، هەر بەپێی پلانەکەی هەورامی، هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٢)دا سەرڕێژی بەرهەمی لە ئاستی تورکیادا دەبێتو بەرهەمهێنانی نەوت دەبێتە (١) ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.

## نووسەرانی تورک وەڵامدەدەنەوە

لە میانەی گفتوگۆی ناو کۆبوونەوەکەو لە غیابی هاوشانە تورکەکانی بەرپرسانی هەرێم، نووسەرانی تورک وەڵامی بەرپرسانی کورد دەدەنەوەو هەندێکیشیان ئاماژە بەوە دەکەن؛ گوایە «دڵنیا نین لێمان تێگەیشتن، یان نا». محەمەد عەلی بیراند نووسەرو رۆژنامەنووسی تورک لە وتارێکیدا بۆ رۆژنامەی حوڕییەت دەیلی نیوز دەربارەی کۆبوونەکە دەنووسێت؛ من یەکێکم لەوانەی پێمwایە دەبێت تورکیاو هەرێمی کوردستان پشت بە یەکتری ببەستن، چونکە ئەگەر سبەینێ کەسێک هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان، هیچ لایەک نییە هانای بۆ بەرێت جگە لە تورکیا، بەڵام ئەمەش لە یەک حاڵەتدا دەکرێت، ئەویش وەدەرنانی پەکەکەیە.

لە کاتی کۆنفرانسەکەدا تێگەیشتم بەرپرسانی هەرێم لەوە تێناگەن کەیسی پەکەکە چەند بۆ تورکیا گرنگەو ئەوان ئەو کێشەیە وەک چاودێرێکی نەتەوەیەکگرتووەکان سەیردەکەن.

یەکێک لە بەرپرسانی هەرێم لە بارەی پەکەکەوە وتی: پەکەکە کێشەی ناوخۆیی خۆتانە، چیتان پێدەکرێت بیکەن بۆ ئەوەی لەم مەینەتییە رزگارتان بێتو ئێمەش رزگارمان بێت لەدەستیان.

دواتر بیراند ئاماژە بە وەڵامی خۆی لە بەرامبەر ئەو بەرپرسە دەکاتو دەڵێت: پێموتن، هاوڕێیان بەوجۆرە سەیری کێشەی پەکەکە مەکەن، دەبێت هەستیارتر بن بەرامبەر ئەو کێشەیە، نەک وەک چاودێرێکی نەتەوەیەکگرتووەکان لێی بڕوانن.

# ٢٠ ساڵ لەمەوبەر دیواری بەرلین رووخێنرا، کەی دیواری نێوان شارەکانی کوردستان دەڕووخێت؟

رۆژنامە

دوای جەنگی دووەمی جیهانییو دابەشبوونی ئەڵمانیاو دامەزراندنی ئەڵمانیای دیموکرات لە (٧)ی تشرینی یەکەمی (١٩٤٩)دا، کێشەو ناکۆکیی زۆر گەرمو هەندێکجار کەمێک سارد کەوتە نێوان وڵاتانی ناتۆو یەکێتیی سۆڤیەتەوە.

دابەشبوونی ئەڵمانیا لە ئەنجامی سەرکەوتنی هاوپەیمانان بوو لە جەنگی دووەمی جیهانییو دابەشبوونی ئەڵمانیا بەسەر چوار بەشدا، ئەویش ئەمریکا، یەکێتی سۆڤیەت، فەرەنساو ئینگلتەرا.

ئەم دابەشبوونە شاری بەرلینیشی گرتەوە، ئەو شارەش بوو بە دوو شار، بەرلینی خۆرئاوا، کە لەڕووی ئیدارییەوە بە ئەڵمانیای خۆرئاواوە یاخود ئەڵمانیای فیدراڵەوە بەسترابووەوە، بەڵام بە رەسمیی سەر بە ئەمریکاو فەرەنساو ئینگلتەرا بوو، بەرلینی خۆرهەڵات کە بوو بە پایتەختی ئەڵمانیای دیموکرات، ئەویش بە رەسمیی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەتدا بوو.

بەرلین کە شارێک بوو بە دوو سیستمی سیاسیی جیاواز حوکم دەکرا، لایەکیان دەسەڵاتێکی سۆسیالیزمو ئەوەی دیکە بازاڕی ئازاد (سەرمایەداریی)، ئەو بارودۆخەو ئەو یەک شارییە وایکردبوو کە رۆژانە زیاتر لە (٥٠) هەزار ئەڵمانی لە بەرلینی خۆرئاوا کاریان دەکردو پارەی ئەوێیان وەردەگرتو لە بەرلینی خۆرهەڵات دەژیانو هەروەها هەزارەها هاوڵاتی بەرلینی خۆرئاوا بۆ کڕینی خواردنو کەلوپەل دەهاتنە بەرلینی خۆرهەڵات، چونکە لەوێ هەرزانتر بوو، چونکە هەموو مارکێکی خۆرئاوا بەرامبەر بە (٤) مارکی خۆرهەڵات بوو.

ئەم بارودۆخە ئابووریيە سەختەی ئەڵمانیا لەگەڵ گرژیی سیاسییو سەربازیی نێوان یەکێتیی سۆڤیەتو وڵاتانی پەیمانی ناتۆدا، بووە هۆی ئەوەی کە سەرکردەکانی یەکێتی سۆڤیەتو ئەڵمانیای دیموکرات بڕیار بدەن کە لە بەرەبەیانی (١٣)ی ئابی (١٩٦١)دا بەرلینی خۆرئاوا بە دیوارێک بە درێژایی (٤٥)کم لە بەرلینی خۆرهەڵاتی جیاکردەوەو بە دیوارێکی دیکە بە درێژایی (١١٢)کم ئەڵمانیای دیموکراتی لە ئەڵمانیای فیدراڵ جیابکەنەوە.

بێگومان دیواری بەرلین تەنیا دیوارێک نەبوو کە شارێکی کرد بە دوو پارچەوە، بەڵکو بوو بە دابەشکردنی مێژووی میللەتێکو دابەشکردنی رابردووی شارێکو زۆر شەقامو کۆڵانی کرد بە دوو بەشەوەو حەوشەی لە ماڵ جیاکردەوەو پەنجەرە لە دەرگاو ژن لە مێردو منداڵ لە دایکو باوک.

دیواری بەرلین (٢٨) ساڵ تەمەنی بوو، دوێنێ دووشەممەی تشرینی دووەم (٢٠) ساڵ بەسەر هەرەسهێنانیدا هات، دیواری بەرلین کە بەناوبانگترین ئامراز بوو لەنێوان ئازادییو سەربەستیو کۆیلەیەتیدا، هەر بۆ ئەو ئازادییە، زیاتر لە (١٥٠) هاوڵاتی بەرلینی خۆرهەڵات گیانیان لەدەستدا بۆ هەڵاتنیان بۆ بەشێکی دیکەی شارەکەیانو کەوتنە بەر رەحمی فیشەکی پۆلیسی پاسەوانی دیواری ترسێنەرو زیاتر لە (٧٥) هەزار هاوڵاتیش چوونە بەردەم دادگا بەهۆی هەوڵیان بۆ هەڵمژینی هەوای ئازادیی.

ئێستا ئەڵمانیا دوای (٢٠) ساڵ تەمەنی بەسەر یەکێتیی وڵاتی خۆیدا لە باشترین قۆناغی ئابووریيو سیاسییو کۆمەڵایەتیدا دەژیو وڵاتەکە بووەتەوە یەکو ژنێکی ئەڵمانیای دیموکرات (ئەنجێلا مێرکل) بۆ جاری دووەم بووە بە راوێژکاری وڵاتەکەو ئەڵمانیا بەڕێوەدەبات، ئەمە لەکاتێکدا کە هەموو هاوڵاتییەک کە لە ئەڵمانیا کار دەکات، مانگانە بەشدارە بە پارە بۆ بیناکردنەوەی ئەڵمانیای دیموکراتی جارانو گەیاندنی بە ریزی ولایەتەکانی دیکەی ئەڵمانیای فیدراڵ.

رووخاندنی دیواری بەرلین، نموونەیەکەو هۆشیارییەکە بۆ نەهێشتنی هەموو دیوارەکان، هیچ دیوارێک نییە نەڕووخێت، باوەڕو ویستو خواستی هاوڵاتییان هەموو دیوارێکی سیاسییو نەفسییو عەقڵیو کۆمەڵایەتی دەڕووخێنێتو پانتایی زیاتر دەرەخسێنێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بۆچوونی جیاوازو دیموکراتدا.

کاتی ئەوە هاتووە بۆ رووخاندنی هەموو جۆرە دیوارەکان لەنێوان ئەم دیو و ئەو دیودا، با دیوارە دروستکراوەکانی نێوان سۆرانو بادینان، هەولێرو سلێمانی، زاخۆو پێنجوێن، یەکێتیو پارتی، گۆڕانو یەکێتی، کۆمەڵو کۆمۆنیستو...هتد بڕووخێنین.

بەرلین فێریکردین دیوارەکان چەند بەرزو بڵندو پتەو بن، بەڵام رۆژێک دێت کە بڕووخێن.




# بیرکردنەوە لەودیو سەرکردەی پارتەکانەوە

دواجار پەرلەمانی عێراقی یاسای نوێی هەڵبژاردنەکانی پەسەندکرد، کە تێیدا داوای لیستی کراوە دەکات، بەداخیشەوە سەرکردەکانی کورد بە پێچەوانەی سەرکردە عەرەبە عێراقییەکانەوە پشتگیریی سیستمی لیستی داخراویان دەکردو ئەگەر بەغدا پەیڕەوی لیستی داخراوی بکردایە، ئەوا سەرکردایەتیی کوردو دیموکراسیی کوردستانی دەخستە نێو بارودۆخێکی شەرمەزارییەوە.

مێژووی لیستی داخراو لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، کاتێک بۆ یەکەمینجار لە مێژووی کورددا لە عێراق دەرفەتی هەڵبژاردنیان لە ١٩٩٢/٥/١٩ بۆ رەخسا، پارتیو یەکێتی سیستمی داخراویان پەیڕەوکرد، هەروەها لەدوای (٢٠٠٣)شەوە ئەو کاتەی ئەمریکییەکان رێگەیاندا بە عێراقییەکان خۆیان سیستمی هەڵبژاردن دیاریبکەن، کورد ئەو مۆدێلەی خۆی گواستەوە بۆ عێراقو لەوێش سیستمی داخراو پەیڕەوکرا.

ئێستا بەغدا وانەی وەرگرتو سووربوونی خۆی لەسەر لیستی کراوە دەربڕیو توانی بیچەسپێنێت، ئەمەش نەک لەسەر داخوازیی واشنتۆن، بەڵکو لەسەر داواکاری عێراقییە عەرەبەکانو ئایەتوڵا سیستانی بوو.

جاسۆن کلەک لە پەیمانگای ئەمریکا بۆ ئاشتی دەنووسێت: «وردەکاریی هەڵبژاردنەکان بە کێشەی کەرکوکەوە، کێشەی تەواوی عێراقییەکانەو ئەوەی لەسەر شانی واشنتۆنە، ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی شەرعییو لەکاتی خۆیدا بە ئەنجام بگەیەنرێتو ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیش قبوڵبکرێت».

بەڵام پرسیاری سەیر لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا سیستانی لە بیروبۆچوونی ئەمریکاوە نزیکە یان پارتیو یەکێتی؟ واشنتۆن دەوڵەتێکی دیموکراتی عەلمانی رۆژئاواییەو پاڵپشتی لیستی کراوە دەکاتو پارتیو یەکێتیش بانگەشەی پێشکەوتنو بەدەستهێنانی مافە دیموکراسییەکان دەکەنو سیستانیش کەسێکی ئاینییەو ئیسلامو دیموکراسیی خۆرئاوا لە کۆتاییدا هەر دژی یەک دەوەستنەوە، بەڵام پێدەچێت سیستانی زیاتر لە سەرکردەکانی یەکێتیو پارتی لە رۆحی رکابەری هەڵبژاردن تێگەیشتبێت.

هەر هەڵبژاردنێک لەسەر بنەمای لیستی داخراو بکرێت کە پارتیو یەکێتی داوایان دەکرد، گەڕانەوەیە بۆ دواوەو بە دامەزراوەییکردنی دیکتاتۆرییەتەو سیستمی داخراو دەرفەتێکی ناعەدالەتانە دەداتە کەسانێکی نەشیاو بۆ چوونە ناو پەرلەمانو هەروەها پەرلەمان دەکاتە شوێنی گوێڕایەڵانی حیزبو چیدی ناتوانێت بڕیارێک یان بیرکردنەوەیەکی لەو دیو سنوورەکانی بیرکردنەوەی سەرکردەکانی حیزبەوە هەبێت. بە پێچەوانەشەوە ئەو سیستمەی پارتیو یەکێتی لەدژی دەوەستنەوە، ژینگەیەکی دروستو لەبارە بۆ رکابەرو دەرەفەت دەدات پەرلەمانتاران بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی خۆیان هەبێتو لەبەردەم دەنگدەرانیاندا خۆیان بە لێپرسراو بزانن، بەمەش پەرلەمان ئەرکی خۆی جێبەجێدەکات.

لە هاوینی (٢٠٠٧)دا پارتیو یەکێتی رێکەوتنێکی ستراتیژییان ئیمزاکرد بەبێ ئەوەی رای گشتیی ئاگاداری ناوەڕۆکەکەی بێتو وەک دەڵێن بۆ (١٠) ساڵە.

ئێستا پارتیو یەکێتی شکستیانهێنا لە بەرەنگاربوونەوەی ژینگەی دیموکراسیدا، لیستی کراوەو دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنیش لە کوردستان خۆی لەخۆیدا تێکدانی باڵانسی هاوبەشیبوونی پارتیو یەکێتییە، تاکتیکی بەیەکەوەبوونی ئەو دوو پارتەش بەشێوەیەکی خراپ کاریگەریی لەسەر پرۆسەی دیموکراسیی لە هەرێمی کوردستان داناوە.

butan.amedi@columnist.com

## دوای دووجار ڕەتکردنەوەی لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆمارەوە

# پەرلەمانتارانی عێراق پاسپۆرتی دیپلۆماسییان بۆ خێزانەکانیان مسۆگەرکرد

بەهادین یوسف

**دوای دووجار ڕەتکردنەوەی لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆمارەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پڕۆژەیاسای ئیمتیازی ئەندامانی پەسەندکرد و بەپێی یاساکەش پاسپۆرتی دیبلۆماسی دەدرێتە پەرلەمانتاران و خێزانەکانیان بۆ ماوەی (١٢)ساڵ، لەبەرامبەردا جێگرانی سەرۆک کۆماری عێراق ڕایانگەیاند، ئەوان هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکانیان بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ئیمتیازاتانە گرتووەتەبەر، بەڵام دواجاری بڕیار کەوتە دەست پەرلەمان بۆ جاری سێیەم یاساکەی پەسەندکردەوە**



بەپێی بەیاننامەیەکی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق، دوای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران یاساکەیان پەسەندکردووە، سەرۆکایەتیی دووجار تێبینی لەسەری هەبووەو ڕەتیکردووەتەوە، بەڵام جاری سێیەم بەکۆی دەنگی سێ لەسەر پێنجی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکراوەتەوەو سەرۆکایەتیی کۆمار بۆی نەبووە ڕەتیبکاتەوەو بە پێی مادەی (٧٣) لە دەستووری عێراق، یاساکە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەوبارەیەوە ئازاد چالاک، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: سەرۆکایەتیی کۆمار یاساکەیان ئیمزا نەکردو تێبینییان لەسەر پێدانی زەویی هەبوو بە ئەندامانی پەرلەمان، پرسیاری ئەوەیان کردبوو ڕووبەری زەوییەکە چەندەو بەرامبەر چی دەدرێت بە پەرلەمانتاران، هەروەها پاسپۆرتی دیبلۆماسی بۆ خێزانی پەرلەمانتاران کێ دەگرێتەوە.

وتیشی: «جاری یەکەم و دووەم دەستکارییەکی کەمی یاساکە کراو نێردرا بۆ سەرۆکایەتیی کۆمارو ڕەتیانکردەوە، دواتر پەرلەمان پێدانی زەوی لە یاسای ئیمتیازاتی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لابردو پاسپۆرتی دیبلۆماسی دیاریکرد بۆ خێزان و ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە خوار (١٨)ساڵەوەیەوە بۆ ماوەی (١٢)ساڵ، بەو تەعدیلاتانەوە یاساکە پەسەندکراو، بۆ جاری سێیەم پێویستی بەوە نییە یاساکە بنێررێتەوە بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار تا پەسەندی بکات یان ڕەتیبکاتەوەو ڕاستەوخۆ دوای بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی ڕەسمیدا، دەکەوێتە بورای جێبەجێکردنەوەو کاری پێدەکرێت».

لەبەرامبەردا هەریەک لە تاریق هاشمی و عادل عەبدولمەهدی، جێگرانی سەرۆک کۆماری عێراق، سەبارەت بە ئیمتیازاتی ئەندامانی پەرلەمان ڕایانگەیاند: هیچ پۆستێکی قیادی بۆی نییە یاسا دەربکات، تایبەت بە ئیمتیازاتەکانی خۆی لەداهاتوودا و هەوڵدەدەن لە چوارچێوەی هەموارەکانی دەستوردا ئەو مەسەلەیە جێبکەنەوە.

هاشمی و عەبدولمەهدی دوای کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەڕاگەیاندنێکدا ئاشکرایانکرد: سەرۆکایەتیی کۆمار دووجار ئەو یاسایەی ڕەتکردووەتەوەو هەموو ڕێوشوێنە یاسایی و دەستوورییەکانی گرتووەتەبەر بۆپەسەند نەکردنی ئەو یاسایە، بەڵام دوا قسە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران گەڕایەوە کە دەنگی لەسەر داو بۆ جاری سێیەم پەسەندیکردەوەو بەپێی دەستووری عێراقی سەرۆکایەتیی کۆمار جارێکی تر ناتوانێت ئەو یاسایە ڕەتبکاتەوە».

سەبارەت بە ناڕەزاییەکان دژی یاسای ئیمتیازاتی پەرلەمانتاران، ئازاد چالاک ئاماژەی بەوەکرد، لە عێراقدا وەزیرەکان پاسپۆرتی دیبلۆماسییان هەیەو بەپێی یاساش، ئەندام پەرلەمان، هاوپلەی وەزیرە، بۆیە پەرلەمانتارەکان بوونی پاسپۆرتی دیبلۆماسییان بە مافی خۆیان زانیووە.

ئاماژەی بەوەشکرد لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهاندا، کەسانی سیاسی و پەرلەمانتارو وەزیرو تەنانەت هونەرمەندو یاریزان و کەسانی ناودار پاسپۆرتی دیبلۆماسییان پێدەدرێت بۆ ئەنجامدانی گەشت و سەفەر بۆ دەرەوە، هەندێکیشیان ئەو پاسپۆرتەیان تا کۆتایی تەمەن پێدەدرێت: «لەلایەن میدیا عێراقییەکانەوە مەسەلەی پاسپۆرتی دیبلۆماسی زۆر گەورە کرا، لەکاتێکدا ئەوە مافێکی خۆیانە هیچ پەیوەندییەکی بەقووتی خەڵکەوە نییە، یان مافێک نییە لەخەڵک سەندرابێتەوە بۆ پەرلەمانتارەکان».

# بەعس خۆی بۆ پەرلەمانیداهاتووی عێراق ئامادە دەکات

هەستیار قادر

**مەترسی گەڕانەوەی بەعسییەکان لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بۆ پەرلەمانی داهاتووی عێراق زیاد دەکات و مالیکیش کار بۆ زووتر پێکهێنانی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری دەکات بە مەبەستی ڕێگرتن لێیان**


سالح موتلەگ


خەلەف علەیان


جەواد پۆلانی


ئەحمەد ئەبوریشە

## «با بەعسییەکان نەچنە پەرلەمان»

لە سەروبەندی خۆئامادەکردنی لیست و پارتە سیاسییەکانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بڕیارە لە (٢٠١٠/١/١٦) لە سەرانسەری عێراقدا ئەنجام بدرێت، چەندین لیست و هاوپەیمانێتی نوێ پێکهێنراون، کە هەندێکیان بەتایبەت هاوپەیمانێتییە سوننییەکان مەترسی ئەوەیان لێدەکرێت لە ڕێگەیانەوە بەعسییەکان بگەڕێنرێنەوە پەرلەمانی داهاتوو.

ئەم مەترسییە لە لێدوانی زۆربەی بەرپرسە شیعەکانەوە بەدی دەکرا، بەڵام سەرسەخترین لایەن کە بە گومانە لەو ئەگەرە، حیزبی دەعوەی عێراقییە.

لەوبارەیەشەوەو لە میانەی فیستیڤاڵی دامەزراوەکانی گواستنەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بەعس، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرۆکی حیزبی دەعوە، هەموو لایەکی لە دەرەنجامە سلبییەکانی گەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ ناو پەرلەمانی داهاتوو ئاگادارکردەوە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە داواشی لە هاوڵاتیان کرد، کە دەنگیان پێنەدەن.

هاوکات د.عەبدوڵڵا عالیاوایی جێگری سەرۆکی لیژنەی لێپرسینەوەی دادپەروەریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژەی بە بوونی مەترسیی هەوڵی گەڕانەوەی بەعسییەکان کرد بۆ پەرلەمانی داهاتوو و ڕایگەیاند: «مەترسیی گەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ ناو پەرلەمانی داهاتوو لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە هەستی پێدەکرێت و کۆنە بەعسییەکان لە ڕێگەی چەند لیستێکی جیاوازەوە بە بەرگی دیکەوە دەیانەوێت بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان بکەن».

## ڕێگرەکانی بەعس بۆ گەڕانەوە

لە ئێستادا مەترسیی لە ئاردایە سەبارەت بە گەڕانەوەی هەندێک لە بەرپرسەکانی پێشووی سەربازیی و سیاسیی بەعس بۆ ناو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و وەزارەتە هەستیارەکانی حکومەتی عێراق، ئەوەش لە کاتێکدایە، کە بەپێی بەیانی ژمارە یەکی پۆڵ برێمەری حاکمی مەدەنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٤)دا فەرمانی ڕێگرتن دراوە لە گەڕانەوەی بەعس وەک ڕێکخستنەکانی، یان هەر ناوێکی دیکە بۆ کورسیی حوکم لە عێراق و لە بڕگەی یەکەمی مادەی حەوتی دەستووری عێراقیشدا هاتووە؛ کە ڕێ بە هیچ هێزێکی ڕەگەزپەرستی، یان تیرۆر نادرێت، کە پاکتاوی نەژادی بکات بەتایبەت حیزبی بەعسی سەدامیی لە ژێر هەرناوێکدا بێت ڕێگەش نادرێت لەژێر ناوی فرەیی سیاسیی جێی بێتەوە، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ڕێکخستنی ناوەڕۆکی ئەو مادەیەی دەستووری عێراق بۆ ڕێگرتن لە گەڕانەوەی بەعسییەکان (سەدامییەکان) بۆ عیراق لە مانگی شووباتی ساڵی (٢٠٠٨)دا یاسای دەستەی باڵای نیشتمانیی بۆ لێپرسینەوەو دادپەروەری پێکهێنرا، کە تیایدا چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پێکهێنانی ئەو دەستەیەو شێوازی کارکردنی بۆ ڕێگرتن لە گەڕانەوەی هەندێک لە بەپرسانی پێشووی بەعس بۆ پۆستە باڵاکانی حکومەتی عێراقی لە ڕووی ئیداریی و سیاسیی و فیکریی و ڕۆشنبیریی و ئابوورییەوەو بەپێی ئەو یاسایەش پۆستی ئەو بەرپرسانەی پێشووی بەعس دیاری کراوە، کە توانای گەڕانەوەیان نییە بۆ پۆستە هەستیارەکان لەوانە (عضو فرقە) ڕێی پێنادرێت بگەڕێنەوە سەر کارە ڕەسمییەکانی پێشووتریان لە هەرسێ دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی قەزاو وەزارەتەکان و دەزگا ئەمنییەکان.

ڕێشنادرێت بە ئەندامانی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە بۆ سەرەوە بە وەرگرتنی پۆست و پلە تایبەتەکانی بەڕێوەبەری گشتیی و پۆستە هاوتاکانی لە یەکە ئیدارییەکان.

## لیستە گومانلێکراوەکان

کە بەم دواییە ژمارەیەک لیست و حیزب و کەسایەتی جیاجیا گومانی ئەوەیان لێدەکرێت لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ببنە ڕووپۆشی بەعس بۆ گەڕانەوەی بۆ ناو پەرلەمان، لەوانە بەرەی (بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی)، کە لەلایەن هەریەک لە ئەیاد عەلاوی سەرۆکی بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانی و ساڵح موتڵەگ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی و خەڵەف علەیان سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتمانی و ئەحمەد ئەبوو ڕیشە سەرۆکی ئەنجومەنی سەحوەی عێراق و ئوسامە نجێفی ئەندامی لیستی عێراقییەو برای ئەسیل نجێفی سەرۆکی لیستی حەدباو جەواد پۆڵانی وەزیری ناوخۆو سەرۆکی حیزبی دەستووری عێراقیی، کە بەپێی چەند زانیارییەکی ڕۆژنامە لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی لە پەرلەمانی عێراق ناوی (٢٣٢٣) کەس لە ئەفسەری فیدایی سەدام و عوزو فیرقەو شوعبەو ئەمنی خاسی تۆمار کردووە، کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابرووددا لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق دووبارە دامەزرێنراونەتەوە.

حەیدەر مەولا ئەندامی باڵای (بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی) ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە، کە ئاراستەیان کراوە سەبارەت بەوەی لیستەکەیان هەوڵی گەڕانەوەی بەعس دەدەن و بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە ئەوان لە دژی گەڕانەوەی ئەو بەعسیانەن، کە دەستیان چووەتە خوێنی عێراقییەکانەوە، بەڵام تێبینی پێکهاتەکانی لیستەکەی لەسەر یاساو خودی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری و هەندێک یاسای دیکە نەشاردەوە، کە بە وتەی ئەو هەوڵێکن بۆ لە کارخستنی کەسایەتی و لایەنی دیکە.

حەیدەر مەولا ئۆباڵی ئەو هێرشە ڕاگەیاندنەی بۆ سەر لیستەکەیان خستە ئەستۆی حیزبی دەعوەو وتی: «مالیکی دەیەوێت شکشتەکانی حکومەتەکەی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ڕووپۆش بکات بۆیە کار لەسەر ئەوە دەکات، جۆرێک لە تایفەگەریی نوێ بهێنێتەکایەوە لە نێوان لایەنەکانی شیعەو هێزە سوننییەکانی دیکەدا.

## کۆمسیۆن چی پێدەکرێت؟

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کە ئەرکی وردبینیکردنی پاڵێوراو و لیستەکان و ڕاستاندنیانی لەسەرە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەوبارەیەوە سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆن بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەرکی بنەڕەتی لێکۆڵینەوە لە پاڵێوراوەکانی هەر هەڵبژاردنێک لە ئەستۆی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریدایە، ئەویش لە دوای ئەوەی، کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە ناوی پاڵێوراوەکان بۆ ئەو دەستەیە دەنێرن بە مەبەستی تاوتوێکردنی و دواتر وەڵامدانەوەیان، کە ئەوەش بە یاسا بەڕێو دەچێت و ئەو پۆستانەی پێشووی بەعسیش دیاریدەکرێت، کە ڕێیان پێنادرێت وەک پاڵێوراوێک بەشداریی هەڵبژاردن بکەن.

سەبارەت بە ئاشکرابوونی پێشینەی بەعسیبوونی پاڵێوراوێک دوای دەرچوونی وەک ئەندام پەرلەمان، سەردار عەبدلوکەریم ئاماژەی بەوەدا؛ کە ئەو کات داواکاری گشتیی بە پشتبەستن بە بەڵگەی تەواو لە ڕێگەی دادگاوە سکاڵا لەسەر ئەو پەرلەمانتارە تۆمار دەکات و دواتریش لە لایەن دادگاوە بڕیار لەسەر هەڵگرتنی حەسانە لە سەری دەدرێت.

## دەستەیەک بۆ لێپرسینەوە نییە

لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە یاسای دەستەی باڵای نیشتمانی لێپسینەوەو دادپەروەریی پێکهێنراوە، تا جێگەی دەستەی ڕیشەکێشکردنی بەعس بگرێتەوە، بەڵام تائێستا ئەو دەستەیە پێکنەهێنراوە، کە ئەندامەکانی (٧) کەسن، کە لە (٢) کوردو (٢) سوننەو(٣)شیعە پێکدێن و هەموو لایەنەکانیش پاڵێوراوی خۆیان پێشکەشکردووەو بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری بەغداش بەم دواییە مالیکی گوشارێکی زۆری دروستکردووە بۆ پێکهێنانی ئەو دەستەیە، کە ڕەنگە بۆ ڕێگرتن بێت لە خۆپاڵاوتنیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو.

عەبدوڵڵا عالیاوایی ئەندامی لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە ڕوونیکردەوە، کە کارەکانی دەستەی ڕیشەکێشکردنی بەعس ڕاگیراوەو بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ناتوانن کار بکەن بەوپێیەی لەو دەستە کۆنەدا، کە ئەحمەد چەلەبی سەرۆکایەتی دەکرد لادانی زۆر کراوەو لە ڕێگەی بەرتیلەوە کەسانێک گەڕێنراونەتەوە سەر پۆستەکانیان، کە شایستەی گەڕانەوە نەبوون بۆ پۆستەکانیان».

# دڵشاد بارزانی، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی:

# دەسەڵات گەیشتووەتە قەناعەتێک، کە دەبێت گۆڕانکاریی بکرێت

**دیداری: ئیبراهیم عەلی**

**دڵشاد بارزانی، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان، لە دیدارێکی تایبەتی ڕۆژنامەدا ئاماژە بە جیاوازییە جەوهەرییەکانی خولی دووەمو سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دەکاتو نیگەرانیشە لەوەی کە بە چاوێکی دوژمنکارانە سەیری هەر فراکسیۆنێکی پەرلەمانی بکرێت**


دڵشاد بارزانی

**ڕۆژنامە: وەکو پەرلەمانتارێک پێتوایە، جیاوازیی جەوهەریی لەنێوان خولی دووەمی پەرلەمانو خولی سێیەمدا چییە ؟**

* بەهۆی ئەوەی خولی سێیەم لە ساڵی (٢٠٠٩)دا هەڵبژاردنی بۆ کراوە، بۆیە دەبێت جیاواز بێت لەگەڵ خولی دووەمدا، لەبەرئەوەی بۆ خولی دووەم لە ساڵی (٢٠٠٥) هەڵبژاردن کراوەو جیاوازی زۆرە لە نێوان بارودۆخی ساڵی (٢٠٠٥) و (٢٠٠٩)داو ئەگەر ئەو خولەی پەرلەمان وەکو خولی پێشوو بێت، کەواتە ئێمە لە جێگەی خۆمان وەستاوینو هیچ پێشنەکەوتووین، ئەگەر ئێمەش پێشنەکەوین حەتمەن دوا دەکەوین، بۆیە من گۆڕانکاریی زۆر دەبینم کە هاتوونەتە ئاراوەو پێداویستییەکانی کۆمەڵگە گۆڕاون، بۆیە دەبێت شتەکانی دیکەش بگۆڕێن، ئێستا دەسەڵات گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت گۆڕانکاریی بکرێت لە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتییانو ڕووداوەکاندا، گۆڕانێکی دیکەش هاتووەتە ئاراوە کە لە دەرەوەی ئیرادەی دەسەڵات بووە، وەکو دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن، کە ئەمەش خاڵێکی وەرچەرخانە لە بزووتنەی دیموکراسییەتدا لە کوردستان.

**ڕۆژنامە: خۆت ئاماژەت بەوە کرد کە خاڵی جەوهەریی لە جیاوازییەکان بوونی ئۆپۆزسیۆنە لە نێو پەرلەماندا، بەڵام لە ئێستادا دەسەڵات ئۆپۆزسیۆن تۆمەتباردەکات بەوەی کە تەواوی شتەکانی دەسەڵات ڕەتدەکاتەوەو ئۆپۆزسیۆنیش دەسەڵات بەوە تۆمەتباردەکات، کە بە چاوێکی دوژمنکارانەوە سەیری ئۆپۆزسیۆن دەکات، بوونی ئەم دوو تێڕوانینە جیاوازە چەند خزمەت بە خەڵکی کوردستان دەکات؟**

* ناکرێت وەکو ساڵانی (٩٠)ەکان کە چۆن کەموکوڕییەکانمان بەوە پەردەپۆش دەکرد کە دەمانوت، ئەزموونەکەمان ساوایەو لەوە زیاتر ناتوانین کێشەکان چارەسەربکەین، ناکرێت ئێمە تا هەتایە بڵێین ئەزموونەکەمان ساوایەو ئەو ئەزموونەی ئێستاش هەیە ئەزموونێکی ساوا نییە، بۆیە ئێمە لە ئێستاشدا بڵێین، ئۆپۆزسیۆن ئەزموونێکی تازەیەو بۆ یەکەمجارە ئەو حاڵەتە دروستبووە، بە بڕوای من ناکرێت لەژێر ناوی ئەو بیانووەدا درێژە بەو مشتومڕە بێبەرهەمە بدەین. ڕوئیای دەسەڵات بەو شێوەیەی کە هەر کارێک ئۆپۆزسیۆن بیکات بە کارێکی ڕوخێنەر دابنێت، ئەوا حەتمەن کارێکی هەڵەیە، ڕوئیای ئۆپۆزسیۆنیش بەوەی هەر کارێک بکرێت بە پاوانخوازی لە قەڵەمی بدات، دیسان ئەمەش هەڵەیە. پێموایە، دەبێت دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنیش یەکەم کار کە بیکەین، ئەوەیە کە لە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان دوورنەکەونەوە، بۆ نموونە ئێمە هەردوولامان بەڵێنی زۆرمان بە خەڵک داوەو ئێستاش کاتی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانە، نەک خۆمان سەرقاڵ بکەین بە کاری لاوەکییەوە، چونکە هەندێک شت مافی خەڵکەو ناکرێت لەسەر حیسابی ئەوان ململانێ بکەین. من بە برادەرانی لیستی گۆڕانو لیستەکانی دیکەشم وتووە، نابێت بە نەفەسێکی ئیستفزازییانە کار بکرێت بەوەی کە ئێمە هانبدەن بۆ ئەوەی خۆمان لەخانەی بەرگریکردن لەشتی هەڵەدا ببینینەوە، چونکە ئەگەر ئۆپۆزسیۆنیش لە پەرلەمان نەبوایە وەکو پەرلەمانتار واجبی ئێمەیە کە چاودێریی حکومەت بکەین، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن ئەرکێکی هاوبەشمان هەیە لەناو پەرلەمانو ئەوە پەیوەندیی بە دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە جەوهەری ئەرکی ئەندامی پەرلەمانەوە هەیە، من ئەو قسەیەم زۆر پێ ناخۆشە کە بە ئێمە بگوترێت فراکسیۆنی دەسەڵات، چونکە ئێمە کوێرانە پاڵپشتی دەسەڵات ناکەینو ئێمەش ئەرکمان چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.

**ڕۆژنامە: بەشێک لە لیستی کوردستانی مامەڵەکردنیان لەگەڵ لیستی گۆڕان لەسەر بنەمای تۆڵەسەندنەوەیە، بەتایبەت کە گۆڕان لە جێ نفوزی یەکێک لە پێکهاتەکانی لیستی کوردستانیدا هەڵبژاردنی بردووەتەوە، مامەڵەکردن بەو شێوازو ئالییەتەی ئێستا بە حاڵەتێکی تەندروست دەزانیت؟**

* ئەم حاڵەتە کاریگەریی هەیە لەسەر ئاستی تاکە کەس، هەرچەندە ناتوانین بە تەواویی ئەو قسەیە ڕەتبکەینەوە، بەڵام من دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەو بۆچوونە بە هیچ شێوەیەک کاریگەریی نابێت لەسەر کارو ئەجێندای لیستی کوردستانی، یان بڵێین کاریگەریی هەبێت لەسەر تێڕوانینو بڕیارەکانی لیستی کوردستانی، شتی وا نییەو ئەم حاڵەتە نابێتە بنەمای کارکردنی لیستی کوردستانی.

**ڕۆژنامە: ئێوە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا بە یەک لیست بەشداریتان کرد لە هەڵبژاردنەکاندا، ئایا ئێستا پێویست نییە ببن بە دوو فراکسیۆنی پەرلەمانی؟**

* پێموایە، بڕیارێکی مەرکەزیی هەیە کە تا ئەو چوار ساڵە وەک یەک فراکسیۆن دەمێنینەوە.

**ڕۆژنامە: چاودێران پێیانوایە کە بەیەکەوەبوونی پارتیو یەکێتی لەنێو هۆڵی پەرلەماندا بیروڕای جیاواز دەکوژێتو ئەندامی پەرلەمان ناچار دەکات کە بەرگرییەکی کوێرانە لە بڕیارەکانی لیستەکەی بکات؟**

* ناکرێت ئێمە حوکمی پێشینە بدەین لەسەر ئەو حاڵەتە، بەڵام ئێمە وەکو لیستی کوردستانی لەسەر هەندێک بابەت کۆبوونەوەی خۆمان دەکەینو هەوڵدەدەین کە بەیەک بڕیار بچینە نێو هۆڵی کۆبوونەوەوە، ئەمە مانای وا نییە کە تەواوی ئەندامانی فراکسیۆنی کوردستانی بە یەکجۆر بیردەکەنەوە، چونکە لە کاتی گفتوگۆکاندا لەسەر بڕیارێک لەناو فراکسیۆندا بۆچوونی ئەندامانی وەردەگیرێتو زۆرجار شتەکان لەسەر قسەی ئەوان دەگۆڕێت. ئێمە ڕێگە بۆ ئەوە خۆشدەکەین کە ئەندامی پەرلەمان خاوەن بڕیاری خۆی بێت.

**ڕۆژنامە: زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان کوێرانە بەرگریی لە بەرنامەی حیزبەکەی نەکات، ئەوا ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەبێت؟**

* من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم، چونکە بۆ نموونە ئەندامی پەرلەمان هەیە لەسەر لیستی پارتی کراوە بە ئەندامی پەرلەمانو بە پێچەوانەی ئێمە لەسەر شتێک دەنگیداوەو تائێستا من پێم نەوتووە بۆ واتکرد، چونکە ناکرێت ڕێگریی بکەین لە بۆچوونی پەرلەمانتار.

**ڕۆژنامە: ئەی هۆکاری ئەوە چییە لەنێو هۆڵی پەرلەماندا هەموو ئەندامانی لیستی کوردستانی بە یەک ئاواز بەرگریی لەو پرۆژانە دەکەن کە لیستی کوردستانی پێشکەشیان دەکات؟**

* لە مەسەلەی بەرگریکردن لە پرۆژەدا دەبێت زۆر بە یەکگرتوویی بەرگریی بکرێت، چونکە هەر پرۆژەیەک کە پێشکەشدەکرێت پێشتر لە نێو فراکسیۆن گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەگەر هەر ئەندامێک ڕەخنەی هەیە دەتوانێت لە کۆبوونەوەی فراکسیۆندا فشار دروستبکات، کە ڕەخنەکەی جێگەی خۆی بگرێتو هەوڵبدات کە قەناعەت بۆ هەمووان دروستبکات کە بۆچوونەکەی ئەو دروستە، بەڵام ئەگەر پرۆژەکە هاتە نێو هۆڵی پەرلەمان، ناکرێت دژی بوەستێتەوە.

**ڕۆژنامە: بەوپێیەی کە ماوەی چەند مانگێک بەسەر کاری خولی سێیەمی پەرلەماندا تێپەڕیوە، پێتوایە دەرفەتی پێکەوە کارکردن هەبێت لەنێوان لیستەکاندا، بەتایبەت کە ئەگەر پرۆژەیاسایەک فراکسیۆنی گۆڕان پێشکەشی بکات فراکسیۆنی کوردستانیش پشتگیریی بکات، یا بە پێچەوانەوە؟**

* ئێمە بڕیاری پێشینە لەسەر هیچ فراکسیۆنێک نادەینو دەرگا بە ڕووی هیچ فراکسیۆنێکدا داناخەین، من بەناوی فراکسیۆنی کوردستانییەوە لەگەڵ ئەو کەسانە قسەم کردووە، تەنانەت لەگەڵ ئەوانەشی کە یەک ئەندامیان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان، کە ئەگەر ئەو پرۆژەی هەبێت ئێمە ئامادەین پشتگیریی بکەین، بەهەمان ستایل بۆ بەرژەوەندیی خەڵک پشتگیریی لە هەموو پرۆژەیاسایەک دەکەین.

# ـۆڕانەوە لە پەرلەمانی کوردستان

ماوە درێژدا، بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی لیستی کوردستانی، کەچی بەڕێز، وتەبێژی لیستی کوردستانی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە (٦٥٦)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٩ ئەو ئۆباڵە دەخاتە ئەستۆی سەرۆکایەتیی پەرلەمانو ڕوونیدەکاتەوە کە ئەوە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بووە ڕازی نەبووە کاندیدی لیستی گۆڕان پۆستی سەرۆکایەتیی لیژنەی نەزاهە وەربگرێت، ئەڵبەتە ئەمە پێشهاتێکی ترسناکەو بێلایەنیی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە دەسبەجێ لە یاداشتێکدا داوای ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی سەرۆکایەتیی پەرلەمانمان کرد.

لە دیدی ئێمەدا پەرلەمان شوێنی گردبوونەوەی نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانو سەرجەم خەڵکی کوردستانە بەبێ جیاوازی. هیچ فراکسیۆنێک، ئەگەر زۆرینەش بێت، ئەو مافەی نییە ڕێڕەوی کاروبارو کاتو وادەو میکانیزمی کۆبوونەوەی لیژنەکان یەک لایەنە دیاری بکاتو هیچ فراکسیۆنێک ئەو مافەی نییە وەک خاوەنماڵ مامەڵە لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تردا بکات.

ئێمە، وەک فراکسیۆنی گۆڕان، تەنها لە مامەڵەماندا لەگەڵ حکومەتدا خۆمان بە ئۆپۆزیسیۆن دەزانین، دەنا لەناو پەرلەماندا لەگەڵ هەموو فراکسیۆنەکانی تردا بەبێ جیاوازی خۆمان بە خاوەنماڵو بەشێکی گەوهەرییو دانەبڕاو دەزانینو ڕێگەنادەین ئیرادەی پەرلەمان ڕەنگدانەوەی ئیرادەی دەسەڵاتی تەنفیزی یان فراکسیۆنێکی دیاریکراو بێت. هەر بۆ ئەو مەبەستەش داوامان کرد، سەرۆکایەتیی لیژنەی نەزاهە بدرێت بە بەرەی ئۆپۆزسیۆن تا هیچ گومانێک لەسەر سەربەخۆیی دەسەڵاتی پەرلەمان نەمێنێتەوە، تا هەموومان پێکەوە ئەو لۆجێکە بسەلمێنین کە شیاو نییە فراکسیۆنێک لە یەککاتدا خۆی حکومەت پێکبهێنێتو هەر خۆشی سەرۆکایەتیی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان بکات، واتە لە یەککاتدا چاودێریکەرو چاودێریکراویش بێت، تا پەرلەمان بە هەموو فراکسیۆنەکانییەوە بەشداری بکات لە دۆزینەوەی سەرجەم مۆڵگەکانی گەندەڵیی ئیدارییو دارایی لەناو حکومەتو سەرجەم دامەزراوەکاندا.

ئێمە لە سۆنگەی ئامادەییمانەوە بۆ هاوکاریکردنی فراکسیۆنەکانی تری ناو پەرلەمانو لەپێناو گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتیدا بۆ پێڕەوکردنی شەفافیەتو قەڵاچۆکردنی گەندەڵی، ئامادە بووین بەرپرسیارێتی سەرۆکایەتیی لیژنەی نەزاهە بگرینە ئەستۆ نەک لەپێناو وەرگرتنی ئیمتیازدا، چونکە ئێمە بەکردەوە ئیمتیازمان ڕەتکردووەتەوە، کاتێک بەرەی ئۆپۆزیسیۆنمان هەڵبژاردو ئامادە نەبووین بچینە حکومەتەوە.

دیارە ئەوانەی کە نایانەوێت سەرۆکایەتیی لیژنەی نەزاهە بدرێتە ئۆپۆزیسۆن بەنیازن تەنها وەک دیکۆر، وەک ناوێکی بێناوەڕۆک، وەک دوو دیوانەکەی چاودێریی دارایی، ئەو لیژنەیە بخەنەکار، بۆیە ئێمە لای خۆمانەوە بڕیارماندا پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتیی هەموو ئەو لیژنانە ڕەتبکەینەوە کە پیشوەختو بێئیرادەی ئۆپۆزیسیۆن بڕیاری لەسەر دراوە. دیارە ئەوان ئۆپۆزیسیۆنێکیان دەوێت کە خۆیان کاتو وادەو چوارچێوەی کارو جووڵەی بۆ هەڵبژێرن، بەڵام ئێمە ئۆپۆزسیۆنێک دەخولقێنین کە خەڵکی کوردستان متمانەی پێبەخشیووەو خەڵکی کوردستان بڕیاری لەسە داوە.

**فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان**
**٢٠٠٩/١١/٩**



# کارگێڕی کۆمەڵی ئیسلامیی: پارتی، زیاتر لە یەکێتی رۆڵی هەبوو لە بەشداریی پێکردن‌و نەکردنی حیزبەکان لەحکومەتدا


محەمەد حەکیم

سازدانی:

دلێر عەبدولخالق

**لە دیدارێکی رۆژنامەدا، محەمەد حەکیم کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی پێیوایە؛ هۆکاری جێبەجێنەکردنی مەرجەکانیان لەلایەن کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمەوە بۆ بەشداریکردن لە کابینەی حکومەت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە «پارتی‌و یەکێتی مەرجی کەسی دەرەوەی خۆیان قبوڵ نییە»، لە کاتێکدا «خۆیان بە دەیان مەرجەوە بە یەکترەوە بەستراون». ئەوەش ناشارێتەوە «بڕیارەکانی پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت، کاریگەریی بەهێزی بەسەر پێکهاتەی کابینەکەوە جێهێشتووە».**

**رۆژنامە: ئەو دوودڵییەی هەبوو لە ئەگەری بەشداری پێکردن‌و بەشداری‌نەکردنتان لە حکومەت، واقیعێکی بۆ کۆمەڵ دروستکرد، کە زۆرجار دەوترێت بە «ئیجباریی بوونە ئۆپۆزسیۆن»؟**

*هەڵوێستەکە ئیجباریی نییە، لە بنەڕەتدا ئەمجارە حکومەت چوار جار لەگەڵ ئێمە دانیشتووە، کە لە کابینەکانی پێشووی حکومەت ئەو لایەنانەی بەشداردەبوون لە رۆژنامەکانەوە هەواڵی بەشداربوون، یان نەبوونیان خوێندووەتەوەو لەوێ زانیویانە چ وەزارەتێکیان پێدراوە، لە کاتێکدا ئەمجارە بەشێوەیەکی نوێ کراوە بانگهێشتی کۆمەڵ، لەوەی ویستووشمانە بە پرۆژەوە بەشداریی لە کاری ئیداریی بکەین مافی خۆمانەو هیچ دوودڵییەک لەو حاڵەتەدا ناخوێندرێتەوە.

**رۆژنامە: بەجێنەگەیاندنی مەرجەکانتان بۆ بەشداریی لە حکومەت، بۆ قورسیی مەرجەکان، یاخود هۆکارێکی دیکە دەگەڕێتەوە؟**

* ئێمە بە سەرۆکی راسپێردراوی حکومەتمان وت: ئەو مەرجانە قابیلی قسەکردنن، هەرچەندە بەشێک لە مەرجەکان هی ئەوەنەبوون سازشیان لەسەر بکەین، بەڵام لە بنەڕەتدا عەقڵییەتی برادەرانی دەسەڵاتدار ئەوەیە قبوڵیان نییە غەیری خۆیان بە مەرجەوە لەگەڵیان بیت، ئەمە لە کاتێکدایە خۆیان هەموو گیانیان مەرجە، ئامادەن لەسەر فەرمانبەرێکی بەغدا دوو شەوو دوو رۆژ دابنیشن بۆ ئەوەی بزانن بۆ کێ دەبێت! کەواتە ئەوەی ئەوانی بەیەکەوە بەستووەتەوە دەیان مەرجە، بەڵام کەسی دیکەی دەرەوەی خۆیان بە مەرجەوە قبوڵ نییە، جگە لەوەش بەرپرسانی ئەو کابینەیە زۆر باسی وەزیری تەکنۆکراتیان دەکرد، بەڵام دواتر کە بینیمان ئەوەی حسابی بۆ نەکرا بڕوانامەو خوێندەواریی‌و پسپۆڕیی بوو، لەگەڵ ئەوەی چەند وەزیرێکیش هەیە، کە شایستەی شوێنەکانیان.

**رۆژنامە: لەو سەودا سیاسییەی هەبوو لە نێوان ئێوەو یەکێتی‌و پارتیدا، کە سەرەنجام بەشدارنەبوون لەحکومەت، ئایا دوای ئەو ئەنجامە یەک سورەت و تێڕوانینتان بۆ پارتی و یەکێتی هەیە کە رازینەبوون بە چوونەناو حکومەتەکەیانەوە؟**

* پێش ئەوەی چاوەڕێی هەڵوێستی ئەوان بکەین، خوێندنەوەیەکمان بۆ واقیعەکە هەبوو، دیارە پێش هەڵبژاردنەکە لە شەقام‌و لە ناو کادیرەکانی یەکێتیدا دەنگۆیەک هەبوو، کە یەکێتی بەرامبەر پارتی لە پاشەکشێدایەو لە زۆر بڕیارە سیاسییەکان یەکێتی کاریگەرە بە راکانی پارتییەوە، دوای هەڵبژاردنەکان ئەو دۆخە دەرکەوت، کە لایەنگران‌و ئەندامانی یەکێتی بە رێژەیەکی بەرچاو دەنگیان بە لیستێکی غەیرە یەکێتی دا، ئەوەش لاسەنگییەکەی زیاتر دەرخست، بێگومان ئەو حاڵەتەش لە پێکهێنانی کابینەی نوێشدا رەنگی داوەتەوە، واتە بڕیارەکانی پارتی دیموکرات کاریگەریی زیاتری هەبووە بەوپێیەی پێیانوابووە دەنگە زۆرەکە هی ئەوانە.

لە بارەی هۆکاری بەشدارینەکردنی کۆمەڵ لە حکومەتدا، ئێمە بە یەک چاو سەیری هەردوو لایەنەکە دەکەین‌و پێمانوایە بڕیاری هەردوو لایەنەکەیە.

**رۆژنامە: دەوترێت لە ئەزموونی رابردووی کاری ئیداریی لە هەرێمدا، ئەوە دەخوێندرێتەوە کە دوو حیزبی دەسەڵاتدار زیاتر بڕوایان بە بەشداریی ئیداریی هەیە، نەک شەریکایەتی سیاسیی، ئەمە تاچەند راستە؟**

* بەڵێ ئەوە واقیعە، من تێناگەم لیستی براوە بۆچی دەگەڕا خەڵکی دیکە بەشداریی پێبکات لە حکومەتدا، باشە بۆ ئەوەندە پەرۆش بوون کۆمەڵ، یان هەر حیزبێکی دیکە بەشداربێت، ئەو بڕیارە راست بوو، کە لە لیستی کوردستانی، جگە لە یەکێتی‌و پارتی کەسی دیکەیان قبوڵنەکرد، دەبوو دوای هەڵبژاردنیش ئەوان حیزبی دیکە قبوڵ نەکەن، واتە حیزبەکانی دیکە لە دەرگای ئەوانیان بدایە بۆ بەشداریکردن، نەک ئەوەی ئەوان کردیان، ئەمەش بۆ ئەوەیە ببێتە نەریت، کە لیستی زۆرینە بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێت‌و ئەوانی دیکە هەموویان بچنە خانەی ئۆپۆزسیۆنەوەو چاودێریی کارەکانی حکومەت بکەن.

هەرچەندە دەیانوت بە دوای شەریکدا دەگەڕێین، بەڵام پێموایە؛ ئەوانەی بەشدارییان لە حکومەتدا کردووە شەریکی فیعلیی نین، بەڵکو زیاتر بۆ جوانکردنی رووکەشی حکومەتە، بۆ نموونە بە تورکیا بڵێن تورکمانمان لەگەڵەو بە ئەمریکا بڵێن ئاشووری‌و بزووتنەوەی ئیسلامیی بۆ ئەوەی بڵێن لایەنێکی ئیسلامیشی تێدایە.

**رۆژنامە: دوای ئەوەی بڕیاری ئۆپۆزسیۆنبوونتان دا، ئێستا چ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ رۆڵبینین لە چوارچێوەی ئەو فۆرمەی ژیانی سیاسیی‌و خزمەتکردنی جەماوەرەکەتان؟**

* ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتی رێژەیەک لە جەماوەری کوردستان دەکەین، هەرچەندە لە دواجاردا نوێنەرایەتی ئێش‌و ئازاری هەموو جەماوەری کوردستان دەکەین، داواکاریی‌و پرۆژەی خۆمان لە رێی ئەو فراکسیۆنەوە ئاراستە دەکەین‌و چاودێریی کارەکانی حکومەت دەکەین، ئەو هەڵوێستەش دەبێت لەلایەن جەماوەرەوە بنرخێندرێت، کە چوار پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵ بە تەنیا لەناو هۆڵی پەرلەمان مانەوەو دەنگی بە حکومەت نەدا، لەسەر ئەو هەڵوێستەشمان بەردەوام دەبین‌و پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لیستەکان باش دەبێت.

**رۆژنامە: ئێوە لەگەڵ دوو لایەنەکەی دیکەی ئۆپۆزسیۆن خاوەن (٣٥) کورسیی پەرلەمانن، ئەم ژمارەیەش دەتوانێت کاریگەریی خۆی هەبێت لەسەر دۆخی سیاسیی‌و کارەکانی پەرلەمان، ئایا هیچ هەماهەنگییەک، یان پرۆژەی هاوبەش لەنێوانتاندا هەیە؟**

* پەرلەمانتارەکانمان ئازادکراون لەو رووەوە چ شتێک پێویست دەکات بۆ سەرخستنی کاروبارییان لە پەرلەماندا ئەنجامیان بدەن، سەرخستنی ئێستای کاری گروپەکەی ئێمەش لە پەرلەماندا، بەندە بە هەماهەنگی‌و پەیوەندیی لەگەڵ گروپەکانی دەرەوەی حکومەت، بۆ ئەو مەبەستەش هیچ رێگرییەک نییەو پێویستە چاودێرییەکی وردی کارەکانی حکومەت بکرێت‌و رۆحییەتی هاوبەش هەبێت.

**رۆژنامە: کاریگەریی ئەو گروپەی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا، چۆن دەبینیت؟**

* بڕیارو یاسا هەمووی بە زۆرینەی دەنگەو مسۆگەرە بۆ لیستی کوردستانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغ بە قۆناغ دەتوانین ئەوە بکەین، کە جەماوەری کوردستان لە ئۆپۆزسیۆن چاوەڕێیەتی، خولی ئێمە (خولی دووەمی پەرلەمان) دەنگی ناڕەزایی لە (١٥) کەس تێنەدەپەڕی، بەڵام ئێستا، کە (٣٥) دەنگ هەبێت کاری باشتری پێدەکرێت‌و کارتێکی فشاری باشتر دەبێت لەسەر دەسەڵات، هەروەک جموجووڵ‌و جوانییەکی زۆر بە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەبەخشێت‌و گەرموگوڕیی دەدات بە ئەرکی لیژنەکان، بەڵام پێموایە هێشتا ماویەتی ئەو (٣٥) کورسییە ببێتە ئەو عەسا سیحرییەی گۆڕانکاریی گەورە ئەنجامبدات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر جەماوەر بیەوێت هەلومەرجەکان لە هەرێمدا تەندروست بن، پێویستە لە کاتی دەنگداندا خەڵک بیر لەوە بکاتەوە ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات لە پەرلەمان نزیک‌و هاوسەنگ بێت.

**رۆژنامە: پێشنیازەکەتان بۆ دروستبوونی لیستێک، کە سێ لایەنە ئیسلامییەکەی تێدا بێت، بۆچی بە رەتکردنەوە شکایەوە؟**

* ئێمە پێشتر پێشنیازمان کرد، کۆمەڵ‌و بزووتنەوەو یەکگرتوو بە لیستێک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دابەزین، بەڵام برایانی یەکگرتوو بەپێی راپرسییەکەیان لەناو جەماوەرەکەیاندا بڕیاریاندا بە تەنیا بەشداریی بکەن، ئێمە رێزمان بۆ بڕیارەکەیان هەیە، دواتر ئێمەو بزووتنەوەش قسەمان کرد، بەڵام نەدەکرا بێ لایەنێکی ئیسلامیی لیستەکە دروستبکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەڵبژاردنەکان بە لیستی کراوە بن، ئەوانەی بڕیاریشیانداوە تا قیامەت هاوپەیمانی یەکتربن هەڵدەوەشێنەوە، نەک ئێمە تازە ببینەوە هاوپەیمان.

**رۆژنامە: ئەگەر پەرلەمان لیستی داخراو پەسەند بکات، پێتانوابوو زەمینەی ئەو لیستە ئیسلامییە دەبوو؟**

* پێمانوایە زۆر ئاسایی بوو، خەڵک دەزانێت کۆمەڵ‌و یەکگرتوو لەگەڵ یەکێتی‌و پارتی هاوپەیمانێتیتان هەبووە، لەگەڵ دوو حیزبی دیکەی عیلمانی هەیانبووە، ئەمجارە خۆیان پێکەوە دادەبەزن هیچ گرفتیان نەبوو، مەرج نەبوو تەنیا ئەو سێ لایەنە بین، بەڵام گرنگ ئەوەبوو ئەو سێ لایەنە هەبێت، لە بارەی جیاکردنەوەی جەبهەی ئیسلامییەوە، پێموایە؛ تەبریرەکەی برایانی یەکگرتوو لاواز بوو.

# راگەیاندنێک لە فراکسیۆنی گـــ

ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان هەڵوێستی خۆمان بۆ رای گشتیی کوردستان روووندەکەینەوە سەبارەت بە سستیی بەڕێوەچوونی کاروباری پەرلەمانی کوردستان، سستییەک کە بە پلەی یەکەم بەندە بە پەککەوتنی کاروباری لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان‌و گرێ نەدانی کۆبوونەوەکانی ئەو لیژنانەوە تا بەرواری (٢٠٠٩/١١/٩). روونیدەکەینەوە کە بۆ زیاتر لە مانگێک دەچێت پێشنیازی خۆمان، چ بە زارەکی‌و چ بە نووسراو، گەیاندووەتە بەڕێزان لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان‌و هاوکارانمان لە لیستی کوردستانی، سەبارەت بە شێوازی پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان، بە جۆرێک پێمان باش بووە، دابەشکردنی سەرۆکایەتیی لیژنەکان گوزارشت لە نەخشەی سیاسیی ناو پەرلەمان بکات‌و پەرلەمان نەبێتە پاشکۆی حکومەت لە کوردستاندا. ئێمە لەو هەڵوێستەدا سەرۆکایەتیی لیستی کوردستانیمان سەرپشککرد لە پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی پێشنیازەکەمان، چونکە ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بوو کەوتنەسەرپێی لیژنەکان بوو تا هیچ پاساوێک نەمێنێتەوە بۆ دواخستن‌و پەکخستنی کاروباری لیژنەکان، چەند جارێک دووپاتمانکردەوە کە ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕاندا هەرگیز رێگر نابین لە دەستنیشانکردنی هەر شێوازو میکانیزمێک کە بتوانین لە رێگایەوە لیژنەکانی پەرلەمان کارا بکەین‌و پەرلەمان لە دۆخی چەقبەستن دەرباز بکەین، کە نزیکەی سێ مانگ بەسەر یەکەمین کۆبوونەوەیدا تێدەپەڕێت. سەرەتا سەرۆکایەتیی لیستی کوردستانی پێشنیازەکەی ئێمەی پەسەندکرد کە بەپێی پرەنسیپی (نسبەو تناسب) سەرۆکایەتیی چوار لیژنە بەر فراکسیۆنی گۆڕان بکەوێت لەنێویاندا لیژنەی نەزاهە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بانگێشتی زارەکیی ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی فراکسیۆنەکان کرد بۆ گرێدانی یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لە پاش نیوەڕۆی ٢٠٠٩ /١١/٨ دا، بەڵام تەنها بە دوو سەعات بەر لەو وادەیە، لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە ئاگادار کراینەوە کە لیستی کوردستانی پاشگەزبووەتەوە لەو هەڵوێستەو ئامادە نییە سەرۆکایەتیی لیژنەی نەزاهە بدرێت بە فراکسیۆنی گۆڕان. ئێمەش بە بەڕێزان سەرۆک‌و سکرتێری پەرلەمانمان راگەیاند کە سەرباری ئەو پاشگەزبوونەوەیە هیچ پاساوێک نەماوەتەوە بۆ دواکەوتنی گرێدانی کۆبوونەوەی لیژنەکان، بەڵام سەرلەنوێ بۆ رۆژێکی تر دواخرایەوە.

ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان لە کاتێکدا پێمانوابوو، ئۆباڵی دواکەوتن‌و پەککەوتنی پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتیی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان لەم

# حکومەت نەخۆشیی دواخستنی بودجەی گرتووە

شارا عەبدولڕەحمان

پەرلەمانتاران‌و شارەزایانی ئابووریی داوا دەکەن کە پێش کۆتایی ئەمساڵ بودجەی پێویستی وەزارەتەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە خەمڵاندنی بۆ بکرێت‌و بۆ تاووتوێکردنی بنێردرێتە پەرلەمانی کوردستان، بۆئەوەی ئەمساڵیش وەک ساڵانی رابردوو بودجەی هەرێمی کوردستان دوانەکەوێت.

پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق رۆژی (٢٠٠٩/١٠/٢٢) گەیشتە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بریتییە لە (٨٨٣) تریلیۆن‌و (٤١٧) ملیارو (٥٦١) ملیۆن‌و (٦٤٤) هەزار دیناری عێراقی‌و دەکاتە (٧١) ملیارو (٣٠٠) ملیۆن دۆلار، بەو مەرجەی نرخی (١٠٠) دۆلار لە بازاڕەکانی عێراقدا (١١٧) هەزار دیناربێت‌و رۆژانەش (٢) ملیۆن‌و (١٠٠) بەرمیل نەوت بنێردرێتە دەرەوە، کە نرخی هەر بەرمیلێک نەوت (٦٢) دۆلارو نیو بێت.

هاوکات بەپێی مادەی (١٧) لە پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق، هەرێمی کوردستان (١٧٪)ی بودجەی عێراق وەردەگرێت، دوای لێدەرکردنی خەرجیە سیادییەکان‌و خەرجیە حکومییەکان‌و خەرجی پەرەپێدان بۆ هەرێمەکان‌و ئەو ناوچانەی سەر بە هەرێم نین، بەوپێیەش (١٠) تریلیۆن‌و (٢٣٣) ملیارو (٧٢٢) ملیۆن‌و (٥٩٣) هەزار دیناری عێراقی بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستانە، کە دەکاتە (٨) ملیارو (٧٠٠) ملیۆن دۆلار.

د.ئیسماعیل شکور، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەپێویستیزانی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و بەتایبەتی وەزارەتی دارایی دەستبەکاربن بۆ خەمڵاندنی بودجەی (٢٠١٠)ی کوردستان، وتیشی: «هەموو ساڵێک پەسەندکردنی بودجەی هەرێم لەکاتی خۆی دوادەکەوێت، بەوهۆیەشەوە رەخنەیەکی زۆر لە کورد دەگیرێت، بۆیە داوادەکەم لە حکومەتی هەرێم کە چیتر ئەو رەخنانە نەهێنێتە سەر خۆی‌و پێش سەری ساڵی تازە بودجە تێپەڕێنێت».

بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە کە هەموو ساڵێک پەسەندکردنی بودجەی هەرێم لە وادەی خۆی دوادەکەوێت، بەشێوەیەک کە دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە کێشەی بۆ خەرجیی وەزارەتەکان دروستدەکرد لە نزیکترین نموونەشدا، بودجەی ساڵی پار لە (٢٠٠٩/٦/١٦) لە پەرلەمان پەسەندکراو رۆژی (٢٠٠٩/٧/٥) سەرۆکی هەرێم ئیمزای لەسەر کردو خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

سەبارەت بەشێوازی پەسەندکردنی بودجە، جوتیار مەجید، ئەندامی لیژنەی دارایی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، روونیکردەوە، کە دەکرێت بودجەی هەرێم بەشێوەی خەمڵاندن قسەی لەسەر بکرێت، بە رۆژنامەی راگەیاند: «حکومەت دەتوانێت بەشێوەی خەمڵاندن هەموو پێداویستییە داراییەکانی خۆی بۆ ساڵی (٢٠١٠) بداتە پەرلەمان بۆئەوەی قسەی لەسەر بکرێت‌و وەک ساڵانی رابردوو دوانەکەوێت».

بەهۆی ئەوەی کە بودجەی هەرێمی کوردستان سەربەخۆ نییەو چاوەڕوانی حکومەتی عێراق دەکرێت کە (١٧٪)ی بودجەی عێراقی بۆ بنێرێت، هاوکات بەهۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان سەرچاوەی داهاتی لای خۆی نییە، ساڵانە حکومەتی هەرێم‌و پەرلەمانی کوردستان کێشەیان بۆ دروستدەبێت، کە ئەگەر ئەو بودجەیەیان پەسەندکردو دواتر کورتی هێنا یان زیادیکرد، ئەوا دەبێت ئەنجومەنی وەزیران دەستکاریی بکات‌و ئاڵوگۆڕ بەسەر میزانییەکەدا بێنێت، بەوهۆیەشەوە جوتیار پێیباشە، کە چاوەڕوانی پەسەندکردنی بودجەی عێراق بکرێت بۆئەوەی ئەو کێشەیە روونەدات.

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان هەر لە دەستپێکی دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە داوای لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، کە فشارێک بۆ سەر حکومەت دروست بکات، تاکو زوو بە زوو بودجەی خەمڵێنراوی سەرجەم وەزارەتەکان بنێرێتە پەرلەمان‌و گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت.

ئیسماعیل گەڵاڵی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەکو فراکسیۆنی گۆڕان داوامانکرد کە فشار بخرێتە سەر حکومەت، تا هەرچی زووە بودجەی خەمڵێنراوی خۆی بنێرێتە پەرلەمان، چونکە بودجە خۆی تەنیا خەمڵاندنەو دەکرێت بەبێ ئەوەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسەندبکرێت، لێرە خەمڵاندنی بۆ بکرێت، بەڵام لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە پێمانوترا کە هێشتا حکومەتی هەرێم حکومەتی تەسریف ئەعمالەو ناکرێت بودجەی خەمڵێنراو ئامادەبکات».

لە چەند رۆژی رابردوودا لە راگەیاندنەکاندا پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١٠)ی عێراق بڵاوکرایەوەو لە ئێستادا بودجەی هەرێم ئاشکرایەو دەکرێت کە خەمڵاندنی بۆ بکرێت، بەڵام بە وتەی ئەندامەکەی لیژنەی دارایی پەرلەمان، لە کوردستاندا «درەنگ تێپەڕاندنی بودجە بووەتە نەخۆشیی‌و هەموو ساڵێک سەرهەڵدەداتەوە».

لە یەکەم دانیشتنی کابینەی شەشەمی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمدا، دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، داوای لە سەرجەم وەزارەتەکان کرد، کە هەرچی زووە بودجەی پێویستی خۆیان بنێرن بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، تاوەکو وەک ساڵانی رابردوو پەسەندکردنی بودجە دوانەکەوێت‌و هەر لە زووەوە خەمڵاندنی بۆ بکرێت.

فەیسەڵ عەلی، ئابووریناس، پێیباشە بۆ ئەوەی بودجەی ئەمساڵ بە دەردی بودجەی ساڵانی رابردوو نەبرێت، هەر لە ئێستاوە خەمڵاندنی بۆ بکرێت‌و بنێردرێتە پەرلەمان، وتیشی: «لەئێستادا خەتی گشتیی بودجەی هەرێم ئاشکرایەو دەزانرێت کە بڕی بەرکەوتی کوردستان چەندە، بەوهۆیەشەوە دەکرێت حکومەتی هەرێم پرۆژەی خۆی ئامادەبکات، بۆئەوەی لانیکەم پێش کۆتایی ساڵ بودجەی هەرێم لە پەرلەمان پەسەندبکرێت‌و لە سەری ساڵی داهاتووەوە دەستبکرێت بە جێبەجێکردن‌و خەرجکردنی».

بە بڕوای ئەو ئابووریناسە، ئەگەر دواتر بودجەکە کەم یان زیادیکرد، ئەوا کێشە دروست نابێت، چونکە تا ئەوکاتەی بودجەکە لە وەزارەتەکانەوە ئامادەدەکرێت‌و دەگاتە ئەنجومەنی وەزیران‌و دواتر بۆ پەرلەمان، ئەوکاتە ئەو بودجەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە یەکلایی دەبێتەوە.


بەرهەم ساڵح

# کابینەی شەشەم سیاسەتی نوێی ئابووریی نییە

ستارە عارف

کارنامەی کابینەی شەشەم کە رۆژی (١٠/٢٨) سەرۆک‌و جێگرو وەزیرەکانی سوێندیان خوارد، لە بواری ئابووریی‌و بەتایبەتی سامانی نەوتدا درێژەپێدەری کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

لە کارنامەی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا، لە بواری ئابووریدا هاتووە «ساڵانە بەشێوەیەکی روون‌و شەفاف بودجەی هەرێم، بە خەرجی‌و داهاتەوە گەڵاڵە دەکەین‌و بەپێی توانا لە وادەی خۆیدا پێشکەشی پەرلەمانی دەکەین بۆ گفتوگۆلەسەرکردن‌و پەسەندکردنی».

لەبارەی بودجەشەوە کارنامەی کابینەی شەشەم دەڵێت: «لە ئامادەکردنی بودجەدا سیاسەتێکی کوردستانی لە گەشەپێدانی هاوسەنگ پەیڕەودەکەین، کە داخوازیی سەرجەم ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی تێدا رەنگبداتەوەو هاوکاریی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەدابڕاوەکانیش دەکەین».

## شەفافییەتی بودجە

یەکێک لەو رەخنە گرنگانەی لە بواری ئابووریدا رووبەڕووی کابینەی پێنجەم بووەوە، نەبوونی شەفافییەت‌و درەنگکەوتنی بودجە بوو، شارەزایانی ئابووریش بە ئەرکی کابینەی نوێی دەزانن ئەم گرفتانە تێپەڕێنێت.

د. کاوە قەرەداغی، پسپۆڕی کارگێڕی‌وئابووریی لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە؛ ئەگەر کابینەی پێنجەم بە بودجەی هەرێم خزمەتی خەڵکی کردبێت‌و چالاک بووبێت‌و ئێستاش دکتۆر بەرهەم بەردەوام بێت لەسەری، کارێکی باشە، بەڵام لە روانگەی بوونی شەفافییەت لە بودجەدا «پێویستە کابینەی شەشەم وەک کابینەی پێش خۆی نەبێت، کە شەفافییەت لە بودجەیدا نەبوو».

ئەو مامۆستایەی زانکۆ بەپێویستی دەزانێت شەفافییەت لە راگەیاندنی بودجە هەبێت‌و چۆنێتی دابەشکردنی بەسەر کەرتەکاندا لە راگەیاندن‌و میدیاکان‌و لەبەردەم کۆمەڵگەدا ئاشکرابکرێت‌و لەکۆتایی ساڵدا بودجەی پلان بۆ دارێژراو دەربکەوێت، کە ئەم بودجەیە جۆرێکە لە چاودێریکردنی ئەرک‌و چالاکی‌و کاری کابینەکە لەماوەی ئەو ساڵەدا کە ئەنجامیداون.

## درێژەپێدەری سیاسەتی نەوتی پێشوو

لە بەرنامەی کابینەی شەشەمدا هاتووە «سیاسەتی کابینەی پێنجەم لە بواری سەرچاوە سروشتییەکان سیاسەتێکی ژیرانە بووەو بۆ یەکەمجار بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان دەستپێکرد، لە کابینەی شەشەمدا بەردەوام دەبین لەسەر هەمان سیاسەت وەک دەستکەوتێکی ستراتیژیی بایەخێکی تایبەتی دەدەین بە پەرەپێدانی ئەم کەرتە».

پەرلەمانتار ئیسماعیل گەڵاڵی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە؛ تائێستاش هیچ جۆرە زانیارییەک لە ناوەڕۆکی گرێبەستە نەوتییەکاندا نازانرێت، ئەوەندەی ئاشکرابووە ئەو گرێبەستانە بەشێوازی گرێبەستی (هاوبەشی بەرهەمهێنان) کراون، کە ئێستا مۆدێلی گرێبەستی هاوبەش «شەراکەت» نەماوەو (٨٥٪)ی ئەوجۆرە گرێبەستانە کاری پێناکرێت، تەنیا (١٥٪)ی کاری پێدەکرێت، ئەویش بۆ ئەو شوێنانەی کە مەترسیی تێدایە، واتە لەناو بیاباندایە یان لە شوێنێکدایە کە جۆرێتیی خراپەو تێچوونی زۆرە. ئەمە وەک سیاسەتی نەوت‌و تێبینیی لەسەر ناوەڕۆکی گرێبەستە نەوتییەکانە.

لە بەرامبەریشدا دکتۆر کاوە قەرەداغی پێیوایە؛ هەناردەکردنی نەوت کە ئێستا کابینەی شەشەم لەسەر هەمان سیاسەت بەردەوام دەبێت، بۆ نەوەکانی داهاتوو سوودمەندەو چەکێکە لە دەستماندا‌و دەڵێت: «راستە داهاتەکەی دەچێتەوە خەزێنەی ناوەندەوە، بەڵام کورد لە گفتوگۆو قسەکردن بەرامبەر بە ناوەندو دەورووپشت دەکاتە هێزێک».


ئازاد بەرواری

## یەکگرتنەوەی دەزگای چاودێری دارایی

لە کابینەی پێنجەمدا چوار وەزارەت‌و چەندین دەزگای وەکو چاودێری دارایی‌و ئاسایش یەکیان نەگرتەوە، بەڵام لە کارنامەکەی کابینەی شەشەمیشدا باسی یەکگرتنەوەی ئەم دیوانە نەکراوە، کە سوودی دەبێت بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵیی.

ئیسماعیل گەڵاڵی، لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئەوان دەڵێن دروشممان رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە، ئەمە بە دروستکردنی دامودەزگای تازەو کاراکردنی دامودەزگا کۆنەکان دەکرێت، لەوانە دەزگای چاودێری دارایی، کە توانای رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی هەیە».

بە بڕوای گەڵاڵی لەناو بەرنامەکەی دکتۆر بەرهەمدا باس لە یەکگرتنەوەی ئەم دەزگایە نەکراوە، تەنیا باس لە کاراکردنی دەزگاکانی دیوانی چاودێری دارایی کراوە، ئەمەش بە «کارێکی زۆر خراپ دەزانێت».

لای خۆشییەوە، د. کاوە قەرەداغی ئاماژە بەوەدەکات؛ هەر کارێک کرابێت‌و سوودی کۆمەڵی تێدا بێت‌و لە بەرژەوەندیی نەتەوەدا بێت، پێویست دەکات کابینەی شەشەم تەواوی بکات‌و هەر کارێکیش لە رووی زانستییەوەو سوودی بۆ ئەزموونەکە نەبووبێت پێویست بە پێداچوونەوەو باشترکردن دەکات لەلایەن کابینەی نوێوە.

## کارنامەکە راستاندنی بۆ نەکراوە

ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە؛ دکتۆر بەرهەم دەبێت بەرنامەی کابینەکەی بنێرێتە پەرلەمان، تا بە کارنامە بژمێردرێت، چونکە ئەوەی لە پەرلەمان خوێندییەوە کارنامە نەبوو، تەنیا وتار بوو، کارنامە بەشێوەیەکی فەرمیی دەنووسرێتەوەو پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێت.

بەبڕوای د. کاوە قەرەداغی، مەرج نییە هەر بەرنامەیەکی حکومەت پەرلەمان راستاندنی بۆ بکات، بەڵام حکومەت بەرپرسە لە کۆمەڵێک بەرنامە کە پەرلەمان بۆی داناوەو کۆمەڵگە داوای لێدەکات، ئەرکی پەرلەمان چاودێریی حکومەتە لە کاتی بینینی هەر کارێکی نایاسایی حکومەت، پەرلەمان لەسەریەتی لێی بپرسێتەوە.

لای خۆشیەوە ئیسماعیل گەڵاڵی، جەخت لە پێویستیی هاتنی کارنامەی کابینەی شەشەم دەکات بۆ پەرلەمان، بەمەبەستی گفتۆگۆکردنی‌و راستاندنی.

## ئەندامێکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان:

# گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم

# ئەگەر لە بەرژەوەندیی گشتیدان، پێویست نییە بشاردرێنەوە

سازدانی: بەرهەم عومەر

**بەرزان هەورامی، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان- لیژنەی پیشەسازیی‌و وزە، لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا باس لە گرفتەکانی حکومەتی هەرێم‌و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکات لەگەڵ کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی، هەروەها دەڵێت: «وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕاسپێردرابوو بۆ چەند کارێک کە لەماوەی ڕابردوودا ئەنجامی نەدابوو، دەبوایە ئەندامانی پەرلەمان بەدواداچوونیان بۆ بکردایە لەکاتی بانگهێشتکردنی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان».**


بەرزان هەورامی

**ڕۆژنامە: گرفتە یاسایی‌و کێشە هەنووکەییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە چیدا دەبینیتەوە؟**

* لە کوردستاندا ئەنجومەنی نەوت‌و گاز دامەزراوە، کە هەریەک لە وەزیری پلاندانان‌و دارایی‌و سامانە سروشتییەکان ئەندامی بۆردی ئەنجومەنەکەن، هەرچییەک پەیوەندیی بە بابەتەکانی نەوتەوە هەبێت، دەبێت ئەو ئەنجومەنە ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕێت، من دەپرسم ئایا ئەو ئەنجومەنە ئاگاداریی هەیە لەو حەواڵەو پارەگۆڕکێیەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێشتر پێی هەستاوە؟ ئایا ئەو کارئاسانییەی حکومەتی هەرێم کردوویەتی بۆ کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی لەژێر سەرپەرشتی ئەو ئەنجومەنەدا بووە؟ لەکاتێکدا ناوی کۆمپانیای (گەنەل)ی تورکیش هاتووەتە ناوەوە، بەڵام ئەگەرچی بەپێی یاسای نەوت‌و گاز هیچ بەرپرسێکی باڵای حکومیی بە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ نابێت بەشداریی بکات لە هیچ مامەڵەو کڕین‌و فرۆشتنی پشک‌و بەرهەمە نەوتییەکاندا. لە یاسای نەوت‌و گازی هەرێمی کوردستاندا بەتەواویی ئاماژە دراوە بەوەی کە بەهیچ شێوەیەک نابێت کەسێک ئەگەر بەرپرسیارێتیی گشتیی حکومیی باڵای هەبێت، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ سوودمەندبن‌و بەشداربن لە پشکەکانی نەوتدا، بەوپێیەش ڕێگە نەدراوە کە وەزیر یان هەر فەرمانبەرێکی ئەو وەزارەتە بەشداریی لە کڕین‌و فرۆشتنی ئەو پشکانەدا بکات.

**ڕۆژنامە: ئەو وابەستەبوونانەی کۆمپانیای (DNO) هەیەتی لەگەڵ بۆرسەی ئۆسلۆ، ئایا حکومەتی هەرێم دەبوایە پێشتر ئاگاداری ئەو ڕێوشوێنانە بوایە بەرلەوەی مامەڵەی لەگەڵدا بکردایە؟ بە واتایەکی دیکە نەدەبوو حکومەتی هەرێم لەوە دڵنیا بوایە کە کڕین‌و فرۆشتنی پشکەکانی (DNO) بە نهێنیی ئەنجامنەدراوە؟**

* حکومەتی هەرێم ناتوانێت موتابەعەی ئەو حاڵەتە بکات‌و بۆشی نییە ئەو کارە بکات کاتێک لایەنی سێیەم دێتە ناوەوە، چونکە حکومەتی هەرێم ناتوانێت مەرجی خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەو کۆمپانیایانەدا، چونکە کۆمەڵێک ڕێکەوتنی نێودەوڵەتیی هەیە لەبارەی ئیلتیزاماتی ئەو کۆمپانیایانەوە، بەڵام هەرکاتێک حکومەتی هەرێم بۆی دەرکەوت کە لایەنی سێیەم داخڵ بووە لە گرێبەستە نەوتییەکانداو حکومەتیش ئاگادارنەکراوەتەوە، ئەو کاتە حکومەت دەتوانێت ئیشکردنی ئەو کۆمپانیایە ڕابگرێت، بەڵکو دەتوانێت گرێبەستەکەی هەڵبوەشێنێتەوەو کۆمپانیاکە خۆشی زیانەکانی خۆی دەگرێتە ئەستۆ، ئەوەش بەپێی یاسای نەوت‌و گازی هەرێم ڕێکخراوە بە برگەیەک.

ئەوەی پێویستە لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستدا بۆ حکومەتی هەرێم ئاشکرا بێت، ئەوەیە کە دەبێت توانای دارایی‌و تەکنیکی‌و پسپۆڕیی‌و شارەزایی‌و یاساییبوونی کۆمپانیاکە ئاشکرابێت، بەڵام وەکو ئەو سەرمایەدارە یەمەنییەی کە لەساڵی (٢٠٠٤)دا پارەی دابوو بە (DNO) بەبێ ئاگاداریی حکومەتی هەرێم، حکومەتی هەرێم بەپێی یاسا تازەکەی نەوت‌و گاز گرێبەستەکەی ئەو کۆمپانیایەی هەڵوەشاندەوەو سەرلەنوێ لەگەڵ بەندەکانی یاسای ژمارە (٢٢)ی نەوت‌و گازی هەرێمی کوردستاندا ڕێکیخستنەوە، ئەو پیاوە پشکەکانی (DNO)ی کڕیبوو، بەوپێیەی گرێبەستی هەبوو لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا، هەربۆیە کاتێک حکومەت پێیزانی گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوەو سەرمایەدارەکەش زەرەرمەند بوو.

**ڕۆژنامە: هەندێک لە شارەزایانی بواری نەوت‌و بەرپرسانی وەزارەتی نەوت لە بەغدا، دەڵێن کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بووەتە جێگەی کاری کۆمپانیا نا شەفافەکان، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

* لە ڕاستیدا ئەو کۆمپانیایانەی کە هاتوون، کۆمپانیای زەبەلاحی نەوتیی نین، کۆمپانیای ناوەندیی‌و مامناوەندن، ئەوەش یەکێکە لەو گلەییانەی بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی عێراق وەکو گلەییەک بەردەوام لە حکومەتی هەرێمی دەکەن‌و ڕەخنەی لێدەگرن.

زیانی پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیای ناوەندی ئەوەیە، کە لەوانەیە بەهۆی نەبوونی شارەزایی تەواوەوە نەوتی قورس‌و سپی تێکەڵ بکەن لەکاتی دەرهێنان لەو کێڵگە نەوتییانەی (٣-٤) ملیار بەرمیل نەوتی تێدا بێت، لەوانەیە ئاوو نەوت تێکەڵاوبێت، ئەوەش زیانێکی گەورە دەدات، کە پێویستە هەموومان لە خەمیدابین.

لە ڕاستیشدا ژینگەی وەبەرهێنان زۆر هاندەر نییە، لە ڕووی سیستمی بانکیی‌و ژێرخانی ئابووریی‌و جیابوونەوەی دەسەڵاتەکان‌و تەشریعاتی پێویست، کۆمپانیای دڵنیایی.. هتد، ئەمانە کە بنەماکانی ئابوورین لە وڵاتی ئێمەدا نین یان لاوازن لەم قۆناغەدا، سەرەڕای ئەوە کۆمەڵێک کارئاسانیی‌و لێخۆشبوونمان فەراهەمکردووە لە ڕووی باج‌و لە ڕووی دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاوی ئاسایشیی، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیاکان وەکو پێویست نایەنە هەرێمی کوردستانەوە، هەربۆیە حکومەتی هەرێم لەم قۆناغەدا لەبری ئەوەی مەرجی خۆی بەسەر کۆمپانیاکاندا بسەپێنێت، زۆرجار چاوپۆشیی کردووەو کارئاسانیی بۆ کردوون، ئەوەش هونەری وەبەرهێنانە، چونکە ئەگەر بارودۆخی ئاسایشی عێراق باشبێت، کۆمپانیاکان نایەن بۆ هەرێم وەبەرهێنان بکەن.

لەسەر شەفافیەتی گرێبەستەکان، پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە ئەگەر مافی مرۆڤ‌و بەرژەوەندیی گشتیی تێدابێت، پێویستی بە شاردنەوە نابێت، لە ڕاستیشدا ئەو گرێبەستانەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیاکاندا واژۆی کردوون تا ئەندازەیەکی زۆر شەفافیەتی تێدایە، چونکە ئەو کۆمپانیا نەوتییانە ملکەچی یاساکانی وڵاتەکانی خۆیانن‌و دەبێت شەفاف بن، ئەگەر لای خۆشمانەوە ئیرادەیەک هەبێت بۆ گەندەڵی‌و نا شەفافییەت، کۆمپانیاکان ئامادەنین ئەو کارەیان لەگەڵ بکەن، چونکە کاتێک ئەوان دێن ملیارەها دۆلار لە وڵاتی ئێمەدا دەخەنە بواری وەبەرهێنانەوە، هەرگیز نایانەوێت لەشێوەی بەرتیل‌و پارەی ژێربەژێردا کێشە بۆخۆیان دروست بکەن، لەبەرئەوەی هەر ئاشکرا دەبن، ئەوان بۆیان هەیە کە پارەیەکی دیاریکراو دیاری بکەن بۆ خەرجکردن لەو وڵاتەی بۆی دەچن، کە پێیدەوترێت (service develop) بۆ هاتوچۆو خەڵات‌و کۆمەڵێک پێداویستی دیکە، کە خۆیان هەیانە، کە وابزانم لە ملیۆنێک دۆلار تێناپەڕێت، ئەگەر لەو پارەیە زۆرتر بێت، وڵاتەکانی خۆیان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکەن.

ئەگەر کێشەیەک هەبێت لە (sub contract) کاندایە لەگەڵ (مەقاولی سانەوی)، ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی کارەکانی کۆمپانیا سەرەکییەکە وەردەگرن، زۆرجار ئەو مەقاولانە ڕوویداوە کە کەسانێکی تێدایە بەرپرسن یان سەر بەحیزبێکی دیاریکراوەو قۆرغکراوە، لێرەوە نا شەفافیەت دروستدەبێت، ئەوەش بەپێی یاسا تائێستا ڕێکنەخراوەو ئەو کارە لە ئەستۆی کۆمپانیاکاندایە.

**ڕۆژنامە: ئەگەر تۆ لەو دانیشتنەی پەرلەماندا ئامادەبوویتایە، داوای ڕوونکردنەوەت لەسەر چی دەکرد لە وەزیری سامانە سروشتییەکان؟**

*ئەو دانیشتنەی پەرلەمان لەکاتی خۆیدا بوو، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستاندا کاتی خۆی یەک پرسیارمان کرد، داوامانکرد کە واژۆکردنی کۆتایی گرێبەستە نەوتییەکان بهێنرێتە ناو پەرلەمانەوە، بەداخەوە ئەو پێشنیازە سەرینەگرت، لەبەرئەوەی تاڕادەیەک پاساوەکان باوەڕپێکراو نەبوون، بەوپێیەی یاداشتی لێکتێگەیشتنی نێوان کۆمپانیاکەو دیراسەکردنی لە کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، لەسەر بنەمای جیاکاریی دەسەڵاتەکان، پێویستە دەسەڵاتی پەرلەمان جیاوازبێت لە دەسەڵاتەکانی دیکە، ئەوەش دەبووە ڕێگر لەبەردەمی پەرلەمان کە لەو وردەکارییانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا دەستێوەردان بکات،

هەروەها لەبەرئەوەی بەپێی یاسایەک لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی ڕێکەوتبووین، لەساڵی (٢٠٠٧)دا دەستەیەک دروست بوو، دەستەی فیدراڵی نەوت‌و گاز، کە چەند کەسێکی کوردستانیشی تێدابوو، ئەو ئەنجومەنە بۆی هەبوو ڕێنمایی بۆ هەمواركردن دەربکات، بەگوێرەی دەستووریش هەر پرۆژەیەکی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لێبدات، ئیتر بنەمای دەستووریی دەبێت، ئەوکاتەش دەبێت لیژنەی ئیتیحادی وابەستەبێت پێوەی، بەگوێرەی دەستووریش ئەوکاتە نابێت هیچ هەڵوەشاندنەوەیەک لەو بڕیارەدا ڕووبدات، بەپێی ڕێکەوتنەکەش دەبوایە ئەو دەستەیە بیانتوانیایە گفتوگۆو ڕاسپاردەیان لەسەر ئەو ڕێکەوتنانە بکردایەو گۆڕانکارییان تێدا ئەنجام بدایە، ئەوەش بۆ هەیبەتی پەرلەمان جوان نەدەبوو، کێشەکە لێرەدابوو کە ئەو پێشنیازە سەرینەگرت، بەڵام ئێمە شتێکمان کرد، سندوقی داهاتە نەوتییەکان خرایە ژێر چاودێریی پەرلەمان‌و سەر بە پەرلەمانی کوردستانە، دەبێت ئەندامانی ئەنجومەنی سندوقەکە کە وەزیری سامانە سروشتییەکان (ئاشتی هەورامی) سەرۆکی ئیدارییەکەیەتی، ڕەزامەندبن لەسەر خەرجکردنی، بۆ دابینکردنی بەرزیی ئاستی شەفافیەت‌و دادپەروەریی لە دابەشکردنی داهاتەکاندا، بەداخەوە ئەو سندوقە تائێستا دانەمەزراوە، ئەگەر ئێمە لە پەرلەماندا بووینایە، پرسیاری هۆکاری دانەمەزراندنی ئەو سندوقەم دەکرد کە لە ئەستۆی وەزارەتی نەوت‌و سامانە سروشتییەکانە، هەروەها تەعلیماتی مالیی گرێبەستە نەوتییەکان دەبوایە بچوایەتە ئەو سندوقەوە، لەوێشەوە پەرلەمان دەتوانێت موتابەعەی وردەکاریی گرێبەستە نەوتییەکان‌و چۆنێتیی ڕێوشوێنەکانی بکات، بەڵام لەبەرئەوەی سندوقەکە دانەمەزراوە، ئەو زانیارییانەش دیارنین‌و پەرلەمانیشی لێ ئاگادار نییە.

جگە لەوەی لایەنی بەرپرس لە فرۆشتنی نەوتی خاوی کوردستان، بریتییە لە کۆمپانیای بە بازاڕکردنی بەروبوومە نەوتییەکان، (کۆتۆ) هیچ کەسێکی دیکە بۆی نییە بیفرۆشێت بەپێی یاساکە، بەڵام هێشتا کۆتۆ دانەمەزراوە، ئەگەر (سۆمۆ) پێیهەڵدەستێت بە ڕاستی ئەوە لە یاساکەی خۆماندا بەوشێوەیە دەستنیشاننەکراوە، بەڵکو دەبێت کۆمپانیاکەی خۆمان (کۆتۆ) پێی هەستێت، ئەوەش پێچەوانەی یاساکەیە.

لە سندوقی داهاتە نەوتییەکاندا شتێکی دیکە هەیە، ئەو پارەی نەوتە دەچێتە سەر حسابی بانکی (DFI) لە ئەوروپا، لەو بانکەوە دەبوایە بەشێوەیەکی بەردەوام پارەکە بچوایەتە سەر حسابی (کۆتۆ)، نەک بچێتەوە سەر حسابی گشتیی بەغداو لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی فیدراڵیدا بێت، ئێستاش کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەڵێت نزیکەی (٤) ملیار دۆلارمان هەیە، ئێستا دەبوایە ئەو پارەیە لەو سندوقەدا بوایە، بەڵام وابزانم خراوەتە سەر حسابی بانکی حکومەتی هەرێم لە (HSBC)، کە ئەمەش ئەو چوارچێوە یاساییە نییە کە لە یاسای نەوت‌و گازدا دیاریکراوە.

**لایەنی بەرپرس لە فرۆشتنی نەوتی خاوی کوردستان، بریتییە لە کۆمپانیای بە بازارکردنی بەروبوومە نەوتییەکان، (کۆتۆ) هیچ کەسێکی دیکە بۆی نییە بیفرۆشێت بەپێی یاساکە، بەڵام هێشتا کۆتۆ دانەمەزراوە**

**حکومەتی هەرێم لەم قۆناغەدا لەبری ئەوەی مەرجی خۆی بەسەر کۆمپانیاکاندا بسەپێنێت، زۆرجار چاوپۆشیی کردووەو کارئاسانیی بۆ کردوون، ئەوەش هونەری وەبەرهێنانە، چونکە ئەگەر بارودۆخی ئاسایشی عێراق باشبێت، کۆمپانیاکان نایەن بۆ هەرێم وەبەرهێنان بکەن**

# خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان شایەنی خزمەتکردنی زیاترن

**ئەحمەد حەمە ساڵح ***

کەمئەندامان ئەو بەشە گرنگەی کۆمەڵگەی کوردەوارین، کە وەک پێویست کاریان لەسەر نەکراوەو تاڕادەیەکی بەرچاوو ترسناک لە رووی بژێوییو شێوەی ژیانیانەوە فەرامۆشکراون.

بە تێڕوانینو بەراوردکردنو خوێندنەوەیەک بۆ مرۆڤە کەمئەندامەکانی وڵات، لامان ئاشکراو زانراو دەبێت، کە ئەوان ژمارەیەکی کەم نینو پێویستیان بە ناساندنو خستنەڕووی خەمەکانیانە، کە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار ئاوڕیان لێبداتەوە.

لە خێزانێکدا تەنیا کەمئەندامەکان رووبەڕووی گرفتەکانی ژیان نابنەوە، راستە هیچ کەسێک هێندەی کەمئەندامێک نازانێت ئازاری کەمئەندامیی چەندە، لە هەموو رووەکانی ژیانەوە، بەڵام ئەندامەکانی خێزانەکەش هەریەکەو بە ئەندازەیەک تووشی خەمو گرفت دەبن.

ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە ئایا ژمارەی خاوەن پێداویستی تایبەت (کەمئەندام) لەسەر ئاستی پارێزگاکانو هەرێم چەندە؟ ئایا مووچەو هاوکاریی کەمئەندامان توانراوە وەک یەک بێتو جیاوازی ناکرێت لە نێوانیاندا؟ ئایا هەموو کەمئەندامان لای رێکخراوەکان تۆمارکراونو لە فەرمانگەی تایبەت بە کەمئەندامان مووچە یان هاوکارییان هەیە؟

لە راستیدا کردنەوەی خولێک یان پێشانگایەک یان یادی ساڵانەی کەمئەندامان یان دابەشکردنی دارشەقو کورسی کەمئەندام، کە گلەیی هەیە لەوشێوە دابەشکردنە، ئەم شێوە کارانە بە تەنیا نابنە بەدیهێنەری خەونەکانی کەمئەندامان.

چی لەوە قورسترە، ناخۆشترە، نامۆترە، دڵتەزێنترە، کە کەمئەندامێک سواڵ بکات یان خێری پێبکرێت یان لەکاتی سەردانکردنی خزمو ناسیاوانی بۆلای مەبلەغێک پارەی بۆ دابنێن، یان کەسێک رەنگە بە نەشتەرگەرییەک چارەسەربکرێت، بەڵام کەسوکارەکەی نەتوانن بیبەنە دەرەوەی وڵات.

ئایا هاوکاریی حکومەت بۆ کەمئەندامێک کە (٣٠- ٩٠) هەزاربێت، کێ هەیە بەو برە پارەیە مانگێک بژی؟ چی لەوە قورسترە تائێستا وەرشەیەکی حکومیی نەبێت بۆ دروستکردنی پەلی دەستکرد، چ خەمێک لەوە قورسترە کە کەمئەندامێک گیرفانی بەتاڵبێتو توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی رۆژانەی نەبێت.

بەداخەوە لەگەڵ ئەم کێشانەشدا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان مووچەی کەمئەنداماندا هەیە، کەمئەندامانی سەنگەر (پێشمەرگە)، کە رێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان هەیە مووچەیان لە (٣٠٠) هەزار دینار تا ملیۆنێکە، کەمئەندام هەیە رۆژێک لە رۆژان پێشمەرگە نەبووەو بە کەمئەندامی سەنگەر ئەژمارکراوە.

دوای راپەڕینیش لە هێزەکانی ناوخۆو پۆلیسی گومرگ هەیە لەکاتی واجبداو لە شەڕی رووبەڕوودا کەمئەندام بوونو وەک کەمئەندامی سەنگەر حسابیان بۆ نەکراوەو بە مووچەیەکی کەم بەپێی ساڵی خزمەت خانەنشین کراوە، کە مووچەی ناگاتە (١٥٠) هەزار، لەکاتێکدا کە لەپێناو پاراستنی حکومەت کەمئەندام بوون.

هەروەها کەمئەندامانی قوربانیی لە بەڕێوەبەرێتیی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی مووچەکەیان (٩٠) هەزار دینارە، لەهەمانکاتیشدا کەمئەندام هەیە تائێستا هیچ جۆرە هاوکاریو مووچەیەکی کەمئەندامیی نییە.

کەمئەندامان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ژیانیان بەشێوەیەکی زۆر شایستە بۆ دابینکراوە، بەڵام کەمئەندام لای ئێمە بوونەتە هەژارترین کەس، تەنیا کەسن ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە.

ئەو پێشنیازانەی پێویستە لە خزمەتی کەمئەنداماندا جێبەجێبکرێت:

* سەرلەنوێ دارشتنەوەو دانانەوەی رێکخراوەیەکی بێلایەن یان (ئەو رێکخراوو کۆمەڵانەی کە هەن لەژێر یەک چەتردا وەک فدراسیۆنی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان)، کە بە حەق خەمخۆرو خزمەتکاری ئەم توێژە فەرامۆشکراوەی کۆمەڵ بن، بە لە بەرچاوگرتنی پێوانە زانستیو مرۆییەکانو بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی رێکخراوە مرۆییەکانی جیهانیو گەلانی پێشکەوتوو، لە کوردستانیش کۆمەڵەی داکۆکیکار لە مافو خواستەکانی کەمئەندام بنیادبنرێت.

* بەدیهاتنی راستەقینەی خاڵی یەکەم، دەرگا دەخاتە سەرپشت بۆ رۆچوونە نێو کەموکوڕییە ئامارییەکانو چۆنایەتیو چەندایەتی خزمەتگوزارییەکانیان، لە هەمانکاتیشدا دەبێتە هێزی گوشار بۆ سەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، بەواتایەکی دیکە کلاوڕۆژنە دەبێت بۆ پێداچوونەوەی سەرجەم ئەو بڕیارو یاساو مامەڵە ناتەندروستانەی کە تا ئەمرۆ لە کوردستاندا پەیڕەودەکرێت.

* گەڵاڵەکردنی پرۆژەیاسای مرۆییانە لەلایەن پەرلەمانی نوێوە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە تیایدا سەرجەم مافو خواستەکانیان لەخۆبگرێت، بەتایبەت لە رووی بژێوییو گوزەرانی خۆیانو خاوخێزانیان.

*** کەمئەندام**

# بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئێمە کۆمەڵێک کاسبکارین لە سەهۆڵەکە ئیش دەکەین لە سەعات (٤)ی دوانیوەڕۆوە، ماوەی (١٥) ساڵە لەوێدا کاردەکەینو هیچ زەرەرو زیانێکمان بۆ کەس نەبووە، کەچی ئێستا تاکە کەسێک بووەتە رێگرمانو ناهێڵێت کاسبی بکەین، ئەم بەڕێزە پێدەچێت خزمی بەرپرسێک بێت یان هەر شتێکی دیکە بێت، وایلێهاتووە پۆلیسی شارەوانیمان لێ ئاگاداردەکاتەوەو ناهێڵن لەوێدا کاسبی بکەین بە بیانووی نایاسایی، بەڵام خۆیشی بە کورسیو مێز بەردەم دووکانو سەر شۆستەکەی داگیرکردووە، پۆلیسەکانیش دەڵێن کە ئێمە هیچ رێگایەکی خەڵکیمان نەگرتووە، ئیتر بۆ موخالفین، بۆ ئەو هەموو سەر شۆستەکەی داگیرکردووە بە کورسیو مێز، کە رێگای خەڵکەکەی گرتووەو موخالفیش نییە، کە بە ئاشکرا ناحەقیە، لە وەڵامدا دەڵێن هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، دواتر سکاڵاکەمان بردە بەردەستی سەرۆکی شارەوانی، کە بە هەزارحاڵ گەیشتینە لایو پێمانوت کە ئێمە هەموومان خاوەن منداڵینو لەوێدا کاردەکەین، بەڕێزی وتی من رێگا بە ئێوە نادەم لەوێدا کاربکەن، بە بیانووی نایاسایی ئیشەکەمان، ئێمەش پێمانوت بۆچی رێگا بە ئەو دەدەیت کە بە کورسیو مێز هەموو شۆستەکە داگیربکاتو ئیش بکات، لە وەڵامدا وتی رێگا بە ئەو دەدەمو ئێوە نابێت کاربکەن، ئێمەش پێمانوت کە تۆ سەرۆکی شارەوانیت، کە داوا دەکەیت لەسەر جادە ئیش نەکەین، دەبێت بەدیلێکی دیکەت هەبێت بۆمان تاوەکو بێکار نەبین، کەواتە دەبێت تەعینمان بکەن، ئەویش لە وەڵامدا لێمان تووڕەبوو و ئەمری کرد لە ژوورەکەی بچینە دەرەوە، کە ئەمە هەمووی پێچەوانەی یاسایەو زوڵمو ستەمە لێمان دەکرێت، داواکارین لە بەڕێزتان کە بە دەم کێشەکەمانەوە بێنو چارەسەرێکمان بۆ بدۆزنەوە بۆ بژێویی ژیانمان، چونکە ئێمە هەموومان خێزاندارین.

**ئاکام رەشید- هاوژین محەمەد-**
**عەزیز سدیق- سالار محەمەد تاهیر- فاتیح مەحمود**

# کێ بەرپرسیارە لە کۆچکردنی بەکۆمەڵی دانیشتووانی کفری؟

ماوەی چەند ساڵێکە بە تایبەتی لەم چەند رۆژانەی دواییدا، زۆربەی زۆری دانیشتوانی شاری کفری سەرگەرمی کۆچکردنن، بەماڵەوە بۆ شارەکانی تری کوردستان، بەتایبەتی بۆ شارەکانی، کەلارو سلێمانیو هەولێر، هۆکاری سەرەکیی ئەم کۆچکردنەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنو پەراوێزخستنی شارەکەیان لەلایەن دەسەڵاتەوە.

نایەکسانیو ناعەدالەتی لە دابەشکردنی بودجەو دانانی کەمترین رێژە لە کوردستاندا بۆ شاری کفریو نەبوونی نوێنەری ئەم شارە لە پۆستە بەرزەکانی حیزبو حکومەتداو سەیرکردنی بەچاوی ناوچەگەرێتییەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە، هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی دانیشتوانی کفری لەم دواییەدا زێدی هەزار ساڵەی خۆیانو باوباپیریان بەجێبهێڵنو رووبکەنە ئەو شارانەی کە دەسەڵات لەم دواییەدا بە قازانجی خۆیان شارستانێتییان تێدا پێشخستووە.

دوابەدوای راپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١ی گەلی کوردستانو گۆڕانی دەسەڵات لە بێگانەوە بۆ خۆماڵیو دامەزراندنی کابینە یەک لە دوای یەکەکانی حکومەتی هەرێم، خەڵکی ئەم شارە پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە شارەکەیان بەرەو پێش بچێتو پێشکەوتنی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت، لەبەر دێرینی مێژووی شارەکەو ئەو رەگو ریشەیەی کە بە ناوچەرگەی مێژوودا شۆڕبووەتەوە.

هەروەها سەردەمانێکیش شاری وەزیرانو ئەدەبدۆستانو رووناکبیران بووە، لە لایەکی تریشەوە بەرزی پێگەی شارەکەو ئەو رۆڵە گەورەیەی کە لە نێو شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کوردا بینیویەتی، هەروەها بەشداربوونی خەڵکەکەی بە شێوەیەکی بەرفراوان لەو شۆڕشانەدا، زەمینەی ئەوەیان خۆش کردبوو بۆ ئەوەی خەڵکی ئەم شارە چاوەڕوانی پاداشتی گەورە بن لە لایەن دەسەڵاتەوە، بەڵام ئەوەی ئەمرۆ دەیبینینو خەڵکی شارەکەی توشی نیگەرانیی کردووە، ئەوەیە کە ئەمرۆ شاری کفری لە سایەو سێبەری دەسەڵاتی رۆڵەکانی خۆیدا بە خەستی کەوتووەتە ژێر چەوساندنەوەی ناوچەگەرێتییەوە، لە جیاتی پێشکەوتنو گەشەکردن بە پێچەوانەوە بەرەو چۆڵبوونو کاولکاریی هەنگاو دەنێت.

سەرەڕای ئەوەی نزیکەی بیست ساڵێکە لەژێر دەسەڵاتی کورد دایە، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شارەکانی ناوڕاستو خوارووی عێراقدا نییە، بەڵگەشمان بۆ قسەکانمان ئەوەیە کە نرخی باشترین خانوو لەم شارەدا لە چوار دەفتەر تێ ناپەڕێت، کەچی لە شارەکانی تری کوردستاندا کە دوێنێ لە چاو کفریدا کوێرەدێ بوون، گەیشتووەتە دەیانو سەدان دەفتەر دۆلار. هەروەها پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەچاو رابردوودا پاشەکشەیەکی زۆری کردووە، لە جیاتی کردنەوەی کۆلێژو زانکۆو زیادکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەپێچەوانەوە هەندێک لە پرۆژەکانی ئەم شارەیان گواستووەتەوە بۆ شارەکانی تری کوردستان، بۆ نموونە وێستگەی کارەبایان گواستەوە بۆ شارە حەیاتەکەو ئامادەیی پیشەسازییەکەیان گواستەوە بۆ شوێنێکی تر، کارگەی گەچی تێدابوو، دیسانەوە گواستیانەوە بۆ شوێنێکی ترو کارگەی رستنو چنینی خورییان وەستاند، بە سەدان کرێکاریان تەفروتونای شارەکانی تر کرد، بازاڕو قەیسەرییەکەی کە یەکێک بوو لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان بە بەرچاوی دەسەڵاتەوە تۆزی چوو بە بادا، سەرەڕای ئەوەی دەیانجار لەلایەن بەرپرسە باڵاکانی دەسەڵاتەوە بڕیاری چاککردنەوەیان دابوو.

بە پێی تازەترین ئامار لەم دواییەدا زیاتر لە سەدوپەنجا ماڵ لە کفری باریان کردووەو روویانکردووەتە شارەکانی تری کوردستان، دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە لەلایەن لیژنەی باڵای بوژاندنەوەی گەرمیانەوە جارێکی تر پەراوێزخراون.

هەروەها لە بری ئەو دوو سەد ملیۆن دۆلارە کە تەرخانکراوە بۆ بووژاندنەوەی گەرمیان، کفری پشکێکی وای بەرنەکەوتووە گەشەکردنی پێوە دیار بێت، ئەوەنەبێت کە چەند پرۆژەیەکی بچوک دیاریکراوە کە زۆر بەسستی ئەنجامدەدرێنو ناگاتە خێرایی پێشکەوتنی شارەکانی تری کوردستان.

بۆیە دەڵێین، هەر دەسەڵاتێک پەیڕەوی سیاسەتی ناعەدالەتیو نایەکسانیو پچڕپچڕکردنی کۆمەڵگاو پەراوێزخستنو چەوساندنەوەی ناوچەگەرێتی بکات بەرامبەر بە هاوڵاتییانی خۆی، ئەو ئەو سیاسەتە نەک هیچی لە سیاسەتەکانی تەرحیلو تەعریبەکەی بەعس کەمتر نییە، بەڵکو دووبارەبوونەوەی هەمان مێژووە بە هەموو پێوەرەکان.

**سەلام مەلا کەریم**

**بۆ ناردنی سکاڵاو بۆچوونو پەیامەکانتان پەیوەندی بەم ناونیشانانەوە بکەن:**

hewal. rozhnama@gmail.com

**تەلەفون: ٣١٩٢٠٠٥**

# بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان

منی خاوەن شەهیدو ئاوارەی شاری هەڵەبجە، چوارساڵ فەرمانبەربووم، کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەولێر بووم، بەڵام موباشەرەمان نەبووەو هەموو مانگێک مووچەمان وەردەگرت، لەپاشدا ئەمری موباشەرەکەمان هاتەوە لە (٢٠٠٩/٦/١٠) بۆ سەر وەزارەتی پەروەردەی سلێمانی، کە دەست بە دەوامی خۆمان بکەین.

چووین بەدەم مەعامەلاتی موباشەرەکەمانەوەو لە تەربییە وتیان؛ ئێوە ناوتان بەکارگوزار هاتووەتەوە، ئێمەش پێمان سەیربوو ئێمە بە نووسەر خۆمان نووسیو بە کارگوزار هاتەوە، بەوەش رازیی بووین کە بڕیاری حکومەتە، منو هاوڕێیەکم دانراین بۆ پەروەردەی کشتوکاڵی بنەڕەتیی باخچەی ساوایان، کە بەرامبەر ئازادییە، رۆژی یەکەم رۆشتین بەڕێوەبەر لەوێ نەبوو، بۆ رۆژی دووەم رۆیشتین سەیری فەرمانی موباشەرەکەی کردو وتی: من کارگوزارم زۆرەو جێگەتان نابێتەوەو بە هەڵە هاتوون، ئێمەش وتمان؛ (م.حەمە سدیقو م.کامەران) ناردوینی بۆ ئێرە.

ئەویش قبووڵی نەکردو چووین بۆ (پەیمانگای کۆمپیوتەر)، ئەوان کارگوزاریان نەبوو وەرگیراین بۆ من زۆر دوور بوو مووچەکەم بەشی نەدەکردم بۆ هاتوچۆکردن، گەڕامەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی پەروەردە بۆ لای (م.حەمە سدیق) بێئەوەی من هیچ بڵێم، وتی؛ تۆم لە باشترین جێگە داناوەو ئەو شوێنە نزیکە بۆت، منیش وتم: باشە مەجالی قسەکردن نەبوو گوێیان لێ نەدەگرتی. بە هەرحاڵ نەقڵ کرام بۆ قوتابخانەی (شۆڕشی کوڕان) کە لە هەواری تازە بوو.

لەدوای ئەوەی کە دەستبکەم بە کارگوزارییەکەم نەخۆش کەوتم، کە (٢٠) رۆژ لە جێگەدا بووم بیرو هۆشی تاعینبوونەکەم نەماو ئەو چەند رۆژە ئاگام لە گۆڕانکارییەکانی پەروەردە نەبوو، دووبارە چوومەوە بۆلای مامۆستا واتە (بەڕێوەبەری قوتابخانەی شۆڕش) وتم: مامۆستا ئیجازەی نەخۆشم بۆ بکە با تووشی کێشە نەبم، وتی: من شتی وا ناکەمو ئیجازە ناکەم

پەروەردە داوای راپۆرتی پزیشکییان لێکردم بە دەلیلەوە بۆم بردن کە لیژنەم بۆ گیرا راستە ئەم ئافرەتە ئێستاش لەژێر چاودێری دکتۆردایەو وەزعی موستەقیر نییە بۆئەوەی بیانوویان ببڕم راپۆرتی پزیشکی نەیخوارد بێسوود بوو هەروەک چۆن گاڵتەکردنو تۆپتۆپێنی دەستی ئەوان کراین بە هەر کەسێکمان دەوت بەتایبەتی لێپرسراوی بەشی فەرمانبەران، کە لە پەروەردە خەڵک دادەمەزرێنن تەنیا من وەرەقەی دکتۆرەکانم پی بوو نەیدەخوارد دەیانووت؛ ئێمە خۆمان تووشی کێشە ناکەین.

من ئەمری موباشەرەکەم لە (٢٠٠٩/٧/٩) دەرچووە لە (٢٠٠٩/٧/٣) فەسڵیان کردووم، واتە چەند رۆژێک پێش (٧/٩)، کە مانگی (٤٠٠) هەزار دینار کرێی خانوو دەدەم، کە من لە ئاوارەکانی شاری هەڵەبجەم کە ئاوڕ لە کەلاوەکەشم نادرێتەوە.

**ریم کازم**

# الی الجهاد...

خیری شنگالی



هەڵسوکەوتی جادەی دهۆک بەرامبەر بە ئێزدییەکان نەگۆڕاوە، لە ئەفغانستان دەچێت، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٦/١٢) لە گەڕەکی رزگاری (حی الملایین) لە پارێزگای دهۆک گرووپێک ئێزدی کرێکارییان دەکرد لە خوێندنگەیەک، کاتێک گەلابەی چیمەنتۆ دێتە سەر شوێنی کار بە مەبەستی بەتاڵکردنی بارەکەی، بۆ دواوە هاتەوە. سەعەد سەعدۆ میرزا، کە کرێکاربوو لەو شوێنەداو بە مەبەستی هاوکاریکردنی شۆفێرەکە ئاماژەی بۆکرد بۆ دواوە. شۆفیرەکە بە ناوی (ب.دۆسکی)و هاوڕێیەکەی بەناوی (ئ.ئ) پەلاماری سەعەدیانداو هاواریانکرد (الی الجهاد... الله اکبر ) چۆن تۆ ئێزدیت‌و کافری؟ مافت نییە فەرمان بە موسڵمانان بدەیت. دەستیانکرد بەجنێودان‌و سووکایەتیکردن بەئایینی ئێزدی‌و بە شیشی ئاسن‌و ساتۆر لێیانداو سەری ناوبراویان شکاند، مامی سەعد بەناوی حەسەن میرزا، کە خەڵکی خانەسۆرن لە قەزای شنگال، ویستی ئاشتیان بکاتەوەو چیتر شەڕ نەبێت، بەڵام بەداخەوە پەلاماری ئەویشیانداو یەک ساتۆریان لە دەستی ناوبراو داو زامداریان کردو برینەکەی (١٠)سم گۆشتی لێکردەوە، جگە لە بریندارکردنی کەسێکی دیکە بە ناوی جردۆ دەروێش.

ئێزدییەکان سکاڵایان تۆمارکرد دژ بەئەوانەی کە تەعدایان کردووە.

بەهۆی نەبوونی دادی کۆمەڵایەتی‌و یاسا دادوەری لێکۆڵینەوە، بڕیاریدا بەبەندکردنی پەلاماردراوەکان بۆماوەی حەوت ڕۆژو پەلامارهدەرەکانیش ئازادکران لە کۆتاییدا فشاریان خستە سەر ئێزدییەکان، کە لە دەرەوەی دادگا سوڵح بکەن.

کێشەکەیان تەواو نەبوو، بەڵکو لە مەیدانی کاریشدا ئەندازیارێکی خزمی ب.دۆسکی بەناوی ک.دۆسکی فەرمانیدا بە ڕووخاندنی ئەو دیوارانەی کە کرێکارانی ئێزدی دروستیانکردبوو، کە گوایە مەرجەکانی ئەندازەیی لە خۆی نەگرتووەو زەرەری (سیانزە ملیۆن) دیناریان پێگەیشت.

بەهۆی نەبوونی ویژدان‌و ناعەدالەتی‌و زوڵم‌و زۆرداریی، حەسەن بڕیاریدا خۆی‌و خزمەکانی ببن بە گۆڕان‌و کار بکەن لە پێناوی گۆڕانکارییکردن لە جڤاکی کوردیدا.

# «کانی عاشقان» تاوانەکانی عەلی کیمیایی دەسەلمێنێت

سەنگەر جەمال

جارێکی دیکە هەڵەبجەییەکان دەچنەوە بەغداو تاوانەکانی ئەو کەسە دەسەلمێنن کە (٢٢)ساڵ لەمەوبەر فەرمانی کوشتنی زیاترلە (٤٠)هاوڵاتی‌و تەختکردنی «کانی عاشقان»ی گەورەترین گەڕەکی قەزاکەیانی دەرکرد.

(٢٢)ساڵ لەمەوبەر «مەریوان» لەگەڵ دەیان هاونیشتمانیدا، بەشداریی خۆپیشاندانێکی نەتەوەیی کرد بۆ ڕێگرتن لە ڕاگواستنی دێهاتەکانی سنوورەکەی، بەڵام بە فیشەک وەڵامدرایەوەو لەگەڵ (٤٠)هاوڵاتیی دیکەدا شەهیدکرا، ئەو یەکەم شەهیدی ئەو خۆپیشاندانەبوو کە لە (١٩٨٧/٥/١٣)دا دانیشتووانی هەڵەبجە دژی سیاسەتی ڕاگواستنی دێهاتەکانی سنوورەکەیان کردیان دژی ڕژێمی بەعس.

## وەڵامدانەوە بە فیشەک

لوقمان عەبدولقادر، بەرپرسی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیاباران لە هەڵەبجە، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، باسی لە هێمنیی ئەو خۆپیشاندانەکرد کە لەو ڕۆژەدا هەڵەبجەییەکان وەک دەربڕینی نارەزایی ئەنجامیانداوە، بەڵام بە فیشەک وەڵامیاندراوەتەوەو وتی: «خۆپیشاندەران زیاتر خوێندکاران بوون‌و بە هێمنی بەڕێوە دەچوو، بەڵام بە فیشەک وەڵامدرانەوەو کوڕێک بەناوی مەریوان حەمە ڕەشید شەهیدکرا، ئەوەش وایکرد خۆپیشاندانەکە توندتربێت‌و لەبەرامبەریشدا هێزەکانی ڕژێمی بەعس لە ڕێی کۆپتەرو هێزی زەمینییەوە هێرشیانکردە سەر خەڵکی ناوچەکە بۆ کپکردنەوەی خۆپیشاندانەکە».

## زیندەبەچاڵکردن‌و تەختکردنی خانووەکان

شایەدحاڵەکانی ڕووداوەکە بیریان ناچێتەوە کە ڕۆژی دوای تۆپبارانەکان، هێزە ئەمنییەکانی سەر بە ڕژێم بریندارەکانیان بەرەو مەعەسکەرو «زیندە بەچاڵکردن» بردووە، بەشێوەیەک کە تائێستا ئێسک‌و پروسکی بەشێکی قوربانییەکان نەدۆزراونەتەوە، هەروەک دیمەنی تەقاندنەوەو ڕووخاندنی خانووەکانی کۆنترین‌و گەورەترین گەڕەکی ئەوشارە «کانی عاشقان» لەبەرچاوی هەڵەبجەییەکان لاناچێت، کە تائێستا بەشێکی ئەو خانووانە تەنیا شوێنەوارەکانیان ماوە.

لوقمان عەبدولقادر، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ڕۆژی دوای خۆپیشاندانەکە، بریندارانی هێرشەکانی ڕژێم لە نەخۆشخانەکان دەرهێنران‌و لەگەڵ ژمارەیەک هاوڵاتیدا بۆ مەعەسکەرێک ڕایانگواستن، «تا دواتریش زیندە بەچاڵیانکردن».

ئەو باس لەوە دەکات، کە دوای شەهیدکردنی زیاتر لە (٤٠)هاوڵاتیی هەڵەبجە، هێزەکانی حکومەت نەکشاونەتەوەو بۆ «چاوترساندنی» خەڵکی شارەکەو دەوروبەری، حکومەت بڕیاریدا گەڕەکی کانی عاشقان بتەقێنێتەوەو لەگەڵ زەویدا تەختی بکات، وتیشی: «بۆ ئەوەش زیاتر لە سەد کەسیان بەبارمتە گرت‌و لە قوتابخانەیەکدا دایاننان، بۆئەوەی لە هەر هەڵوێست‌و ڕێگرییەکدا ئیجرائات بەرامبەر بەو کەسانە بکرێت، لەو کاتەشدا نزیکەی (٤٠٠)خانووی گەڕەکی کانی عاشقانیان تەختی زەوی کرد، کە تێیدا ژمارەیەک لە دانیشتووانی ئەو گەڕەکە برینداربوون، کە کۆنترین‌و گەورەترین گەڕەک بووە لەو کاتەدا».

لوقمان کە خۆی هەڵەبجییەو خاوەن قوربانییە، ئاماژە بەوە دەکات کە دوای ڕاپەڕینی کوردەکان لە ئازاری (١٩٩١)دا ئێسک‌وپروسکی بەشێکی ئەو قوربانییانە لە گۆڕی بەکۆمەڵدا لە دەوروبەری هەڵەبجە دۆزراونەتەوە.

هەروەک گۆران ئەدهەم، سەرۆکی دەستەی پارێزەران لە دۆسیەی کانی عاشقان لە دادگای باڵای تاوانەکان، ئاماژە بەوە دەکات، کە ئێسک‌وپروسکی زیندەبەچاڵکراوەکان بەشێکیان لە ناوچەی بامۆک‌و کۆمەڵێکیان لە شارەزوور لە شانەدەری دۆزراونەتەوەو بەشێکیشیان تائێستا نەدۆزراونەتەوە.

## شاراوەبوونی کارەساتەکە

هەرچەندە شەهیدکردنی (٤٠)هاوڵاتی‌و تەقاندنەوەی گەڕەکێک کە نزیکەی (٤٠٠) ماڵ بوو، کارەساتێکی گەورەیە، بەڵام دوای (٢٢)ساڵ تاوانبارە سەرەکییەکەی ڕاپێچی دادگا دەکرێت‌و بەشێکی زۆری هاوڵاتییانی کوردستانیش ئاگاداری کارەساتەکە نین.

بەبڕوای لوقمان شاراوەبوونی کارەساتی گەڕەکی کانی عاشقان بەهۆی چەند کارەساتێکی گەورەی دیکەوە بووە کە بەسەر هەڵەبجەدا هاتوون، بەتایبەت کیمیابارانکردن‌و وتیشی: «کارەساتی زۆر بەسەر هەڵەبجە هاتووە، بەتایبەت کیمیاباران، کە وایکردووە لە سێبەری ئەو کارەساتە گەورەیەدا کارەساتەکانی دیکە دیارنەماون، بەڵام پێویستە بەدواداچوون بۆ سەرجەم کارەساتەکان بکرێت‌و بناسێنرێن هەروەک مۆنۆمێنتێک بۆ کارەساتی کانی عاشقان دابنرێت، چونکە قوربانییەکانی بەدەرنین لە خەڵکی شارەکە».

هەروەک ئاماژە بە ڕۆڵی ئەو کەس‌و لایەنانە دەکات کە لە بەغدا هەوڵیانداوە بۆ بەرەوپێشبردنی دۆسیەی کارەساتی کانی عاشقان‌و بەگرنگی دەزانێت ئەنجامی ئەو دادگاییە بڕیاری عادیلانەبێت‌و «سزای تاوانباران بدات‌و قەرەبووی شاری هەڵەبجەو کەسوکاری قوربانییانی بکاتەوە».

لای خۆشیەوە گۆران ئەدهەم هۆکاری دواکەوتنی دۆسیەکەو کارکردنیانی بۆ دادگا گەڕاندەوە، بەوپێیەی هەر مەلەفێک پێشتر لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت، ئەوە زووتر دەبینرێت‌و ڕەوانەی داگا دەکرێت، نموونەی ئەوەی هێنایەوە کە دۆسیەی ئەنفال‌و کیمیابارنی هەڵەبجە زووتر لێکۆڵینەوەو ئیجرائاتی تەواوکراو زووتر هاتە دادگا، کەواتە ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کامیان زووتر بگاتە دادگا ئەوە زووتر دەبینرێت‌و ڕەتیکردەوە کە پەیوەندی بە زوو ڕوودانی کێشەکەوە هەبێت.

## تەنیا «عەلی کیمیایی» گیراوە

بڕیاربوو لە (١١/١)ی ئەمساڵدا پرۆسەی دادگایکردنی تاوانبارانی کارەساتی کانی عاشقان ئەنجامبدرێت‌و زیاتر لە (٢٠)شایەتحاڵ‌و سکاڵاکار بەشداری تێدابکەن‌و کارەساتەکە بۆ دادگای باڵای تاوانەکان بگێڕنەوە لە بەغدا، بەڵام وەک سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن، بەهۆی دادگایی دۆسیەی بارزانییەکان‌و نەگونجاویی ڕێوشوێنی مانەوەی سکاڵاکارەکان دواخراو، یەکەم دانیشتن لە (٤)ی مانگدا ئەنجامدرا، کە (٦)کەس لە زیانمەندانی کارەساتەکە ڕووبەڕووی ئەو کەسە بوونەوە کە بەرپرسی یەکەم بووە لە دەرکردنی فەرمان بۆ ئەنجامدانی گرتن‌و زیندەبەچاڵکردنی ئەو هاوڵاتییانەی شارەکە.

ئەوەی جێگەی نیگەرانیی کەسوکاری قوربانییانی کارەساتەکەو زیانمەندان‌و خەڵکی هەڵەبجەیە کە تەنیا عەلی کیمیایی دەستگیرکراوەو لە هۆڵی دادگا ئامادەیەو ئەو «تاوانبارانە»ی دیکە دەستگیر نەکراون کە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی تەقاندنەوەو شەهیدکردنی هاوڵاتییەکانیان کردووە.

گۆران ئەدهەم، سەرۆکی دەستەی پارێزەران لە دۆسیەی کانی عاشقان لە دادگای باڵای تاوانەکان، ئاماژە بەوە دەکات، کە زیندەبەچاڵکردنی بریندارەکانی خۆپیشاندانەکەو تەقاندنەوەی کانی عاشقان بەبڕیاری ڕاستەوخۆی عەلی حەسەن مەجید بووەو ئەوەشی درکاند کە تائێستا تەنیا عەلی کیمیایی گیراوەو چەند بەرپرسێکی ئەو کات کە تۆمەتبارن لە دۆسیەکەدا، دەستگیر نەکراون‌و تەنیا فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، لەوانە فەرماندەی فەیلەقی یەک لیوای (٤٣) عێراقی، کە ئەو کاتە لە سنوری هەڵەبجە بووە، هەروەک بەرپرسی هەواڵگری لە هەڵەبجەو چەند کەسێکی دیکە، بەڵام تائێستا دەستگیر نەکراون‌و تەنیا عەلی کیمیایی گیراوەو «ئەوان تا دەستگیر نەکرێن، ناتوانرێت بە غیابی دادگایی بکرێن‌و تەنیا فەرمانی دەستگیرکردنیان دەردەچێت، چونکە ئەوەی پێی دادگایی دەکرێن یاسایەکی تایبەتە».

## قوربانییەکان چییان دەوێت؟

گۆران ئەدهەم، ڕوونیکردەوە کە (٢٧) کەس وەک شاهید لە دادگا وەردەگیرێن، وتی: «لە دانیشتنی یەکەمدا (٦) کەسمان پێشکەش بە دادگا کرد کە لەوانەبوون شەهیدو بریندارییان هەبوو، یان کەسیان هەیە کە تائێستا کەسوکاریان دیارنییە، کۆمەڵێک لایەن سەلمێنراوە وەک تەقاندنەوەی گەڕەکی کانی عاشقان‌و چۆنێتیی هەڵسوکەوتی ڕژێمی پێشوو لەگەڵ ئەو خەڵکەداو شەهیدکردنی ئەو کەسانەو ئیعدامکردنیان بۆ دادگا ڕوونبووەوە».

لوقمان عەبدولقادریش وتی: «کاری ئێمە ئەوەیە نیشانیبدەین کە ڕژێمی بەعس بەرپرسی یەکەم بووە لەو کردەوەیەو زیندەبەچاڵکردنی ئەو کەسانەو کارکردنی بە پلان، بەڵام کەسەکان ئازادن کە داوای قەرەبوو بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراقی میراتگری حکومەتی پێشووەو خەڵکی هەڵەبجەش بێبەش نەبووە لە مەینەتییەکان‌و پێویستە بۆ بنیادنانەوەی کاولکارییەکانی پێشوو بەرنامەڕێژیی بکرێت‌و هەڵەبجە قەرەبوو بکرێتەوە».

هەروەک ئەدهەم باسی لەوەکرد، کە ١٢/٩ دانیشتنی دووەمی دادگایەو ڕوونیکردەوە، لەبەرئەوەی دەعواکە «سزاییە»، هەوڵدەدەن حوکمەکە لەسەر عەلی کیمیایی جێگیر بکەن‌و بیسەلمێنن کە ئەو بڕیارە لەلایەن ئەوەوە ڕۆیشتووەو بڕیاری کوشتنی بریندارەکان‌و تەقاندنەوەی گەڕەکەکەی داوە، وتیشی: «هەوڵدەدەین لیستێک لەو خانووانەی ڕووخاون لە شارەوانیی هەڵەبجە، وەربگرین‌و بدەینە دادگا بۆ ئەوەی مافی ئەو کەسانە نەفەوتێت کە قوربانییان داوە یان بریندارییان هەیە، یان خانوویان ڕووخاوە».



هەڵەبجە، شوێنەواری کاولکارییەکانی ڕژێمی بەعس

# بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجەی یەکێتی پرۆژەیەکی پارێزگای سلێمانی رادەگرێت

**ئارام نەجیم - هەڵەبجە**

بەرپرسی مەڵبەندی (٢٨)ی هەڵەبجە پرۆژەی دروستکردنی هۆڵی پرسەخانەی کاکەییەکان رادەگرێت، کە لەسەر بودجەی پارێزگای سلێمانی زیاتر لە (٥٢٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو (٣٠٪)ی کارەکانی تەواوبووە، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی پێشتر سکرتێری گشتیی یەکێتیش پارەی بۆ دروستکردنی ئەو هۆڵە تەرخانکردووە.

ئەنجومەن‌و پیاوماقوڵانی کاکەییەکان لەکاتی سەردانی پارێزگاری سلێمانی بۆ شاری هەڵەبجە داوایان لێکرد بەهۆی تەقینی دیوارەکانی‌و بچووکیی هۆڵی پرسەی کاکەییەکان، هۆڵەکەیان بۆ تێکبدرێت‌و بەشێوازێکی نوێ بۆیان دروستبکرێتەوە.

بەرپرسی مەڵبەندی (٢٨)ی هەڵەبجەی (ی.ن.ک) بە بیانووی ئەوەی ئەو هۆڵە پێشتر لەسەر بودجەی سکرتێری گشتیی یەکێتی‌و لەساڵی (٢٠٠٠)دا بە بودجەیەکی (٢٠٠) هەزار دیناری سویسری دروستکراوە، ئێستا رێگریی لە دروستکردنەوەی دەکات، بەبێ ئاگاداربوونی لە تێکدان‌و دروستکردنەوەی هۆڵەکە.

حەمەی حەمە سەعید، بەرپرسی مەڵبەندی (٢٨)ی هەڵەبجەی (ی.ن.ک) لەم بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو هۆڵە لەسەر بودجەی جەنابی مام جەلال دروستکراوەو وەک دیارییەکە بۆ کاکەییەکان، کە بیکەنە پرسەخانەیەک‌و سوودی لێوەربگرن، بەڵام لەکاتی هاتنی پارێزگاری سلێمانی بۆ هەڵەبجە داواکراوە کە هۆڵەکەیان بچووکەو بۆیان گەورە بکرێت لە هەمان شوێنی هۆڵەکەی پێشوودا، بەڵام پارێزگار بڕیاریدا لە شوێنێکی دیکەدا بۆیان دروستبکەن، لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا ئاگادارکراین کە هۆڵەکە دەڕووخێنن‌و لە شوێنەکەیدا هۆڵێکی نوێ دروستدەکەنەوە».

حەمەی حەمە سەعید ئاماژە بەوە دەکات؛ کە لە دەرەوەی وڵات بووەو کە گەڕاوەتەوە هۆڵە کۆنەکە رووخێندراوە، بۆیە ئەو بەرپرسەی یەکێتیش ئیدارەی گشتیی ئاگادارکردووەتەوەو کۆمپانیای جێبەجێکاریشی ئاگادارکردووەتەوە کە کارەکانی لەو پرۆژەیەدا رابگرێت.

بەرپرسی مەڵبەندی (٢٨)ی هەڵەبجە وتیشی: «من وەکو حیزب ئەو هۆڵەم دروستکردووەو لەسەر بودجەی من دروستکراوەو دەشتوانم رایگرم، ئێستا مودەعیم لەسەر ئەو کەسەی ئەو بینایەی رووخاندووەو ئەوە زەرەرێکە لە ناوچەکەو لە خەڵکەکەی دراوە».

بە بڕوای حەمەی حەمە سەعید «دەستێک لە پشت رووخاندنی ئەو هۆڵەوە هەیەو بەبێ سەروبەریی ئیداریی‌و بێ سەروبەریی ئەنجومەنی پارێزگاو بێ سەروبەریی قایمقام‌و شارەوانیی هەڵەبجەی دەگێڕێتەوەو پێشیوایە، ئێستا ئەو پرۆژەیە هیچ موستەمسەکێکی رەسمیی نییە».

لە بەرامبەردا کوێستان ئەکرەم، سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە بە وەکالەت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو هۆڵەی پێشوو لەسەر داوای ئەنجومەن‌و پیاوماقوڵی کاکەییەکان تێکدراوەو لە جێگەی خۆیدا لەسەر تەقالیدی خۆیان هۆڵێکی نوێ دروستدەکرێت.

کوێستان ئەکرەم بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو هۆڵە موستەمسەکی رەسمیی هەیەو هەوایی نییەو شوێنێکە دەکەوێتە ناو شارەوە».

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ خزمەتگوزارییەکانی هەموو ناوچەکان لیژنەی تایبەتی هەیەو دروستکردنی هۆڵی بۆنەکان یەکێکە لە پرۆژە بەرفراوانەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە هەموو قەزاو ناحیەو گەڕەکەکاندا.

حەسەن شێخ عەبدوڵڵا، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاو سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی پارێزگا لە هەڵەبجە، بە رۆژنامەی راگەیاند، «پرۆژەکەمان لە شارەوانی وەرگرتووەو کاتێکیش ئیحالە کراوە هەر تەسلیم بە شارەوانی کراوەو ئەو کەسەی ئێمە بەبێ سەروبەر تۆمەتباردەکات، بێئاگایە لە پارێزگاو ئیشەکانی پارێزگا».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی باسی لەوەشکرد، کە هیچ حیزبێک سەلاحیەتی ئەوەی نییە ئیشەکانی پارێزگا رابگرێت، تەنیا قائیمقامییەت‌و شارەوانی‌و بەشی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی ئەو دەسەڵاتەیان هەیە پرۆژە رابگرن.

شێخ حەسەن ئاماژە بەوەشدەکات؛ ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکە جێبەجێدەکات دەتوانێت شکات لەو لایەنە بکات کە پرۆژەکەی راگرتووەو زیانەکانی راگرتنی پرۆژەکە دەبێت ئەو حیزبە بیدات کە پرۆژەکەی راگرتووە.



پرۆژەی هۆڵی پرسەی کاکەییەکان دوای راگرتنی فۆتۆ: ئارام نەجیم

# لە پێنجوێن ٤٢٣٦ هاوڵاتی تووشی پەتای وەرزیی دەبن

**عەبدولڕەحمان عەلی - پێنجوێن**

گۆڕانی خێرای کەش‌و هەوا لە سەرەتای ئەم مانگەدا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی پەتای وەرزیی (هەڵامەت)و بەم هۆیەشەوە تەنیا لە قەزای پێنجوێن ٤٢٣٦ هاوڵاتی نەخۆشدەکەون‌و ٣ کەسیشیان بەهۆی قورسیی نەخۆشییەکەیانەوە مەترسی ئەنفلۆنزای بەرازیان لێدەکرێت.

لوقمان لەتیف، بەرپرسی راگەیاندنی نەخۆشخانەی گشتیی شەهیدان لە پێنجوێن، نەخۆشییەکە بە پەتایەکی وەرزیی ناوچەیی ڤایرۆسی دەزانێت‌و باس لەوە دەکات، کە بەگشتیی هاوڵاتییان تووشی دەبن، بەڵام زیاتر لەناو خوێندکاراندا بەربڵاوە.

لوقمان لەتیف لەبارەی ژمارەی توشبووانی پەتای وەرزیی لە پێنجوێن، بۆ رۆژنامە وتی: «لە(١١/١ تا ١١/٩) تەنیا لە نەخۆشخانەی گشتیی شەهیدان (٢٨٣٦) تۆمارکراوەو لە هەردوو بنکەی بلکیان‌و ناوشاخانیش کە لەناو پێنجوێندان (١٤٠٠) هاوڵاتی ناویان تۆمارکراوە کە تووشی پەتای وەرزیی بوون».

بەرپرسی راگەیاندنی نەخۆشخانەی گشتیی شەهیدان ئاماژەی بەوەشکرد، (٣)کەس لەوانەی رەوشی تەندروستییان زۆر خراپ بووە، بۆ دڵنیابوون لەوەی تووشی ئەنفلۆنزای بەراز نەبووبن، پشکنینیان بۆ کراوە، بەڵام ئەنجامی پشکنینەکان دەریانخستووە کە تەنیا پەتای وەرزییان هەبووە، نەک ئەنفلۆنزای بەراز.

پەتای وەرزیی یان هەڵامەت یان پەسیوی نەخۆشیەکی بەربڵاوە لە هەرێمی کوردستانداو ساڵانە هاوڵاتییان لە وەرزی زستاندا زیاتر تووشی دەبن‌و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەش دەگوازرێتەوە، کە بە ئازاری قورگو هەڵامەت‌و لەرزو تاو چەند نیشانەیەکی دیکە دەناسرێتەوە.

# زەوی دەدرێت بە بەڵێندەران

**ستارە عارف**

یەکێتیی بەڵێندەران بەنیازی دروستکردنی گەڕەکێکی شارستانییە بۆ بەڵێندەران‌و حکومەتی هەرێمیش زەوییان بۆ دابیندەکات، لەکاتێکدا ئابووریناسان رەخنە لەو کارە دەگرن‌و بەڵێندەران بە سوودمەند دەزانن.

سەرۆکی یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان لقی سلێمانی پێیوایە: لەهەموو دونیادا گەڕەکی تایبەت بەچین‌و توێژەکان هەیە، وەک گەڕەکی ئەندازیاران‌و بەڵێندەران، بەڵام لە سلێمانیدا گەڕەکێک نییە بۆ بەڵێندەران کە بەشێوەیەکی شارستانییانە دروستکرابێت.

نەورۆز خەفاف بە رۆژنامەی راگەیاند «کاتێک کاک فاتیح وەزیری شارەوانی بوو، وەک یەکێتیی بەڵێندەران پلانمان داناو داوامان لەحکومەت کرد کە زەوییەکمان بۆ دابین بکات، بۆئەوەی گەڕەکێکی شارستانی بەهەموو پێداویستییەکانی دایەنگەو باخچەو پەرژین‌و باخچەی ساوایانەوە دروستبکرێت‌و یەکێتی بەڵێندەرانیش یارمەتی حکومەت بدات».

بەپێی وتەی سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی بەڵێندەران، لەبەرامبەر داواکارییەکەی یەکێتییەکەیاندا «ئەنجومەنی وەزیران زەوییان لە ناوچەی قولەڕەیسی شاری سلێمانی بۆ گەڕەکی بەڵێندەران دابینکردووەو هەر بەڵێندەرێک دەتوانێت ٤٠٠ یان ٦٠٠ مەتر زەوی وەربگرێت‌و بیکات بەخانوو، خانووەکانیش یەک دیزاینیان دەبێت».

لەلایەکی دیکەوە کاوە قەرەداغی، پسپۆڕی کارگێڕی‌و ئابووریی لە زانکۆی سلێمانی پێیوایە، ئەگەر حکومەت توێژێک لەوانی دیکە جیابکاتەوە لەبەر چەند خاڵێکی دیاریکراو، واتای ئەوەیە کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوونی نییە.

بە بڕوای ئەو پسپۆڕە ئابوورییە «بەڵێندەر خۆی سوودمەندە لە پرۆژەکانی حکومەت‌و بۆی هەیە لەهەر کوێیەک بێت خانوو دروستبکات، ئەگەر بیەوێت پرۆژەیەک پێشبخات، دەتوانێت داوا لەحکومەت بکات شوێنی بۆ دیاری بکات‌و خۆی جێبەجێی بکات».

کاوە قەرەداغی مەترسی ئەوە دەکات کە ئەو بەڵێندەرانە پاش ماوەیەک ئەو خانووانە بفرۆشن‌و سەرمایەکەی ببەنە دەرەوەو زیان بە ژینگەی ئابووریی بگەیەنن، بۆیە بە باشی دەزانێت زەوی بەسەر بەڵێندەراندا دابەش نەکرێت.

وا بڕیارە گەڕەکی بەڵێندەران لەلایەن کۆمپانیایەکی جیهانییەوە بە یارمەتی حکومەت دیزاینێکی گشتیی بۆ بکرێت‌و لەئێستادا نووسراوەکانی چووەتە فەرمانگەی تاپۆو بەڵێندەرەکانیش ئەو زەوییەی کە وەریدەگرن بۆیان نییە تا سێ ساڵ بیفرۆشن.

# کەسوکاری شەهیدان: شەهیدەکانمان مەکەن بە شەهیدی پلە دوو

**رۆژنامە**

بنەماڵەی (٣٤)شەهید لە یاداشتنامەیەکدا کە ئاڕاستەی هەریەکە لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان‌و ئەندامانی پەرلەمان‌و وەزیری کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکانیان کردووە، داوادەکەن کە شەهیدەکانیان بە شەهیدی پلە دوو دانەنرێن.

لەو یاداشتەدا کە کۆپییەکی لای رۆژنامە پارێزراوە، بنەماڵەی ئەو شەهیدانە نووسیویانە: ئێمە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانین‌و رۆڵەکانمان تا دوا دڵۆپی ژیانیان لەپێناو ئازادیی وڵات‌و سەربەرزیی مرۆڤەکانی بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە، شانبەشانی شەهیدانی سەرجەم حیزبە کوردستانییەکان، بەرامبەر سەرسەختترین رژێمی ئەو ناوچەیە تا شەهید بوون خەباتیان کردووە.

هەروەها باس لەوەدەکەن، کە ئێستاش پاش تێپەڕبوونی هەژدە ساڵ لە راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و هەڵبژاردنی چەند خولێکی پەرلەمان‌و دروستبوونی چەندین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە پێمانوایە، ئەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون هەر هەمووی بێ جیاوازیی بەرهەمی خوێنی سەرجەم شەهیدانی بزافی رزگاریخوزای گەلی کوردە، هەموو حیزبەکانی کوردستانیش بەشی خۆیان لە قوربانیدان‌و رەنج‌و خەباتیان بەرکەوتووە.

کەسوکاری شەهیدان بە هەقی خۆیانی دەزانن «لە قەرەبووکردنەوەی شەهیدان‌و قوربانییانی شۆڕش پشت لە بەرژەوەندییە تەسکەکانی حیزب بکرێت‌و بێ جیاوازیی هەموو ئیمتیازەکان هەر لە دابینکردنی زەماڵەی خوێندن‌و مووچەو دابەشکردنی خانوو و زەوی، بەشێوەیەکی یەکسان دابەشبکرێن».

بنەماڵەی ئەو شەهیدانە لە یاداشتەکەیاندا باس لەوەش دەکەن «وەزارەتی شەهیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و هەردوو حیزبی فەرمانڕەواو ئەو حیزبەی باوک‌و رۆڵەکانمان لە پێناویدا شەهید بووە، لەبەر بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی، ئاگاداری ئەو ناعەدالەتییە زەقە نابێت کە لە کوردستان پەیڕەودەکرێت».

لە کۆتایی یاداشتەکەیاندا، (٣٤) بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی شیوعی کوردستان لە شاری هەولێر داوا لە بەرپرسانی هەرێم دەکەن، هەرچی زووە لە رێگای یاسایەکی عادیلانەوە بەبێ دەستتێوەردانی حیزب، کار بۆ بە یەکسانیکردنی مافی هەموو شەهیدانی کوردستان بکەن، تا شەهیدانی حیزبی شیوعیش لە هەموو ئەو ئیمتیازە زۆرە کە بۆ شەهیدانی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بەدەستهاتوون، بێبەش نەکرێن‌و خانەوادەکانمان واهەست نەکەن رۆڵەکانیان شەهیدی پلە دووی ئەم وڵاتەن.

**ناوی بنەماڵەی شەهیدان: شەهید ناسیح حەمەدەمین ناسراو بە مامۆستا کۆچەر، شەهید سەفەر حەمەدەمین ناسراو بە سالار شەهید خالید حەمەدەمین، شەهید ئیسماعیل حەمەدەمین ناسراو بە سمکۆ، شەهید ئەحمەد حەمەدەمین ناسراو بە هیوا، شەهید حەیدەر سەفەر ناسراو بە ئازاد، شەهید فەرهاد خالید ناسراو بە جەنگی، شەهید شێرزاد حسێن ناسراو بە قاسم، شەهید عەبدوڵا یونس، شەهید رۆژگار کەریم، شەهید بەکر رەزا ناسراو بە بەکر گەرمیانی، شەهید عەوڵا حاجی، شەهید ئارام شاهێن، شەهید سۆران حاجی مەمەند، شەهید سەلیم حاجی مەمەند، شەهید عادل سەلیم، شەهید ئیبراهیم، شەهید راوێژ، شەهید کاردۆ، شەهید گیڤارا، شەهید کارۆخ، شەهید پێشڕەو شێخ محەمەد، شەهید کەمال شێخ محەمەد، شەهید دکتۆر عادل، شەهید عارف، شەهید کارزان، شەهید عەباس، شەهید کەمال، شەهید کرمانج، شەهید پۆڵا، شەهید جەبار، شەهید توانا، شەهید هەنگاو رەمەزان، شەهید هەژار ئیسماعیل.**

# حکومەتیش رێز لە زمانی کوردی ناگرێت!

د.ئیبراهیم محەمەد جەزا*



هەندێک کار یان دیاردە هەیە کە ناکرێت چاوی لێبپۆشینو بڵێین من کارم پێوەی نییە، لەگەڵئەوەشدا لەوانەیە کاردانەوەیەکی کتوپڕی نەبێتو دەیان کەس بینیویانەو پێیدا رۆیشتوونو گرنگییان پێی نەداوە، بەڵام کڵۆڵییەکەی من لەوەدایە کە ئەوکارانە دەبینم، ئیتر دەبێت بیخەمە سەر کاغەزو بیخەمە بەردەم ئەوکەسەی کە لەوکارە بەرپرسە، هەر ئەوەندە دەتوانمو لەولا ئەوەوە هیچم پێ ناکرێت! لەم روانگەیەوەو هاوشێوەی ئەم بابەتە، چەندین بابەتی دیکەم بڵاوکردووەتەوە، کە بەداخەوە نە کەس وتی باشەو نە کەس وتی خراپە، هەروەک هەموو بەدواداچوونەکانی دیکە لەم وڵاتەدا! بێگومان زیاتر دڵتەنگ دەبم، کاتێک دەبینم ئەو دیاردەیە بە فەرمانبەرێکی ساکار چاک دەکرێت، کەچی بەڕێوەبەرێتییەک یان وەزارەتێک هەر لەسەر ئەو هەڵەیە دەڕۆن، ئا ئەمە گرفتەو ئا ئەمە رەورەوەی پێشکەوتن دەوەستێنێتو خەڵک بێزار دەکاتو هەڵەکان کەڵەکە دەبن.

با زیاتر سەرتان نەئێشێنم، ئەم هەفتەیە هاوسەرەکەم نەخۆش بوو، چووین بۆ نەخۆشخانەی فێرکاریی لە شاری سلێمانیو پێویستی بە وێنەیەکی تیشکیی (اشعە) هەبوو، بە سوپاسەوە زۆر بەخێرای وێنەکەیان گرت، بەرامبەر نرخێکی گونجاو، تائێرە کارێکی زۆر باشە، کاتێک وێنەکەیان داینەوە لەناو کیسێکی نایلۆندا دانرابوو، کە جێگەی خۆشحاڵییەو کارێکی شارستانییە، بەڵام کە لەکیسەکە وردبوومەوەو نووسراوی سەر کیسەکەم خوێندەوە، هەموو کارەجوانەکانی وەزارەتی تەندروستیم لەبەرچاوکەوت! دەزانن بۆ؟ چونکە ئەوەی کە لەسەر کیسەکە نووسرابوو (وەک لە وێنەکەدا دیارە) تووشی بێزاریی کردم. ئەگەر بڵێم وێنەکەیان بۆ نەگرتمایەو ئەوهەڵەیەم نەدیایە، ئەگەر بڵێم وەزارەت خوێندەواری تێدا نییە، ئەگەر بڵێم بەڕێوەبەری نەخۆشخانە لەکوێی، ئەگەر بڵێم مامۆستایانی زمانی کوردی لەکوێن، ئەگەر بڵێم....... ئێستا یەکێکمان لێپەیدا دەبێتو پاساوێکی بۆ دەهێنێتەوەو زۆر بەئاسانی دەڵێت «کاکە تۆ دەبێت مەمنوون بیت، ئێمە ئەو ئامێرەمان هێناوەو ئیتر پێویست ناکات تۆبچیت بۆ وڵاتێکی دیکەو هەڵەش هەردەبێت!» یەکێکی دیکە لە بەرپرسانی ئەوکارە دەڵێت، کاکە «ئەوە لە فلانەشوێن چاپمان کردو ئەو هەڵەیەی تیادابوو، دەبێت ئەوکیسانە هەمووی سەرف ببێتو پاشان چاکی دەکەین!» یەکێکی دیکە دەڵێت «تۆ ئەو ئیشە باشانەی وەزارەت دەسڕیتەوەو بەس ئەم کیسە کێشەیە، کەی ئەوە گرفتە!».

باشە دەبێت وەڵامی کێ بدەمەوەو کێ گوێم لێدەگرێت؟ مەگەر تەنیا زمانزانە دڵسۆزەکانی زمانی کوردی، کە ئەوانیش سەد هێندەی من قرچە لەجگەریان دێت بۆ ئەو کارە، نادروستو دزێوانە. بۆ دەبێت لەپاڵ کارێکی باشدا کارێکی دیکەی ناشرین بکەین، ئاخۆ ئەمە کلتوورە یان رەوشتەو ناگۆڕێت؟ باشە ئەم کارە هێندە قورسە تا نەتوانرێت چاک بکرێت؟ باشە خۆ قابیلە وەزیری تەندروستی یان بەڕێوەبەری تەندروستی راستەوخۆ ئەو کیسەی دروستکردبێت؟ بێگومان نا، کەواتە فەرمانبەرێک ئەو کارەی کردووە، بۆ کردوویەتی؟ دەستی لەپشتەوەبووە؟ بڕوا ناکەم، بەڵام دڵسۆز نەبووە بۆ زمانی کوردی یان خەمی نەبووە یان نەیزانیوەو تەنیا ئەوە گرنگ بووە کیسێکی جوان بێت، ئیتر گرنگ نییە چۆنو چی نووسرابێتو زمانە شیرینەکەمان چۆن شێوێنرابێت؟ کەی ئەوە گرفتە لای ئەو، پێت دەڵێت «کاکە کێ ئەوە دەخوێنێتەوە».

تکایە با هەر هەڵەو ناتەواوییەک دەبینین، بینووسینو دەستنیشانی بکەین، بەڵکو لێپرسراوی ئەو کارە چاکی بکات، ئەگینا زمانەکەشمان وەک زۆر شتی دیکەی جوانی ئەم وڵاتە لەدەستدەدەین. هەموو هەوڵی داگیرکەران ئەوە بوو، ئەم زمانە شیرینە بشێوێنن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوونو زمانی کوردی رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتر دەبوو، پاکتر دەبوو، کەچی ئێستا بەدەستی خۆمان تێکیدەدەین، ئەمە هەڵەیەو دەبێت بوەستێنرێتو بڕوا ناکەم حکومەت نەتوانێت رێگە لەم کارانە بگرێت! ناکرێت حکومەتیش سووکایەتی بە زمانو رێزمانی کوردیی بکاتو رێزی نەگرێت.

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر
بەشی زەویناسیی، زانکۆی سلێمانی
ibrahimjaza@yahoo.com




# وڵاتانی ئەوروپا، ڤیزا نادەنە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستانو عێراق

شارا عەبدولڕەحمان

حکومەتی عێراق تائێستا ئەو رێکەوتننامانەی مۆرنەکردووە کە تایبەتن بە پێدانی ڤیزاو مافی پەناهەندەیی بە هاوڵاتییانی عێراق لە وڵاتانی ئەوروپا، هەر بەو هۆیەشەوە پێدانی ڤیزاو مافی پەناهەندەیی بۆ هاوڵاتییانی عێراق بەگشتییو بە هەرێمی کوردستانیشەوە قورس بووە.

ماوەی ساڵێک زیاترە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا پێدانی ڤیزاو مافی پەنابەرییان بە هاوڵاتییانی عێراقی قورسکردووە، بەشێوەیەک لە حاڵەتی زۆر دەگمەندا نەبێت ناتوانن وەریبگرن، ئەمە جگە لەوەی لە وڵاتانی بەریتانیاو دانیمارک هەڵمەتی ناردنەوەی هاوڵاتییانی عێراقی بەردەوامەو مانگانە ژمارەیەکی زۆر لەو هاوڵاتییانەی کە تائێستا مافی پەنابەرییان پێنەدراوە، دەنێردرێنەوە.

د. بوخاری عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هۆکاری سەرەکی پێنەدانی ڤیزاو مافی پەنابەریی بە هاوڵاتییانی عێراقی لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە گەڕاندەوە بۆ مۆرنەکردنی ئەو رێکەوتننامانەی کە لەنێوان وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپاو دەوڵەتەکانی دیکەدا لەوبارەیەوە ئەنجامدراوە.

د. بوخاری وتیشی «تائێستا حکومەتی عێراقی ئەو رێکەوتننامانەی مۆر نەکردووە کە تایبەتن بە رێکخستنی پەیوەندییەکانو مەسەلەکانی پێدانی ڤیزاو مافی پەناهەندەیی، کە ئەمەش بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم هاوڵاتییانی عێراقیدا کە دەیانەوێت لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا بژین، ئەم بەربەستەش تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە عێراق ئەو رێکەوتننامانە مۆردەکات».

لە ئێستادا هاوڵاتییانی عێراقو هەرێمی کوردستان لەلایەن باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی ئەوروپاوە بەربەستی زۆر گەورەیان بۆ دروستدەکرێت لە کاتی وەرگرتنی ڤیزەدا، زۆربەی کاتیش ئەو بەربەستو داواکارییانە دەبنە هۆی وەرنەگرتنی ڤیزا یان مافی پەنابەرێتی.

گروپێک لە بازرگانانی هەرێمی کوردستان، مانگی ئابی رابردوو دوای دوو هەفتە مانەوەیان لە وڵاتی تورکیا، نەیانتوانی ڤیزای ئەڵمانی لە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە ئەستەمبوڵ وەربگرنو بە ناچاریی گەڕانەوە، لەکاتێکدا بازرگانان لە هەموو کەس لە پێشترن بۆ وەرگرتنی ڤیزا.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد، کە لە کۆبوونەوەی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەگەڵ نوێنەری وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپادا داوایان لێکردوون، کە ئاسانکاریی بکەن بۆ هاوڵاتییانی عێراقی، بۆ ئەوەی لە حاڵەتەکانی نەخۆشییو بازرگانی، یان بوونی مەترسی لەسەر ژیانیان، ڤیزای ئەو وڵاتانە وەربگرن.

لەبەرامبەریشدا وڵاتە ئەوروپییەکان پێیانوایە، کە کێشەکە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دروستکراوە نەک ئەوان، چونکە حکومەتی عێراق ئەو رێکەوتننامانە مۆر ناکات کە یەکێتیی ئەوروپا تایبەت بەو مەسەلەیە خستویەتیە بەردەمیو پێدانی ڤیزا ئاساندەکات، دکتۆر بوخاری هۆکاری مۆرنەکردنی رێکەوتننامەکانیشی لەلایەن عێراقەوە گەڕاندەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە عێراق لەدوای رووخانی رژێمەوە پێیدا تێپەڕیوە.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، وەزارەتی دەرەوەی عێراق چەند رێکەوتننامەیەکی لەگەڵ وڵاتانی دانیمارکو بەریتانیا مۆرکردووە بۆ ناردنەوەی ئەو هاوڵاتییە عێراقییانەی کە تائێستا مافی پەنابەرییان پێنەدراوە.

د. بوخاری لەوبارەیەوە بۆ رۆژنامە وتی «هەرچەندە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە دژی ئەو رێکەوتننامانەنو فشاریان خستووەتە سەر وەزارەتی دەرەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەیان، بەڵام من پێمباشە، کە ئەو رێکەوتننامەیە بکرێت، چونکە کارێکی باشە کە هاوڵاتییانی عێراقی نەتوانن بە ئاسانی وڵاتەکەی خۆیان جێبهێڵن، بەتایبەت لەئێستادا کە بارودۆخی وڵات بەرەو ئارامیی دەچێت».

بەهۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستانیش لەچوارچێوەی حکومەتی عێراقی فیدراڵدایە، سەرجەم ئەو رێکەوتننامانەی کە حکومەتی عێراق مۆرینەکردوون، کوردستانیش دەگرێتەوە، بەو هۆیەشەوە لەماوەی چەند مانگی رابردوودا زیاتر لە (١٥٠) هاوڵاتیی کوردستان دیپۆرت کراونەتەوە.

لەلایەکی ترەوە تاکو ئێستا هیچ وڵاتێکی بیانی لەرێگەی نوێنەرایەتییەکانیانەوە لە هەرێمی کوردستان ڤیزایان بۆ هاوڵاتییانی کوردستان دابین نەکردووە، جگە لە وڵاتانی روسیاو کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەم حاڵەتە نەک هەر لە هەرێم، بەڵکو لەعێراقیش روودەدات بەشێوەیەک کە تەواوی وڵاتان لە رێگەی باڵوێزخانەکانیانەوە لە بەغدا تەنها ڤیزا بە شاندی فەرمیی حکومەتیو پەرلەمانیو بازرگانی دەدەن، نەک بۆ هاوڵاتییانی ئاسایی، بەوهۆیەشەوە ئەو هاوڵاتییانەی پێویستیان بە سەفەرکردن هەیە رەوانەی وڵاتانی ئوردنو سوریاو تورکیاو لوبنان دەکرێن.

لەوبارەیەوە فەلاح مستەفا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند «تەنها وڵاتانی روسیاو ئێران لە رێگەی کونسوڵگەرییەکانیانەوە لە هەرێم ڤیزا دەدەنە هاوڵاتییانی هەرێم، ئەویش دوای وردبوونەوە لە داواکارییەکانیانو ئەو کارەی بۆی دەچن، بەڵام ئەڵمانیاش بەڵێنی داوە کە لە ساڵی داهاتووەوە ڤیزا بداتە هاوڵاتییان».

حکومەتی هۆڵەندا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە هەولێر کونسوڵخانەی هەیەو پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی لەسەر زاری قسەکەری کاروباری دەرەوەیان هاری ڤان بۆملەوە داوا لە وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا دەکات کە کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە هەولێر تەنیا لە خزمەتی سەرمایەدارو کۆمپانیاکاندا نەبێتو خزمەت بە خەڵکی ئاسایی بکات.

لەو نامەیەدا کە بۆ وەزیری دەرەوەی ناردووەو کۆپییەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، هاری ڤان بۆمڵ پێ لەسەر گرنگیی فراوانکردنی کارەکانی کونسوڵ دادەگرێتو ئەوە روونەدەکاتەوە، کە کوردێکی زۆر لە هۆڵەندا هەنو کارو ژیانو سەفەریان لە نێوان کوردستانو هۆڵەندادا بەردەوامە، هەر بۆیە راستەوخۆ راییکردنی کارەکانیان لە هەولێر کارئاسانییەکی چاکەو سەفەرکردن بۆ وڵاتانی دراوسێ لە کۆڵ خەڵک دەکاتەوە.

**هاری ڤان بۆمڵ پێ لەسەر گرنگی فراوانکردنی کارەکانی کونسوڵ دادەگرێتو ئەوە روونەدەکاتەوە، کە کوردێکی زۆر لەهۆڵەندا هەنو کارو ژیانو سەفەریان لەنێوان کوردستانو هۆڵەندادا بەردەوامە، هەربۆیە راستەوخۆ راییکردنی کارەکانیان لە هەولێر کارئاسانییەکی چاکەو سەفەرکردن بۆ وڵاتانی دراوسێ لە کۆڵ خەڵک دەکاتەوە**



# لەدەسەڵاتەوە بۆ بەزەیی... حکومەتی هاوسۆزەکان



هیوا جەمال

**ئەم حکومەتە کە هاوسۆزە بۆیەکێتیو دەتوانێت ئەو شکستە ناوخۆییو ئینتیخابیەی یەکێتی تووشی بووە بەڕێی بکات؟ حکومەتێک لەسەر بنچینەی هاوسۆزیو بەزەیی دروستبوبێت دەتوانێت، لەبەر ڕەخنەی ئۆپۆزسیۆنو حکومەتی سێبەردا خۆی بگرێت؟**

**حکومەتێک لەسەر بنچینەی هاوسۆزیی دروستبووبێت دەتوانێت تەکنۆکرات بێت؟ حکومەتێک لەسەر بنچینەی زیندووکردنەوە پێکهاتبێت دەتوانێت دەسەڵاتدار بێت؟**

ئەگەرچی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح وەک ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی «کابینەی شەشەم» (٢٩) ڕۆژ گەڕا، بۆئەوەی بتوانێت حکومەتێکی بنکە فراوان پێکبێنێت، بەڵام چانسی نەبوو، لەبەرئەوەی خاوەنی (٣١) کورسی پەرلەمان، هەرلەسەرەتاوە ڕایانگەیاند کە بەشداریی حکومەت ناکەنو وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە.

ئەوەی کە خۆیان ڕوونیانکردووەتەوە بۆ بەشدارینەکردنی ئەو دولایەنە (گۆڕانو یەکگرتوو) لە حکومەتدا دوو هۆکاری سەرەکییە، یەکەمیان (فراکسیۆنی گۆڕان خاوەنی ٢٥ کورسی) لەبەرئەوەی لەوبڕوایەدابوو کە ئەم حکومەتە وەک کابینەی پێشوو هەر لەسەرۆکی حکومەتو جێگرەکەیەوە تا وەزیرەکانو بریکارەکانو بەڕێوەبەرەگشتییەکان لەلایەن مەکتەبی سیاسیی هەردوو حیزبەکەوە دادەنرێن (واشدەرچوو)و سەرۆکی حکومەت دەسەڵاتی گۆڕینو لابردنیانی نییە، بۆیە بەشداریکردن لە حکومەتێکی لەو شێوەیەدا تەنها بەشداریکردنی ڕەمزییەو شەریکایەتی نییەو دەسەڵاتی لاوازە.

ئەوی دووەمیان (کە یەکگرتووی ئیسلامییەو خاوەنی ٦ کورسیی پەرلەمانە) لەبەرئەوەی لە کابینەی پێشودا بەشداریکردبوو، وەزارەتێکی ناسیادییو وەزیرێکی هەرێمیان دابویێو پێدانی ئەو مافەش تەنها بووبووە ڕێگر لە ڕەخنەگرتنیانو بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتەوە پێیاندەوترا ئێوە نابێت پێیەکتان لەدەسەڵاتدا بێتو پێیەکتان لە ئۆپۆزسیۆن، هەرکاتێک لەپەرلەمان نوزەیان لێوەبهاتایە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانو کۆبوونەوە حیزبییەکاندا بە زمانی هەڕەشە ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، کە نابێت ڕەخنە بگرنو لەم پەرلەمانەشدا پێیانوترابوو نابێت ڕەخنە لەدەسەڵات بگرن، ئەگەر بەشداریی حکومەت بکەن. بۆیە ئەو شکستەی کە بەهۆی بەشدارییان لەگەڵ سێ حیزبەکەی دیکە لە هەڵبژاردندا توشیانبوو، بەتایبەت ئەو ڕەخنانەی لەلایەن ئەندامانیانەوە ڕووبەڕوویان بووەوە توانیان بەهۆی بەشدارینەکردنیانەوە لە حکومەت کەمێک متمانە بگێڕنەوە.

هەرچی کۆمەڵی ئیسلامییە کە ئێستا ئەویش بووەتە ئۆپۆزسیۆنو خاوەنی (٤) کورسییە لە پەرلەماندا، بەهۆی ئەزموونی پێشتری لە کابینەکەی نێچیرڤان بارزانیدا، کە بەهەمان شێوەی یەکگرتوو باسی لێوە دەکرا، ئەمجارە نزیکەی (٢٨) مەرجو داواکاریی نووسیی بۆ بەشداریکردنی، بەڵام مەرجەکان قبوڵ نەکرانو بەشداری نەکرد.

ئێستا ئەوانەی کە کابینەی شەشەمیان پێکهێناوە ئەوانەن کە هاوسۆزی یەکێتینو بەشداریکردنیان ئەگەر چی لەبەر بەرژەوەندیی خۆیانە، بەڵام لەبەر ئەوەشە کە شکستی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکەدا بشارنەوەو وەک دەستگرتنێکە بۆ هەستانەوەی ئەو حیزبە، بەڵام ئایا تووشی چی دەبێت؟ بۆیە دەتوانین ناوی حکومەتەکە لە حکومەتی بنکە فراوانەوە بنێن حکومەتی هاوسۆزەکان.

هاوسۆزەکانی حکومەت بریتین لە پارتی، سۆیالیست، زەحمەتکێشانی قادر عەزیز، زەحمەتکێشانی مەکتەبی سیاسیی، شیوعی، تورکمانو مەسیحییەکان، یەکێتی خۆشی.

هەردوو حیزبی زەحمەتکێشانو سۆسیالیست کە داخکراوی دەستی یەکێتیو پارتینو بە وتەی سەرۆکی حیزبەکان خۆیان ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارە دەستیان لە پەرتەوازەکردنو لێکترازانی ریزەکانی حیزبەکانیان هەبووە، پێش هەڵبژاردن تەکتیکێکیان پێکراو بوونە خاوەنی (٣) کورسی پەرلەمانی، بەڵام دواتر هەر بەهۆی هەڕەشەو هاوسۆزبوونیانەوە بەشداریی حکومەتیان کرد، ئەمەش دوای ئەوەی تاڵەبانی هەریەک لە محەمەدی حاجی مەحمودو قادر عەزیزی بینیو داوا، یان هەرەشەی لێکردن تا بەشداریی لە حکومەتدا بکەن.

هەرچی شیوعیو تورکمانو مەسیحیەکانیشە، کە هاوسۆزی دوو حیزبەکەنو لە پارتییەوە نزیکترن، بێ هیچ مەرجو پێشەکییەک بەشدارییان کرد.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە وەک هاوسۆزی سەرەکیی یەکێتی کاردەکات، ژیرانە ڕێکخستنی خۆی لە حکومەتدا ئەنجامداوەو بە فیعلیی حکومەت بەدەست خۆیەوەیەتیو د. بەرهەم رووکارەکەیەتی.

ئەگەر سەرنجێکی وردو خێرا بدەین بەئاسانی تێیدەگەین، بۆنموونە وەزارەتە گرنگو سیادیەکانی وەک سەرچاوە سروشتییەکانو ناوخۆ بە پارتییەو مەرجیشی دانابوو دەبێت بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی بێت، دوو شاری گرنگی وەک هەولێری پایتەختو دهۆکی سنووری تورکیا بە سەرجەم دامودەزگاکانییەوە لە ژێر ڕکێفیدایە، دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی بەدەستەوەیەو چەندین وردە دامودەزگای تریش.

کەواتە ئەوەی بۆ د. بەرهەمو یەکێتی ماوەتەوە هەندێک لە وەزیرەکانو ئەو شارەیە کە لە هەڵبژاردنەکاندا تیایدا شکستی هێناوە.

ئەم حکومەتە کە هاوسۆزە بۆیەکێتیو دەتوانێت ئەو شکستە ناوخۆییو ئینتیخابییەی یەکێتی تووشی بووە بەڕێی بکات؟ حکومەتێک لەسەر بنچینەی هاوسۆزییو بەزەیی دروستبووبێت دەتوانێت، لەبەر ڕەخنەی ئۆپۆزسیۆنو حکومەتی سێبەردا خۆی بگرێت؟ ئایا ئەم حکومەتە تاکەی دەتوانێت بەردەوام بێت؟ دەتوانێت بەسەر کۆسپە گەورەکانیدا سەرکەوتوو بێت لەکاتێکدا کەمترین دەسەڵاتی هەیە؟.

# با فرە لیستیش تاقیبکەینەوە



کارمەند لەتیف

هەڵبژاردنی دیموکراتییانە لەعێراقو کوردستاندا مێژوویەکی دووری نییە، لە کوردستان (١٧)ساڵەو لەعێراقیش تەمەنی (٥)ساڵەو هەر یەک لەم دوو هەڵبژاردنەش بۆ ئێمەی کورد تایبەتمەندیو گرنگیی خۆیان هەیە، ئەوەی کوردستان نیشاندانی ڕووی گەشی دیموکراتیو جوانترکردنی پرۆسەکەمانە، ئەوەی عێراقیش دەروازەیەکە بۆ بەدەستهێنانی سەرجەم مافەکانی کورد لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵو دیموکراتدا.

ئەوەی بۆ ئێمەی کورد گرنگە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، یەکهەڵوێستییە لەسەر سەرجەم پرسە نەتەوەییەکانو زامنکردنی مافەکانی گەلی کورد، نەک بە ناو یەک لیست بینو بە کردەوەش پەرتەوازە، هەڵبژاردنی خولی پێشووتر بۆی سەلماندین، یەکلیستیی هیچ دەسکەوتێکی وەهای بۆ گەلەکەمان لێ شین نەبوو، ئەوەندەی تەوافوقکردن بوو لەنێوان لایەنەکاندا بۆ دابەشکردنی پۆستو پۆستکاریی، ئەوەندە کاری نەکرد بۆ جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)و گەڕانەوەی ناوچەدابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چۆنێتیی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا پێویستە بە شێوازێک بێت کە کەمترین زیان بە کورد بگەیەنێت، گرنگ بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێژەی کورسییە لەلایەن کوردەوە، پاشان پێویست دەکات یەک گوتارو یەک هەڵوێستمان هەبێت لەمەڕ مەسەلە چارەنووسسازەکاندا، ڕابردوو هەمووانی یەکلاکردەوە لەوەی کە کورد چۆنچۆنی بەشداریی بکات باشە، لایەنە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان یەکلیستیی هەڵدەبژێرنو ئێستاش هەرئەوەیان پێباشە!، بەڵام چۆن یەکلیستییەک،

یەکلیستیی بە واتای قازانجە نیشتمانیو نەتەوەییەکەی نا، بەڵکو لای ئەوان واتای لەدەستنەدانی پێگەو پلەو پۆستی حیزبایەتیو مانەوە لە لوتکەی دەسەڵاتدا، یەکێک لە زیانە خراپەکانی یەکلیستیش بەشدارینەکردنی زۆرێک لە ڕێژەی دەنگدەرانە لەکاتی هەڵبژاردندا، چونکە لە ڕابردوودا ئەوەی بینیومانە دڵخۆشکەر نەبووەو جێگای ئومێدی میللەت نەبووە تا حەماسەت لە دڵی ئێمەی هاوڵاتیدا بخوڵقێنێتو بەرەو پیری سندوقەکان هانمانبدات، بەپێچەوانەوە یەکلیستیی کاری کردووەتە سەر یەکڕیزی گەلەکەمانو لێکترازاندنی، چەندین کەلێنی بۆ دروستکردوین، وایکردووە ئەوەندەی بیر لە دابەشکردنی ئیمتیازاتەکان دەکەنەوە، نیو هێندە بیر لە چارەنووسی کوردو پرسە سیاسییەکەی ناکەنەوە، بۆیە پێویستەو پێویست دەکات کورد فرەلیستیی هەڵبژێرێت بۆ چوونە ناو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقەوە،فرەلیستیی ئیجابیاتی خۆی هەیەو لەم قۆناغەداو بۆ ئێمەی کورد گرنگترە لە یەکلیستیی، لەبەرئەوەی زۆرێک لە پارتو لایەنە سیاسییەکان لەناو خودی خۆیاندا جۆرێک لە دووکەرتبوونو بێمتمانەیی لایان درووستبووەو ئەمەش وادەکات لە کاتی دابەزینی کورددا بە یەک لیست، ڕێژەی دەنگەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزێتە خوارەوەو زیان بەمیللەتی کورد بگات، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە فرەلیستیی بێت هەرکەسەو دەنگ بە لیستی خۆی دەداتو ڕێژەی دەنگەکانیش زیاد دەکات، ئەمەش قازانجی بۆ میللەتی کورد هەیەو پێگەی قایم تر دەکات لە ناوەند، ئینجا پێویستە کورد یەکهەڵوێستیی هەڵبژێرێتو بەرگریی لەهەموو مافەکانی خۆی بکاتو پێداگریی زیاتریش لە مەسەلە سیاسییە چارەنووسسازەکانی خۆی بکات.

# چــوار ســاڵ



پشکۆ ناکام

**گەر دەسەڵاتو کابینەی پێنجی هەولێر، کوردستانیان کردبێت بە (دوبەی).. چۆنو بۆچی نیوملیۆن دەنگ، ئۆپۆزسیۆنیان هەڵبژارد**

...هێشتا کابینەی شەشەم!! نەهاتبووە کایەوە، کە هەر هەموو دەزگا پڕوپاگەیەندییەکانی دەسەڵات بەشێوەیەک باسیان لە دەستکەوتو سەرکەوتنە عەجابایەتییەکانی کابینەی پێنج دەکرد، کە ئیتر واتدەزانی ئەو کابینەیە هیچی بۆ کابینەی ئایندە نەهێشتووەتەوەو ڕەنگە تەنیا لە ڕووی ئیدارییەوە ئەو کابینەیە پێویست بێت، دەنا تا یەک دوو قەڕنی دیکە، کورد لە سایەی سەری سەرۆکایەتی کابینەی پێنج وەک حاجی لە بەهەشتدا دەحەسێتەوە!

بەڵام ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ چوار ساڵی ڕابردوو و ڕۆژژمێرێکی کابینەی پێنج بە یاد بهێنینەوە، تێدەگەین بۆ کورد دەڵێ: ئاش لە خەیاڵێکو ئاشەوان لە خەیاڵێک...

ـــ لە ڕووی گەندەڵییەوە کابینەی ڕابردوو هیچ کەمتەرخەمتر نەبوو لەوانەی پێش خۆی.. بەبێ ئەوەی بۆ موجامەلەش بێت تەنیا یەک (بەرپرس) ناوبهێنرێت، تەنیا ناوهێنان وەک تێوەگلاوێک لە گەندەڵییەکان، گەر یەک دوو جارێک وەزیرێک بانگ کرابێت بۆ پەرلەمان! ئەوا بەرپرسانی پەرلەمان لە ترسی دەسەڵات دەیان وت: ئەو وەزیرە بۆ سەردانو ئەحواڵپرسی چووە بۆ پەرلەمان نەک بۆ لێپرسینەوە، (١٨) ملیۆن دۆلار لێرەو (٢٥) لەولاوە (٦) ملیۆنەکەی دیکەو...هتد لە فەرهەنگی کابینەی دەسەڵات زیاد مەسرەفییە، نەک گەندەڵی..

– لە ڕووی شەفافیەتەوە، کابینەی پێشوو، لە هەردوو حیزبی دەسەڵات شەفاف تر نەبوو.. گرێبەستەکان بە تایبەتی (نەوت) هەروەک خۆیان لە ژێر بەڕەیابوو، تا کار گەیشتە قسەکردن لەسەر تێوەگلانی حکومەتی هەرێم لە ڕێی وەزیری سامانە سروشتییەکانیەوە، ئەویش بە نیو سەعات زیارەتی وەزیری سامانە سروشتییەکان بۆ پەرلەمانو ڕێگەگرتن لە پرسیارکردن لێی، چارەسەرکراو ئەو مەلەفەش (جاریَ) خۆمان خۆش....

ـــ کێشەو گرفتەکان، کە ماوەیەکی زۆرە کەوتوونەتە نێوان هەولێرو بەغدا، نە پەرلەمانی دەسەڵاتو نە سەرکردایەتی کابینە توانییان لێی کەمبکەنەوە، بگرە گرژی نێوان هەردوولا وایکرد، کە کێشەکان لە سەریەک کۆببنەوەو ئێستا دەسەڵاتی هەرێمو نوێنەرە «لێهاتووەکانمان» لە بەغدا هەرچەند دەکات لێی دەرباز نابێت.. خوا هەڵناگرێ، سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم (٢) جار سەردانی بەغدای کردووەو هەردوو جارەکەش کێشەی پارەو بودجە ناوەڕۆکی کێشەکە بووە، کورد دەڵێ: «قسە قسە ڕادەکێشێ، لە هەرێم پارە، پارە ڕادەکێشێ»..

– پاراستنی سیادەی هەرێم لەو کێشە گەورانە بووە، کە کابینەی ڕابردوو نەیتوانیوە ڕاگیری بکاتو هیچ پلانێکی ئەو تۆشی نەبووە، کە بەڵکو لە ئایندەیەکی نزیکدا چارەسەر بکرێت، تورکیاو ئێران چۆنیان بوێت، کەی بیانەوێت تۆپبارانی ناو خاکی هەرێم دەکەنو هەرجارێکیشی بەوە تەواو دەبێ کە پەرلەمان! ئیدانەی دەکاتو لەولاشەوە نوێنەرانی کابینەو ئەو دوو دەوڵەتە بەخێرهاتنی یەکتر دەکەن...

– لە سەر ئاستی نەتەوایەتی، لە ژێر سایەی کابینەو پەرلەمانی ڕابردوو یەکێک لە گەورەترین تاوانباری مێژووی کوردو دوژمنەکانی لە ڕێگەو بە «فەرمانی» یەکێک لە سەرانی هەردوو جەمسەری دەسەڵات کە، تاڵەبانییە، ئازاد بکریَو بێ ئەوەی بخرێتە بەردەم بەرپرسیارێتی تاوانی تەفروتووناکردنی (٥) هەزار هاوڵاتی کورد «تاریق عەزاوی» دوای گرتنی بە هەڵە! ڕەوانەی ئەوروپا کرا، نە سەرۆکی کابینەی پێشوو نە کەسی حکومییو نە پەرلەمانە گرێدراوەکەی، نوتقیان نەکردو بەرامبەر بە ئەرکی ویژدانیو ڕەوشتی سیاسیی (هیچم نەدی، هیچم گوێ لێنەبوو)یان هەڵبژارد..

–خۆپیشاندانەکانی کەسوکاری شەهیدانی ئەنفال لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە ساڵەکانی پێشوو، باشترین بەڵگەیە کە کابینەی ڕابردوو تەنانەت لە سەرئاستی خزمەتگوزاریی کەسوکاری شەهیدان هیچی ئەوتۆی نەکردووە، لە کاتێکدا سەری زمانو بنی زمانی سەرۆکایەتی حکومەت «بەوەی ئێستاشەوە» کەسوکاری شەهیدانە.. ئاخۆ ئەو ڕۆژەی کەسوکاری ئەنفال کراوەکانی گەرمیان لە بەردەم پەرلەمانی هەرێمدا نارەزاییان دژی سیاسەتو بەرنامەی حکومەت دەربڕی، ئاخۆ لەو کاتەدا سەرۆکایەتی حکومەت بیری لە چی کردبێتەوە؟!

گەر دەسەڵاتو کابینەی پێنجی هەولێر، کوردستانیان کردبێت بە (دوبەی).. چۆنو بۆچی نیوملیۆن دەنگ، ئۆپۆزسیۆنیان هەڵبژاردو هاواریان کرد (نا بۆ ئەم دەسەڵاتو کابینەی)...!!..

# ئەلو.. سەرۆک کۆمار قسەتان لەگەڵ دەکات!



گۆران عوسمان

ڕۆژ بە ڕۆژ پێکەوەژیانی هەموو تاکێک لەم کۆمەڵگەیەدا بەرەو لەناوچوونی کۆمەڵایەتی دەچێت، نەخشە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە وا داڕێـــژراون، کە نەتوانێت بە ئازادییەکی ڕەهاییەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەردا بکەیت.

ئەو ناونیشانەی کە بۆ ئەم بابەتەم داناوە بەشێکی گەورەیە لەو دابڕانە سیاسییە لە کۆمەڵگەدا بەدیدەکرێت. لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)دا، ڕۆژێکیان سەرۆک کۆماری عێراق تەلەفۆنی بۆ کردین، هەڵبەت ئەوکات دایکم وەڵامی دایەوە وتی ئەلو: هەر دوای ئەو ئەلووەی دایکم، کەسێکی نەناسراو وتی: «سەرۆک کۆمار قسەتان لەگەڵ دەکات!» قسەکەش ئەوەبووە کە دەنگ بە لیستەکەیان بدەین، دایکیشم وەک دایکە شەهیدێک، زۆری پێخۆش بوو کە سەرۆکێک تەلەفۆنی بۆ بکات، چونکە چەندینجار ویستبووی بەڕێزیان ببینێت، بەڵام نەیتوانیبوو، ئەو تەلەفۆنەش فرسەتێکی باشە بۆ دایکێکی شەهید کە ڕازونیازی خۆی لە لای سەرۆکەکەی باس بکات، بەڵام بەداخەوە هەردوای تەواوبوونی قسەکانی سەرۆک، ڕێگەی بە دایکم نەدا کە تەنها (١) دەقیقە قسەی بۆ بکات، (دەنگەکە تۆمارکراوبوو، نەک ئەوەی سەرۆک کۆمار هێندە سادەبێت تەلەفۆن بۆ هاوڵاتییەکانی بکات!) سەرسوڕهێنەرتر لـەوەش، ڕۆژی دوای ئەوە بەهەمانشێوە سەرۆکی حکومەتی تـازە هەڵبژێردراو (بەرهەم ساڵح) هاتە سەرخەت، بەڵام دیسانەوە ڕێگەی گفتوگۆیان نەداین بۆ تەنها چرکەیەکیش. لەم ڕۆژانەدا بیرم لەوەکردەوە بچمە خزمەت یەکێکیان‌و ئەوەی پێ ڕابگەیەنم، کاتێک تەلەفۆنتان بۆ کردین بیرتان لەم ڕۆژەی ئێستا کردبووەوە کە ئێمەش وەک هاوڵاتییەک دەمانەوێت چاومان پێتان بکەوێت؟ باوەڕتان هەبێت هەرکەس بیەوێت چاوی بە هەریەک لەو دوو زاتە بکەوێت، دەبێت هەتاماوە بڵێ چاوم پێیان دەکەوێت.

لەم ڕۆژانەشدا لە یەکێک لەو ڕۆژنامانەی سەر بە دەسەڵاتە، ئاگادارییەکم بەرچاو کەوت کە نووسرابوو (ئەم هاوڵاتییە پێویستی بە هاوکاریی ئێوەیە) بە وێنەیەکەوە دانرابوون، ئەوپەڕی بێمتمانەیی دەبینم بەرامبەر بە حکومەت، چونکە حکومەتێکی گەورەی وەک هەرێم، توانای ئەوەی نەبێت بە هانای تەنها هاوڵاتییەکەوە بچێت‌و بەوەش ناوەستێت داوا لە خەڵک دەکات یارمەتی بدەن! بە ڕاستی ئەمە جێگەی هەڵوێستەکردنە‌و قسەی زۆر لەوەش زیاتر هەڵدەگرێت، لە هەمانکاتیشدا کەس هەیە هیچ پەیوەندییەکی بەم هەرێمەوە نییە، چونکە بەشان‌و باڵیاندا هەڵدەدات، یاخود گۆرانییان بۆ دەڵێت، ئامادەن ئەوپەڕی خزمەتی بکەن، دڵنیابن هاوکاریی ئەو هاوڵاتییە بە دانیشتنی تەنها شەوێکی بەرپرسێکی دەســەڵات چارەسەردەبێت. ئەگەر کەسێکی بیانی ئەو نووسراوە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە تاچەند ئەم حکومەتە گەندەڵە. هیچ مەنتیقییەتێکی تێدا نییە کە بەرپرسانی ئەم وڵاتە ئاگاداری کەسانێک نەبن لەم هەرێمەدا کە تائێستاش بەوشێوەیە ژیــان بەسەر دەبەن، بەڵام کاتێک دێتەسەر پێویستبوونیان بە خەڵکی ئەم هەرێمە، تەلەفۆن دەگرن بەدەستیانەوە تا دەنگیان بۆ بدەن! ئەگەریش دەنگیان پێ نەدەن نانبڕاویان دەکەن.

Goran_Penws@yahoo.com

# لیستی گۆڕان، وانابێت!!



ڕەزا جەبار

ناوەڕۆکی ئەم نووسینە ڕەخنەیە لە لیستی گۆڕان لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا، لەبارەی دانانی وەزارەتێک بۆ ژنان!

پەرلەمانی کوردستان لــەم خـولــەیـدا ئومێدێکی گەورەی زۆرینەی هاوڵاتییانی کوردستانی لەسەر هەڵچنراوە، ئومێدێک پەیوەندیی بە گروپێک یان حیزبێک‌و بزووتنەوەیەکەوە نییە، بەڵکو ئومێدی زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگەی کوردییە تا هەموو ئەو دیاردە خراپ‌و کێشە جۆراوجۆرانەی بەرۆکی کۆمەڵگەی گرتووەو پێوەی دەناڵێنێت گۆڕانی بنەڕەتی‌و جـەوهـەریـی بـە ئاراستەی ئیجابیی بەسەردابێت.

کاتێک «ئومێدی زۆرینەی هاوڵاتییان» دەکەینە دەسپێکی ئـەم نووسینە، مەبەستمان ئەوەیە هەموو ئەو ڕەخنەو گلـەیـی‌و گـازنـدانــەی لـەم هەرێمەدا بوونی هەیە بە تەنیا ڕەخنەو نارەزایی ئەو خەڵکانە نییە کە دەنگیان بە نوێنەری لیستەکانی دەرەوەی دەسەڵات بەخشیوە، بەڵکو ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لەو هاوڵاتییانەی دەنگو متمانەیان بەخشی بە لیستی دەسەڵات کەم تا زۆر هەڵگری هەموو ئەو داخوازی‌و ڕەخـنــەو گـلــەیـیـانــەن کە لایەنگرانی لیستی ئۆپۆزسیۆن کردویانەتە بەیداخی سەرەتای گۆڕانکاریی لە کوردستاندا، بەمانایەکی دیکە هەڵەیەکی گـەورە دەکەین پێمانوابێت ئەوانەی دەنگیان بە لیستی خاوەن دەسـەڵات بەخشی بۆ ئەوە بووبێت واقیعی سیاسی‌و ئـابـووری‌و کـۆمـەڵایـەتـی‌و هتد... بەجێگیری‌و نەگۆڕیی بمێنێتەوە، لـەمـەوە بۆمان دەردەکەوێت کێشەکان بە تەنیا کێشەی گروپێکی دیاریکراو نییە لە کۆمەڵگەدا، هەربۆیە لیستەکانی نێو پەرلەمانیش ئەگەر بیانەوێت نابێت بە تەنیا خۆیان بە نوێنەری ئەو هاوڵاتییانە بزانن کە دەنگیان پـێـداون، بـەڵـکـو پێویستە نوێنەرایەتییەکەیان لەسەر ئاستی کۆی کۆمەڵگەبێت، تا چارەسەری کێشەکان نەبێتە قوربانی ململانێی سیاسیی.

ناوەڕۆکی ئەم نووسینە ڕەخنەیە لە لیستی گۆڕان لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا، لەبارەی دانانی وەزارەتێک بۆ ژنان! بێگومان لیستی نـاوبـراو پێداگرییان لەسەر بوونی وەزارەتـێـک دەکرد بەناوی ژنان لە کابینەی نوێی حکومەتدا، دواجاریش لە ڕێگەی «دیموکراسییەتی کــــوردی»ەوە خواستەکە نەگەیشتە ئامانج.

پێش هەرشتێک پێموایە هەڵەکە لەوێوە دەستپێدەکات مانای وەزارەتەکانی حکومەت کورتبکرێتەوە بۆ کۆمەڵێک کێشە کـە ڕەگــەزێـک یان چین‌و توێژێک ڕووبـەڕووی بووەتەوە، لەکاتێکدا لە ئێستادا سیاسەت‌و بەرنامەی دەسەڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا خۆی لە «خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی»دا دەبینێتەوە، نەک کاری حکومەت لە دروستکردنی وەزارەتێکدا بێت بۆ کێشەیەک کە بە بوونی وەزارەت چارەسەرناکرێت. ئەم سادە بینییە بە ئاراستەی کارکردن بۆ هەر کێشەیەک زەرورە وەزارەتـێـک بوونی هەبێت، وامان لێدەکات ژمارەی ئەم وەزارەتانەی کابینەی نوێی حکومەت زۆر بە ڕێژەیەکی کەم ببینین، چونکە کێشەی چین‌و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە هێندە زۆرن بەچەند ئەوەندەی ژمـارەی وەزارەتـەکـانـی ئەم کابینەیە چارەسەرناکرێن، چ جای باس لە بوونی وەزارەتێک بکەین بـەنـاوی وەزارەتــی ژنانەوە، بەو پێوەرەی ژنان خاوەنی کێشەن لە کۆمەڵگەدا.

لە ڕاستیدا ئەم داواکارییە نەک نابێتە ڕێگەچارەی گرنگ بۆ چـارەســەری کێشەکانی ژنان، بگرە دووبارەکردنەوەی هـەمـان ئـەو قـسـەوبـاسـە تەقلیدیانەیە کە عەیامێکە لەم وڵاتـەدا بۆ چـارەسـەری ئەو دیاردەیە دەوترێتەوە، هەروەک بڕوام وایە ئەو داواکارییەی لیستی گـۆڕان پێچەوانەی ئەو بەرنامەیە بوو کە بەڕێز «سـەرۆکی پێشووی لیستی گـۆڕان» لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا تەرحی کرد. بێگومان ئەو پەیامە بەرنامەیەکی جدیی بوو بۆ کارکردن لەسەر چـارەسـەرکـردنـی کێشەی ژنان لە ڕێگەی چارەسەری ئینسانیانە بۆ کێشەکە، نەک چارەسەری ڕەگەزیی!

هـەڵـەیـەکـی گـەورەیـە پێمانوابێت کێشەی ژنـان بـەبـوونـی وەزارەتـێـک چارەسەردەکرێت، لەبەرئەوەی ئەو کێشەیە بەر لە هەرشتێک پـەیـوەنـدیـی ڕاسـتـەوخـۆی بـە کـۆمـەڵـگـەوە هـەیـە، لەم نێوەندەشدا پەیوەندیی بە کلتوورو ئاستی تێگەشتنی تاکەوە هەیە، کە تائێستاش کلتوور ڕۆڵی سەرەکیی دەبینێت لە هۆشیاریی تاک‌و ئاراستەی کـۆمـەڵـگـەدا، لەهەمانکاتدا ئەدائی خراپی ڕێکخراوەکانی ژنـان لەهەمان ئاستی ئەو هۆکارە جۆراوجۆرانەدان کە بەردەوامیی دەدەن بە مانەوەی کێشەی ژنان لەم هەرێمەدا، ئینجا ئـەگـەر پەیوەندیی بـە دەسـەڵاتـیـشـەوە هەبێت وەزارەتـی ژنان بوونی گرنگ نابێت، چونکە ئەو هۆکارانەی سەرەوە بە بوونی وەزارەتێکی لەو چەشنە چارەسەرناکرێت، بەڵکو کاریگەریی دەسـەڵات لەسەر بنەڕەتی کێشەکانی ژنـان دەکـرێـت لـە ڕێـگـەی سیستمی «پـەروەردە»وە بێت کـە ئـەرکی پـەروەردەیـەکـی تـەنـدروسـت‌و جـیـاوازە لە پەروەردەی خێزان‌و دەتوانێت لــەم بــوارەدا ڕۆڵ ببینێت لەو کاریگەریانەی کلتوورو خێزان لەسەر تاکی کوردی لـە دەرەوەی ئـەم سیستمە پەروەردەییەدا بینیویەتی. دواتر بۆ هەر دامودەزگایەکی دیکەش پەیوەندیی بـەو بـوارانـەوە هەبێت کە کاریگەرییان لەسەر گـۆڕانـکـاریـی کـلـتـووری‌و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا هەبێت.

# «لە نێوان چوارو چل»دا پێشێلکاریی مافەکانی خانەنشینان دەردەکەوێت



ئەحمەد قادر سەعید *

ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان خزمەتی ئەندام پەرلەمان‌و فەرمانبەرێک یان مامۆستایەکدا، دەگەینە ئەو ڕاستییەی خزمەتی فەرمانبەرەکە یان مامۆستاکە گەلێک پیرۆزترو بەکەڵکترە

خانەنشینی ڕاســت ئەو مرۆڤەیە کە هەر لە تافی لاوێتیدا، لە فەرمانگەیەکدا دادەمەزرێت، دەستدەکات بە خزمەتکردن، واتــە زۆربــەی زۆری تەمەنی سەردەمی لاوێتی خۆی هەتا ئەو کاتانەی هێزی بازوو و بیری دێتە کزی، لەو بــوارەی ئیشی تێدا دەکات بێوچان لە جووڵەو ڕاییکردنی کاروباری خەڵکیدایە. مامۆستایەک هــەر لــە تافی سەرەتای تەمەنییەوە، ڕۆژانە لەگەڵ قوتابییان‌و منداڵانی گەلەکەیدا، لەگەڵ نەزانین لە جەنگێکی نەپساوەدایەو لەماوەی خزمەتکردن‌و بەگژداچوونەوەی نەزانیندا، ئەو مامۆستا بەڕێزە دووچــاری دەیــان نەخۆشی‌و گرفتی جەستەیی دەبێت کە ڕەنگە ئەگەر پیشەی پیرۆزی مامۆستایەتی هەڵنەبژاردایە، دووچـــاری ئــەم نەخۆشییانە نەبوایە. بۆ نموونە زۆربــەی زۆری مامۆستایان بەپێی ئەوەی زۆر بەپێوە دەوەســتــن‌و لە قۆناغی سەرەتایی واتە بنەڕەتی ئەم سەردەمەدا، مامۆستا بۆی نییە دابنیشێت‌و بە دانیشتنەوە وانەکان ڕاڤە بکات، ئەوە بەشێکی زۆریــان دووچــاری نەخۆشی خلیسکانی بــڕبــڕەی پشت هاتوون‌و بە جۆرێک لە جۆرەکان بە دەســت ئــەم نەخۆشییەوە دەتلێنەوە، ئــەوە ســەرەڕای تووشبوونیان بە نەخۆشییەکانی هەناسەو چاوکزی‌و فشاری خوێن‌و دەیانی تر. ئەگەر لێرەدا وەک نموونە هەر ئاماژەمان بە مامۆستایان کردبێت، ئەوە فەرمانبەرەکانی تریش لە ڕووی دووچــاری نەخۆشی‌و هەڵوەرینی گوڵەکانی تەمەنەوە هیچیان لەوان کەمتر نییە، بەڵام لەگەڵ ئــەم هەموو خزمەتە زۆرانەدا کە ڕۆژانێک کار دێتە سەر ئەوەی خانەنشین بکرێت، ئــەوا ئــەو کەسە مەزنە زۆر ناجوامێرانە لە فەرمانگەکەی خۆی جیادەکرێتەوەو دەنێردرێتە فــەرمــانــگــەی خانەنشینی، هــەرچــی بـــوون‌و دەرمـــاڵــەو تایبەتمەندییەکانی فەرمانبەری هەیە لێی وەردەگیرێتەوە.

جێی داخە لە وڵاتی ئێمەدا، پێشێلکارییەکان هێندە زۆرن، لــە هــەر بــوارێـکـدا سەیری دەکەیت بۆت نایەنە ژماردن.. من ئەم نموونەی چوارو چلە دەکــەمــە پێشەنگی هەموو پێشێلکارییەکان‌و خوێنەر لە نارەواییەکەی دەکەمە حەکەم.

مامۆستایەک چــل ســاڵ خــزمــەتــی هــەیــەو تەمەنی دەگاتە شەست‌و سێ ساڵ، بە فەرمانی پەرلەمان خانەنشین دەکــرێــت‌و لە ســەدا هەشتای مووچە ئەسڵییەکەی بۆ حیساب دەکرێت‌و هەرچی دەرماڵە هەیە، وەک دەرماڵەی خێزان‌و منداڵی خوێندکارو دەرماڵەی وەزیفە هەیە لێی وەردەگیرێتەوەو دەنێردرێتە ماڵەوەو لە پاڵدا پاداشتێکی زۆر کەمی پێدەدەن، ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ ساڵانی خزمەتکردنیدا ئەوا زۆر کەمەو جگە لــەوەش بە فــڕو فێڵ بەشێک لە مووچە ئەسڵییەکەی لێ قرت دەکەن‌و کاتێک فەرمانبەر یان مامۆستا بە خۆی دەزانێت هیچی وای بۆ نامێنێتەوە پێی بژی، واتە بتوانێت ئەم چەند ساڵانەی تەمەنی کە ماویەتی پێویستی بە دەستی کەس نەبێت، کەچی بەداخەوەو جێی نیگەرانییە لەم سەردەمەداو لەو هەرێمەی خۆماندا هەر بە چوار ساڵ جارێک کە هەڵبژاردن دەکرێت‌و حیزبەکان نوێنەرانی خۆیان دەنێرنە پەرلەمانەوەو دەبن بە ئەندام، واتە دوای ئەو چوار ساڵە هەر دوای ئەو چوار ساڵە ئەم ئەندامە بەڕێزە ئەگەر شانسی ئــەوەی پێ نەبڕێت بکرێتەوە بە ئەندام پەرلەمان، واتە حیزبەکەی دای نەنێتەوە، ئەوا ئەو ئەندامە بە مووچەی لــە ســەدا هــەشــتــای ئەسڵی مووچەکەی خانەنشین دەکرێت.. ئەگەر بــەراوردێک بکەین لە نێوان خزمەتی ئەندام پەرلەمان‌و فەرمانبەرێک یان مامۆستایەکدا، دەگەینە ئەو ڕاستییەی خزمەتی فەرمانبەرەکە یان مامۆستاکە گەلێک پیرۆزترو بەکەڵکترە، چونکە ئەندام پەرلەمانی وا هەیە لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنی ئەندام بوونیدا بۆ تاکە جارێکیش قسەیەکی نــەکــردووەو تەنها جارێکیش نەیگوتووە نەخێر.. ئەمە جیاوازییەکەیە، ئەندام پەرلەمانێک کە خۆی لە خۆیدا نابێت فەرمانبەری حکومەت بێت، بەڵکو دەبێت چاودێر بێت بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵــەتــەوە، ئەوەتا بــووە بە فەرمانبەرو تەنها لە ماوەی چوار ساڵدا، کە خانەنشین دەکرێت مووچەی خانەنشینییەکەی چوار قات‌و پێنج قــات بەسەر مووچەی خانەنشینی فەرمانبەرەوەیە کە ماوەی خزمەتەکەی چل ساڵی تێپەڕاندووە، ئەوە سەرەڕای ئەو پاداشتە زۆرەی دەدرێت بە ئەندام پەرلەمان کە ئەویش بە پێنج قات‌و شەش قات مەزەندە دەکرێت، بۆیە لێرەدا پێویستە داڕێژەرانی یاساکان هەڵوێستە بـکـەن‌و لــە داڕشــتــنــەوەی یاساکاندا ئەو پێشێلکارییانە لەبەرچاو بگرن کە فەرمانبەرێک بە دەستییەوە گیردەخوات‌و حــەســرەت دەخــوات بۆ ئەو هەموو تەمەنەی لە دەستی چووەو ئاوڕی لێ نادرێتەوەو خۆی بە غەدرلێکراو دەزانێت کە لە ڕاستیشدا غەدرەکە هێندە گەورەیە چاوپۆشی لێ ناکرێت.

* پارێزەر

# دیالێکتیکی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن



چیمەن محەمەد ڕەشید

گفتوگۆو یەکترقبووڵکردن، دەروازەیەکی پێویستو گرنگن بۆ سیاسەتو بەردەوامیی پرۆسەی سیاسیی، حیزبی دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆن بەرهەمی ناوخۆی کۆمەڵگەن، واتە دوو پێکهاتەن کە لەئەنجامی ململانێو بۆپێشەوەچوونی ڕەوتی مێژوویی کۆمەڵگە کەوتوونەتەوە، کۆمەڵگەی سیاسیی ئەو بوارە گشتییو هاوبەشەیە لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن هەروەها لەنێوان هەموو پێکهاتەو گروپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش کە پێویستی بە دابینکردنی زەمینەیەکی پڕ لە ئارامییو وەلاوەنانی توندوتیژیی هەیە، بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆنو سەرجەم پێکهاتەو گروپەکانی بتوانن ئازادانە بۆچوونو پێشنیازو پرۆژەو بەرنامەی خۆیان دەربڕنو بیخەنەڕوو، لێرەدا گرنگیو بایەخی سیاسەتو ئاراستەی پرۆسەی سیاسیی بەتایبەتی وەڵامو کاردانەوەی حیزبی دەسەڵاتدار لەبەرامبەر جووڵەو کاریگەرییەکانی ئۆپۆزسیۆن دەردەکەوێتو هەر لەوەشەوە تێڕوانینو جۆری فەلسەفەو سیستمی سیاسیی دەسەڵات دەکرێت دیارییبکرێت.

ئەگەر سادەترینو ئاسانترین لێکدانەوە بۆ ریفۆرمی سیاسیی دەستنیشان بکەین، زێدەڕۆیی تێدا نییە ئەگەر بڵێین ریفۆرمی سیاسەت، واتە ڕەتکردنەوەی توندوتیژییو داخستنی دەروازەو ڕێچکەکانی شەڕ، بۆیە تەنیاوتەنیا پێشخستنی پرۆسەی سیاسیی بە گەڕانەوە بۆ لۆژیکی پرەنسیپی ڕەتکردنەوەی توندوتیژییو یەکترقبووڵکردن دێتەدیو هەر دوودڵیو وەلاوەنانێکی ئەم پرەنسیپە لە گۆڕانی ڕێڕەوی کاری سیاسییو لێکترازانو پەرتبوونی رایەڵەکانی پەیوەندییو تێکدانو شێواندنی، ئەو بوارە سیاسییەی لێدەکەوێتەوە کە وەک فاکتەرێکی هاوبەش لەنێواندا بووە، ریفۆرمی سیاسیی پێویستی بە ژیانێکی سیاسیی سەقامگیرو زەمینەیەکی ئارامو ئاشتیانەیە هەیە تا گەشەبکاتو ریزەکانی فراوانتربکاتو باشتر بتوانێت بۆچوونو بیروڕاو ئامانجەکانی بگەیەنێتە زۆرترین خەڵک بەپێچەوانەی ئەوانەی بەتایبەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان کە زۆرجار تۆمەتو ناهەقیی دەدەنە پاڵ ئۆپۆزسیۆنو تاوانباریان دەکەن بە گێرەشێوێنو ئاژاوەچیو هەندێکجاریش بەهۆکاری لێکترازانو تێکدانی یەکێتی ریزەکانی گەل ناوەزەندیان دەکەن.

دەسەڵات نابێت ئۆپۆزسیۆن ڕەتبکاتەوە، چونکە هەر ڕەتکردنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆن ڕەتکردنەوەی بەشێکی پێکهاتەی کۆمەڵگەیە، نەک هەر ئەوە، ڕەتکردنەوەی ئۆپۆزسیۆن واتە ڕەتکردنەوەی خۆی، لەبەرئەوەی خۆشی ناتوانێت ڕۆڵی سەرەکیی بگێڕێت، بەمانایەکی دیکە دەسەڵات نابێت لەبری سیاسەتی فراوانکردنی بەشداریی سیاسییو قۆرغنەکردنی دەسەڵاتو بڕوابوون بە دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتی سیاسیی، زەبروزەنگو ڕێگەی ناشەرعییو سیاسەتی برسیکردنو زەوتکردنی ئازادییە مەدەنیو سیاسییەکان لەبەرامبەر خەڵک پیادەبکاتو ناچاریان بکات تەسلیم بە ئیرادەی ئەو بن! ئەگەر دابینکردنی مافەکانی هاوڵاتییان ئەرکی دەوڵەت بێت، ئەوا دابینکردنی مافەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەرکو کاری دەسەڵاتە، بۆ دەسەڵات نییە بەهیچ جۆرێک ئەرک بەسەر ئۆپۆزسیۆندا بسەپێنێت ، تەنیا ئەو پەیوەندییو کارانە نەبن کە دەستوورو بنەما یاساییەکان ڕێکیخستووە، دانان بەوەی کە سیاسەت بەشدارییەکی ئیجابییە لە کارە گشتییەکاندا، کە بریتییە لە ماف، مافی هەموو مرۆڤو هاوڵاتییەکیشە، ئەگەر وانەبێت، ئەوا نە هیچ حیزبێک شەرعییەتی هەیەو نە هیچ دەسەڵاتێکیش شەرعییەتی هەیە، بۆیە ئەو دانپیانانە بە کاری سیاسیی کە مافی هەموو هاوڵاتییەکە مەرجێکی پێویست بۆ هێنانەدی بوارێکی سیاسیی هاوبەش، کە تێیدا یەکێتی ئۆپۆزسیۆن لەلایەک (مەبەست کاری ئازادانەو ئارەزوومەندانەو سەربەستیی هەڵبژاردن)و لەلایەکی دیکەشەوە یەکێتی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات بهێنێتەدی، بە واتای ئەوەی دەسەڵات بڕوای بە ئازادییو دیموکراسیو ئازادیی هەڵبژاردنو ڕادەربڕین هەبێت.

پەیوەندیی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن ڕەنگدانەوەی ئاستی ژیانی سیاسییو رواڵەتەکانی بواری سیاسین لەو کۆمەڵگەیەدا، هەروەها ئاستی پێشکەوتنو گەشەکردن نیشاندەدات. بۆشایی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن کە سیاسەتێکی داخراو نیشاندەدات سنوورەکانی لەگەڵ دەسەڵات دێتەوە، بەڵام دیالۆگ بواری سیاسییانەی کراوەیەو سنوورەکانی بە ڕووی لایەنە مرۆییەکاندا دەکاتەوە.

جیاوازیی دەسەڵاتی دیموکراتی لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئەوەیە، لە سیستمی دیموکراتیدا دەسەڵات دان بە بوونی ئۆپۆزسیۆندا دەنێتو پەیوەندیی دیالێکتیکیی لەنێوانیاندا هەیەو لەسەر جیاوازییەکان ڕێکدەکەونو لەسەر بنەمای بۆچوونی جیا لە یەکێتی بابەتدا کاردەکەنو دەگەنە چارەسەری گونجاو، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا دەسەڵات باوەڕی بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەیەو ئۆپۆزسیۆن بە بەشێک لە سیستمی حوکم دەزانێتو وەک کەناڵێکی دیکە بۆ تەواوکردنی پێکهاتەی سیستمێکی دروست سەیری دەکات، بەڵام لە سیستمی دیکتاتۆریدا لەگەڵ بوونی هەڵبژاردنیشدا «کە لە بنچینەدا هەڵبژاردنەکە ڕووکەشەو دەستێوەردانی زۆر تێدایە»، بەڵام دەسەڵات خۆی بە خاوەنداری ڕاستەقینە دەزانێتو ئۆپۆزسیۆن وەک تەنێکی نامۆی زیانبەخش سەیر دەکات، لە ڕاستیشدا ئۆپۆزسیۆن چاودێرەو لێپرسینەوە دەکات لە کارو ئەرکی دەسەڵات، کە ئەمە بەلای سیستمی تاکڕەوەوە قبووڵنابێت، لەبەرئەوە دەسەڵات چەندین ڕێوشوێن دادەنێت تا ئۆپۆزسیۆن بە ئەرکی سەرەکیی هەڵنەسێتو نەتوانێت ڕۆڵەکەی ببینێت، دەسەڵات لەجیاتی خوێندنەوەی بۆ ئۆپۆزسیۆنو بواردانو زەمینەسازیی بۆ ڕۆڵبینینەکان چەند کارێک دەکات کە گرنگترینیان وەک:

**١) پەرتکردنی ئۆپۆزسیۆن:**

لێرەدا دەسەڵات بەچەندین شێوە هەوڵدەدات ریزەکانی ئۆپۆزسیۆن تێکبداتو بوار بۆ تەباییو یەکڕیزییو یەکگرتوویی تەسکدەکاتەوەو چەندین شێوازو ڕێگە وەک پێدانی ئیمتیازی جۆراوجۆر بە لایەنێکو دابڕینی لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە دەگرێتەبەر.

**٢) سستکردنی ئۆپۆزسیۆن:**

بەمانای ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی چەندین تەنگەژەی یاساییو سیاسییو ئابووریی بۆ ئۆپۆزسیون دروستدەکاتو لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی دووریدەخاتەوەو بە کاروباری لاوەکیی دیکە سەرقاڵی دەکاتو هەمیشە لەو کارەیدا بەربەستی تازەو گرفتی جۆراوجۆری دەخاتە بەردەم.

**٣) لاوازکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی:**

دەسەڵات بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆن لاوازبکاتو مەترسییەکانی لەسەر داهاتووی خۆی کەمبکاتەوە، هەڵدەستێت بە هەڵبەستنی تۆمەتو بوختانی جیاجیای وەک نانیشتمانیو نەتەوەیی نەبوونی ئۆپۆزسیۆن، یان تۆمەتی ئایینی بەمەبەستی لاوازکردنو دوورخستنەوەی خەڵک لە ئۆپۆزسیۆن.

بەڵام بۆ دەسەڵات واباشترە تێڕوانینو خوێندنەوەی خۆی بگۆڕێتو بابەتیانەو واقیعیانە بیربکاتەوەو دان بەو بارودۆخە تازەیەدابنێت کە بووەتە ئەمری واقیعو شتێکی نکۆڵی لێنەکراو، چونکە ژیانو مۆدێلی سیاسیی ئەمڕۆ پێویستی بە مۆدێلێکی عەقڵانیو مۆدێرن هەیەو هەمیشەش نزیکبوونەوەو لێکترگەیشتنو یەکترقبووڵکردن بووەتە هۆکاری پێشکەوتنو سەرکەوتن، نەک پێچەوانەکەی.

دەسەڵات نابێت ئۆپۆزسیۆن ڕەتبکاتەوە، چونکە هەر ڕەتکردنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆن ڕەتکردنەوەی بەشێکی پێکهاتەی کۆمەڵگەیە، نەک هەر ئەوە، ڕەتکردنەوەی ئۆپۆزسیۆن واتە ڕەتکردنەوەی خۆی، لەبەرئەوەی خۆشی ناتوانێت ڕۆڵی سەرەکیی بگێڕێت

# کەرکوکییەکان پێویستیان بە نوێبوونەوەیە



بێستون بنگردی

کەرکوک چارەنووسی کەوتووەتە دەست چەند گروپو حیزبێک، کە هەموو ئەوانە کەرکوک دەکەنە ئامانج بۆپڕکردنی بەرژەوەندیی لایەنەکانیانو وەکو کارتی سیاسیی بەکاریدەهێننو کەمترینیان بەرژەوەندیی خزمەتکردنی شارەکەیان لەبەرچاوگرتووەو بگرە بەو ئاراستەیەشدا ناڕۆن.

دەبێت کورد ئەو مەترسیسە لەبەرچاوبگرێت کە کەرکوک بۆ ئێمە سەرەتاو کۆتایی کێشە سیاسییو ئابوورییەکانە لەگەڵ حیزبو گروپە دژەکان، ئەوانەی کەرکوک جگە لە کورد بەهی هەموو خەڵکی عێراق دەزاننو بە هەڵوێستەکانیان دۆخی شارەکەیان خراپترکردووە، تاکۆتاییش لەگەڵ دەستی دەرەکیی ئەوانە بەردەوام دەبن، ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە دەسەڵاتی کوردیش خەمخۆری ڕاستەقینە بووە لە شارەکەداو بەرژەوەندییە باڵاکانی دانیشتووانی شارەکەیان بەرەو باشتر بردبێت، بەپێچەوانەوە ئەوان بوونە هۆی درزی گەورە تا نەیاران پیایدا تێپەڕنو ببنە لەمپەر لەبەردەم هەموو ئەو یاسایانەی کە کەرکوک وەکو «ناو» وەکو «شار»ی تیایدا هاتبێت. باشترین نموونەش لەم کاتەدا یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیە، کە بووەتە گەورەترین کێشەو جێگای ناکۆکیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق، بەتایبەتی کوردو لەگەڵ بەشێک لە تورکمانو عەرەبە بەعسیو شۆڤینییەکان.

ئەوانەی بەناوی خەڵکی کەرکوکەوە قسەدەکەن، کەمترینیان ئامانجی خزمەتکردنی شارەکەیانە، بۆنموونەو بەرچاوڕوونیش کێشەی ئاوارەکانو دابەشکردنی زەوییەکانی شارەکە بەسەر بەرپرسانو حیزبایەتیکردن لەجیاتی خزمەتکردن.

کەرکوک شارێکە دەوڵەمەندترین شارە لە ژێرخانی نەوت، بەڵام کە دەچیتە ناوی لە شارێکی خامۆشو بێدەنگ دەچێتو دانیشتووانەکەی بێتاقەتو بێئومێدن لە ئایندەی شارەکەیانو هەمیشە چاوەڕێی کارەساتو ململانێی گەورەترن.

ئەمجارە کەرکوک پێویستی بە گۆڕانە، لە بەڕێوەبردنو ئیدارەکردنو بیرکردنەوەو خزمەتکردنی زیاتر، پێویستی بە زیاتر جوانکردنی ڕوئیا جیاوازەکان هەیەو ناکرێت ئەودۆخە خراپە بەردەوامبێت کە ئێستا هەیە، ئەوەی ئەرکی کەرکوکییەکانیشە بەتایبەتی کوردەکان، ئەوەیە کە جدیتربن لە خزمەتکردنی زیاترو سیمای کوردستانیبوونی شارەکە بگێڕنەوە بۆسەردەمی ڕەسەنایەتیو جیاوازی نەکرێت لەنێوان دانیشتووانە ڕەسەنەکەیدا.

ئەگەر وابڕواتو بیر لە شارەکە نەکرێتەوە، ئەوا ئایندەی شارەکەو دانیشتووانەکەی خراپتردەبێتو دەبێت، بۆ کورد زۆر زەرورترە کە بیر لە گۆڕانی بەرپرسەکانو سیاسەتی ئێستایان نەکرێتەوە، ئەوا دەبێت دەستی پەشیمانی بۆ بگوشێتو هەمیشە تۆوی فیتنەو ئاژاوەگێڕیی لە چرۆکردندا دەبێت.

بۆ ئەو قۆناغەی ئێستا گۆڕان لە بیرکردنەوەی کەسایەتیو ئەدای کارکردنی بەرپرسەکان زۆر پێویستەو ناکرێت ڕەچاونەکرێت، چونکە کەرکوکو کەرکوکییەکان پێویستیان بە پشووە، ئێمەی کوردیش بەهی خۆمانی دەزانینو دەبێت لە خۆمانەوە دەستپێبکەین.

Bestun_bengrdy@yahoo.com

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ – ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان ڕەشید** – **هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

# ئۆپۆزسیۆن... هەنگاوێک بەرەو ئاڕاستەیەکی دروست لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمدا



کاروان ئەحمەد حەمەساڵح *

٢-٢

## ئیشکالیەتی ئۆپۆزسیۆن لە بەردەم هۆشیاریی میللیدا

هیچ ئۆپۆزسیۆنێک ناتوانێت ئامرازێک بێت بۆ گۆڕانکاریی، ئەگەر لەچوارچێوەی سیستمێکی دیموکراسی راستەقینەدا نەبێت

لەبەر رۆشنایی ئەو هەلومەرجەی کە لە باسکردنی قۆناغەکانی پرۆسەی سیاسی خستمانەڕوو، دەکرێت ئەوە بڵێین کە مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن وەک چەمکو وەک هەنگاوی کردەیی یەکێکە لەو ئیشکالیەتە ئاڵۆزانەی کە لەناو پانتایی شەقامی کوردیدا بوونی هەیە، بە بڕوای من، فاکتەرەکانی دروستبوونی ئەم حاڵەتەش دەکرێت بەدوو دیودا ببینینەوە:

یەکەمیان: خودی ئۆپۆزسیۆنە، چونکە بەگوێرەی ئەو سیاقە زەمەنییەی کە ئۆپۆزسیۆن سەرپێکەوتووە، دیاردەیەکی تازەیە بەهزرو بیرکردنەوەی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵە، کە لێرەدا جگەلەوەی ئۆپۆزسیۆن هەمیشە دەکەوێتە بەر نەشتەری تێنەگەیشتنی خەڵک لە رۆڵو مەهامەکانی لەئاستێکی بەرفراواندا، ئەرکی سەرشانی ئۆپۆزسیۆن قورستر دەکات، چونکە کارکردنی کارئەکتەرەکانی ئۆپۆزسیۆن لەسەر بڵاوکردنەوەی چەمکی ئۆپۆزسیۆن وەک مەعریفییەکو ئاشناکردنی شەقامی کوردی بەگشتیی بەم چەمکە دەبێتە کارێکی سەرەڕایی کارەبنچینەییەکانی کە چاودێریکردنی کارو سیاسەتەکانی حکومەتەو گەڕانە بەدوای خاڵی لاوازی حکومەتدا لە ئەدائی رۆژانەیدا.

دووەمیان: کارکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەخراپ تیۆریزەکردنی ئۆپۆزسیۆن لەناو خەڵکدا، بەتایبەتی کەسانێکی نـاو پارتە سیاسییەکان (کە بەداخەوە بەشێکی بەرچاویان لەخەڵکە خاوەن هزرەکانن) کار بۆ تێکشکاندنی ئۆپۆزسیۆن وەک چەمک دەکـەن لەهزری خەڵکیدا بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژیی، کە جێگەی خۆیەتی ئاماژە بدرێت بە خاڵێکی گرنگ کە ئەم چەشنە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا، ئەوەندەی ئۆپۆزسیۆن تێکدەشکێنێت بەقەد ئەوەنە گورزی کوشندە لە لەپرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵ دەداتو ئەم راستییە هیچ جۆرە پاساوێک هەڵناگرێت، کە من رامواپە، دەبێت لە بکەرانی ئەم هەڵمەتە بپرسین، ئایا ئەوان پەشیمانن لەو خەباتەی کە بۆ دیموکراسی کردویانە، خۆ ئەگەر نا ئەوا ناکرێت لەناو خەبات بۆ دیموکراسیدا، بەگژ ئۆپۆزسیۆنبووندا بچیتەوە بە نیازی سڕینەوەی بەو شێوەیەی کە ئێستا تێبینی دەکەین.

ئیشکالیەتی ئۆپۆزسیۆن لە وەعی خەڵکیدا رەنگ بێت بەپلەی یەکەم بۆ ئەو چاوەڕوانییە بگەڕێتەوە کە رای گشتیی لە یەکەم چرکەساتی دەنگدانی بە لیستە ئۆپۆزسیۆنەکاندا پێشبینی دەکات کە گۆڕانی زۆر خێراو ریشەیی ئەنجام دەدات،لەولاشەوەدەسەڵاتی سیاسی بەچڕوپڕی کار لەسەر ئەم (عجز)ەی ئۆپۆزسیۆن دەکات بۆ ئەوەی بچێتە کونو کەلەبەری قەناعەتەکانی خەڵکەوە کە ئۆپۆزسیۆن هیچ ماناو کەڵکێکی نییە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان، بۆئەوەی لەم حاڵەتە وردبینەوە، پێویستە لەسەر چەند مەسەلەیەکی گرنگی پەیوەندیدار بەو لایەنە هەڵوێستەیەک بکەین:

١- لاوازیی یاخود کەمتوانایی ئۆپۆزسیۆن بۆ گۆڕینی بـارودۆخـی سیاسی چەندێک پەیوەندیی بەخودی کارایی ئۆپۆزسیۆنەوە هەیە (کە بوونی ئەمەش وەک حاڵەتێکی دینامیکی لەناوی خودی ئۆپۆزسیۆندامەسەلەیەکی گرنگە) ئەوەندە پەیوەندی بەسیستمی سیاسییەوە هەیە کە مەبەست لێرەدا فۆرمی دەسەڵاتی سیاسییە، بە واتایەکی دی هیچ ئۆپۆزسیۆنێک ناتوانێت ئامرازێک بێت بۆ گۆڕانکاریی، ئەگەر لەچوارچێوەی سیستمێکی دیموکراسی راستەقینەدا نەبێت، لەومیانەشدا دەسەڵاتی سیاسی پێویستە دانبنێت بەشەرعییەتی ئۆپۆزسیۆنو رێزی مافەکانی بگرێت، بەدەر لەمە هیچ بزووتنەوەیەکی ریفۆرمیی ناتوانێت پشتببەستێت بەئۆپۆزسیۆنبوونی سیاسی بۆ ئەوەی گۆڕان ئەنجام بدات.

٢- زۆرجـار گۆڕانکاریی پەیوەستە بەفاکتەرگەلێکەوە کە لـەدەرەوەی ئیرادەی خودی ئۆپۆزسیۆندایە، کە بە دیاریکراویی مەبەستم لـە فـاکـتـەری هـەرێـمـایـەتـیو نێودەوڵەتییە، ئەگەر هەمان ئەم راستییە بە دیوە پێچەوانەکەیدا لێکبدەینەوە، پێوستە بڵێم زۆرجار ئەوەندەی گۆڕانکاریی بەپشتی تێکچوونی هاوسەنگییە هەریمایەتیو نێودەوڵەتییەکان هاتووەتەدی، ئەوەندە ئۆپۆزسیۆن رۆڵی نەگێڕاوە، لەکاتێکدا بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارامە شتێکی حاشاهەڵنەگر بـووە، ئەگەر سەیری رووداوە مێژووییەکانیش بکەین راستی ئەم مەسەلەیەمان بۆ روونەبێتەوە، بۆ نموونە کاتێک تەوژمی گۆڕانکارییەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی بەشێکی زۆری دونیا دەگرێتەوە، کاریگەریی بەجێدەهێڵێت لەپاشەکشەپێکردنی شەپۆلە داگیرکارییەکانی دەوڵەتانی ئەوروپاو هەڵتەکاندنی ئەو نیزامە سیاسییانەی کە لایەنگری ئەو دەوڵەتانە بوون لە نیشتمانە داگیرکراوەکاندا. هەروەها ناوەڕاستی شەستەکان بەهۆی باڵادەستی بلۆکی سۆڤیەتەوە، جۆرێک لەگۆڕانکاریی لەسیستمە سیاسییەکانی دونیا دێنێتەکایەوە لەژێر کاریگەریی ئەو تەوژمەداو دیسانەوە کۆتاییهاتنی خودی ئەم بلۆکەو هەڵوەشانەوەی هەندێک سیستمی سیاسیی دەوڵەتەکانی دونیای بەدوای خۆیدا هێناو دامەزراندنی سیستمگەلێکی تارادەیەک لیبراڵی لێدەکەوێتەوە،لەم رووەشەوە کۆتاییهاتنی سیستمە سیاسییەکەی چاوسیسکۆ لە رۆمانیا لەسەر دەستی ئۆپۆزسیۆنێکی میللی کارادا دیارترین نموونەی ئەم حاڵەتەیە.

٣- لەبەر رۆشنایی کاریگەریی وێنەی سیستمی حوکمو سیاسەتەکانیو بارودۆخی گشتیی، دەکرێت بڵێین کاتێک ئۆپۆزسیۆن نابێتە ئامرازی گۆڕانێکی ریشەیی لەسیستمی سیاسیدا بەتایبەت ئـەگـەر سیستمەکە دیموکراتی راستەقینە نەبوو، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئۆپۆزسیۆن کارئەکتەرێکی بێنرخەو رۆڵـی نییە لەگۆڕانکاریدا، نرخو بێنرخی ئۆپۆزسیۆن لەمەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو گرنگی ئەهمیەتی ئۆپۆزسیۆن لـەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کاتێک دەبێتە ئالیەتێک بۆ گۆڕینی ناوخۆیی لە سیستمەکەداو پاراستنی ئەو سیستمە لە فەسادو لادان لە رێڕەوی سروشتی خۆی. دەبێت کاریگەریی ئۆپۆزسیۆن لـەودیـدەوە سەیربکەین کە ئایا رێگری دەکـات لە لەگۆڕانی رەوتی حوکمداریتی سیاسی بۆ فۆرمێکی حکومەتی توندی تاکڕەوانە؟ ئایا ئۆپۆزسیۆن دەبێت رێگریی لە دەرکەوتنو پەرەسەندنی گیانی وەلائاتی شەخسیو کوشتنی روحی یاساو عەدالەتو دادپـەروەریی لەبەڕێوەبردنی حکومەتدا.

بـڕوانـاکـرێـت لـە زۆربــەی سیستمە دیموکراتییەکانی دونیادا لێکدانەوە بۆ بوونو کاریگەریی ئۆپۆزسیۆن جگە لەم دیدە هیچ تێڕوانینێکی تر هەڵبگرێت، چونکە ئەوەندەی شەرعیەتو رەوایەتیی ئۆپۆزسیۆن لە کاریگەریی ئەدائی ئۆپۆزسیۆن بۆ وەزیفە بنچینەییەکانی سەرچاوە دەگرێت کە خۆی لەچاودێریکردنی حکومەتو ئاگاداربوون لەسیاسەتەکانیو پاراستنی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکانو مسۆگەرکردنی سەربەخۆییان دەبینێتەوە، ئەوەندە لەوەدا نابینرێتەوە تاچەند دەتوانێت دەســەڵاتو سیستمی سیاسی سەرەو ژێر بکات، چونکە گرەوکردن لەسەر ئەم بنەمایە بۆ راستیو دروستی ئۆپۆزسیۆنو رەوایەتییو توانایی لە ئەدائیدا جگە لەوەی لەگەڵ بنەماکانی پرۆسە دیموکراتیو مەدەنییەکاندا نایەتەوە، هاوکات هەڵەیەکی کوشندەشە کاتێک لەپێناو بێئەهمیەتکردنی ئۆپۆزسیۆندا تووی بیرکردنەوەی ژێرەو ژوورکـردنـی سیستمی سیاسی چ لەناو ئۆپۆزسیۆنو چ لەناو شەقامدا بچێنن کە بەرەنجامەکەی جگەلە ناسەقامگیریی سیاسی هیچی دی لێ ناکەوێتەوە، بەپێچەوانەشەوە مامەڵەیەکی عەقڵانی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن ناکاتە قەڵەوکردنی ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو دەشێت دەسەڵاتی سیاسی کەڵکی زۆری لێببینێت بەتایبەت لە رۆڵە چاودێرییەکەی ئۆپۆزسیۆندا.

* مامۆستا لە کۆلێژی یاساو رامیاریی زانکۆی سلێمانی

# پێشنیازێکی دۆستانە بۆ ئۆرگانیزەکردنی بزووتنەوەی گۆڕان، بە شێوەیەکی مۆدێرن



ئاری ئەبوبەکر/ دانیمارک

٢-٣

## خۆ دوورخستنەوە لە دروستکردنی ڕێکخراوی پیشەیی

ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بیەوێت بەڕاستیو حەقیقی گۆڕانکاریی بکات، ئەوا دەبێت خۆی لە دروستکردنی ڕێکخراوی پیشەیی بە دوور بگرێت، تەنیا یەک جۆر لە ڕێکخراو هەبێت

یەکێک لەو کـارە زۆر ناشارستانیو نا دیموکراتییانەی، کە زۆربـەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کلۆر کردووەو رۆژ بەرۆژ لە دیموکراسییەتی دوور دەخاتەوە، دروستکردنی ڕێکخراوە پیشەییەکانە لەلایەن حیزبەوە، بە جۆرێک کە حیزب خاوەنی چەندەها ڕێکخراوی پیشەییە، مامۆستایانی حیزب، کاسبکارانی حیزب، وەرزشکارانی حیزب، دکتۆرەکانی حیزب، ئەندازیارانی حیزب...هتد، کە ئەمە لە راستیدا جۆرێکە لە بێنرخکردنی ئەو پیشانە (لەگەڵ ڕێزماندا بۆ هەموو پیشەکان) لەلایەکو نیشانەی دەستی درێژی حیزبە بۆ ناو هەموو جومگەکانو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە.

لە راستیدا ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بیەوێت ئـەو فۆرمە لە حیزبی تەقلیدیی بشکێنێتو بتوانێت خـۆی لـەم جـۆرە لە سیاسەتکردن بە دووربگرێت، ئەوا دەبێت ڕێکخراوی پیشەیی بە هیچ شێوەیەک نەبێتو لە ژێر هیچ ناوو فۆرمێکدا لەم جۆرە ڕێکخراوانە نەخاتە ژێر باڵی خۆیەوە، چونکە:

یەکەم: لەبەر ئـەوەی ئەو ڕێکخراوە پیشەییانە پێویستییان بـەوە هەیە وەک ڕێکخراوی سەربەخۆ هەبن لە دەرەوەی هـەمـوو گـەمـەیـەکـی سیاسیی حیزبە سیاسییەکان، بۆ ئەوەی بتوانن کە زۆرترین ماف بۆ پیشەوەرانی خۆیان دابینبکەن، ئەویش لە ڕێـگـەی فشار دروستکردنی جەماعیو داکۆکیکاری لە ئەندامەکانی لە کاتی هەستکردن بە خورانی مافیان دا.

دووەم: لەبەر ئـەوەی، کە حیزب بۆ هەمووانەو تەنیا بەشێک یـان زۆربـەی پیشەوەران لە بەرنامەکانی سوودمەندنابن، بەڵکو دەبێت حیزب بەرنامەی تایبەتی هەبێت بۆ بێکارو کـاردار، ژنو پیاو، منداڵو پیر، فەقیرو دەوڵەمەند، خاوەن پیشەی تایبەتیو کاسبکاری بێ پیشەی تایبەتی.

هەڵبەت بەرنامەی حیزب بۆ هەموو ئەم چینو توێژانە هەریەکەو بە ئەندازەی خۆی بتوانێت سوودی لێببینێت.

بۆیە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بیەوێت بەڕاستیو حەقیقی گۆڕانکاریی بکات، ئەوا دەبێت خۆی لەم دروستکردنی ڕێکخراوی پیشەیی بە دوور بگرێت. تەنیا یەک جۆر لە ڕێکخراو هەبێت، کە ئەویش ڕێکخراوی قوتابیان، یان خوێندکارانە، کە لە خوارەوە باسی دەکەین.

## ڕێکخراوی قوتابیان، یان خوێندکاران

هەرچەند هەڵبژاردنی ناوی قوتابیان، یان خوێندکاران ئاسان نییە، چونکە تائێستاش کـۆ جەمعییەک نییە لـەنـاو کۆمەڵگەی کوردیدا بەوەی، کە ناوی قوتابیو خوێندکار یەکبخرێن، ئەویش بەهۆی ئەو درێژییەی دەستی حیزبەوە لەناو تەواوی کۆمەڵگەدا، تا ئەو رادەیەی کە هەمووان بیرمانە، ئەگەر لە ساڵانی پێشوودا لە سلێمانی بتوتایە قوتابی، ئەوا دەیانووت تۆ ئیش بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی دەکەیت، بە هەمان شێوەش لە هەولێر، ئەگەر بتوتایە خوێندکار، ئـەوا تاوانبار دەکرایت بە یەکێتی بوون، بۆیە ئێمە لێرەدا ناچار دەبین لە هەندێک شوێندا بە خوێندکارو لە هەندێک شوێندا بە قوتابی ناوی بهێنین، بە هەرحاڵ بوونی ڕێکخراوێکی تایبەتی بە قوتابیان، یان خوێندکاران زەروورییەتێکی جدیی هەیە، ئەگەر لە هەندێک یاساو رێسا دەرنەچێت.

ڕێکخراوێکی قوتابیان چەند پێویستییەکی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان دەهێنێتە بوون، بە چەند مەرجێک:

یەکەم: ئەگەر هیچ یەکێک لەوانەی کە لەم ڕێکخراوەدا کاردەکەن نەبنە خاوەنی مووچەو ئیمتیازات، واتا ئیشکردنی ڕێکخراوەیی نەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ژیانکردنو کەس هەڵپە بۆ ئەوە نەکات، کە بگاتە دەسەڵات لەناو ئەم ڕێکخراوەدا، تاوەکو ببێتە خاوەنی ئیمتیازاتو کارە ئەسڵییەکەی خۆی بیربچێتەوە، کە ئیشکردنە بۆ ئیشکردن بۆ ئەو نەوەیەی، کە دەتوانن داهاتووی بزووتنەوەی گۆڕانو سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانی پێ بسپێرن.

دووەم: ئەگەر ڕێکخراوی خوێندکارانی بـزووتـنـەوەی گـۆڕان بتوانن بـەرە بەرە گەنجان هوشیار بـکـەنـەوەو چالاکبن بەوەی، کە بتوانن هەم تەئسیریان هەبێت بەسەر داڕشتنی سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، هەم رەخنەگرێکی چالاکیش بن بەسەر سەرکردایەتی گـۆڕانـەوە، واتـا تا ئەندازەیەک ڕێکخراوێکی نیمچە سەربەخۆ بێت، بەوەی کە بتوانن خۆیان داواکاریی خـۆیـان بەرئەنجام بهێنن، هـەم لەگەڵ گۆڕینی سەرکردەکانی بزووتنەوەکەیدا بن بۆ جیلی گەنجو نوێبوونەوەی هەمیشەیی، هەم لە کاتی هەڵبژاردنو مانگرتنو کارە ئۆرگانیزەکانی حیزبدا چالاکانە بێنە مەیدان، ئەو کات ئەم ڕێکخراوە قوتابییە دەتوانێت گەنجو خوێندکاری بـاش پێبگەیەنێتو ئامادەی چوونە ناو پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاکانی بکات، هەم دەتوانێت چالاک بێتو زیندوێتی بزووتنەوەکە بخاتە پێش چاوی جەماوەر، مادام بزووتنەوەی گۆڕان ئیش لەسەر هاوڵاتییان دەکـات، کەواتە لەم حاڵەتەدا ئەم ڕێکخراوە دەتوانێت ئەم بزووتنەوەیە بە هەمیشەیی نوێ بکاتەوە.

بۆیە بوونی جۆرێک لە ڕێکخراوی قوتابیان زەرورەتـێـکـی مێژووییە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان، بە مەرجێک وەک وتمان ئەم ڕێکخراوە خوێندکارییە بتوانێت پێش هەموو لایەنێک رەخنە لە بزووتنەوەی گۆڕان بگرێت.

## هەڵبژاردنی کاندیدەکان

یەکێک لەو کارە سەرەکییانەی کە هەموو ڕێکخراوێکی سیاسیی ئەنجامی دەدات بۆ دەسەڵات گرتنەدەستو بەڕێوەبردنی وڵات بەو شێوەیەی کە خۆی بە باشی دەزانێت، ئامادەکردنی کاندیدی شیاوو گونجاوە بۆ پەرلەمان، وەزارەت، ئەنجومەنی شارەوانی شارەکان.

لەم ڕوانگەیەوە پێویستە بزووتنەوەی گـۆڕان بۆ ئـەوەی هەمیشە خوێنی تازەو عەقڵییەتی نوێخوازیوکەسی شیاودەستنیشان بکات وەک کاندید بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئەو خەڵکەی کە دەنگەدەدات بە بزووتنەوەکە، پێویستە هەمیشە کۆڕوسیمیناراتی جیا جیا ساز بکەن بۆ زۆربەی ئەوانەی کە دەیانەوێت نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە بکەن، کە دەنگی خۆی دەدات بە بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو کات هەم بزووتنەوە، کە دوور دەکەوێتەوە لە کوتلەگەراییو بوونی کەسی کاریزمیی لە پشت هەڵبژاردنی هەر کاندیدێکەوە، هەم جۆرێک لە مونافەسەی سیاسیی بەهێزیش لەناو ئـەو کەسانەدا دروستدەبێت کە دەیانەوێت ببنە نمایندەی ئەم بزووتنەوەیە.

ئەمە بە روونیش دەبێت بە نەریتێکی سیاسیی ناو گەمەی سیاسیی کوردستان بۆ ئەوەی کە سیاسەت لە ژوورە داخراوەکانەوە بێتەوە دەرەوەو ببێتە فەزایەکی شەفاف.

# پرسیارەکانی دوای بەخشین



ئاودێر شێخ عومەر

«مام جەلال سێ ملیۆن دۆلاری بۆ پڕۆژەکانی کەرکوک تەرخانکرد» ئەم هەواڵە لە راگەیاندنەکانی حیزبەکەی تاڵەبانییەوە بڵاوکرایەوە.

ئەرکی تاڵەبانیو حیزبەکەیو حیزبەکەی هاوپەیمانیشیانە چەندین قاتی ئەوەیان بۆ کەرکوک دەستەبەر بکردایە لە رووی مادییەوە، لە رووی سیاسیشەوە ئەوەیان بکردایە، کە چەندین ساڵە هاواری بۆ دەکەنو وەهای پیشان دەدەن، کە کاری بۆ دەکەنو هیچیان پێ ڕەنێو نەهاتووە لەو مەسەلەیەدا، جگە لە ئاڵۆزکردنی رەوشی پارێزگەی کەرکوکو دروستکردنی رقو کینە لەنێوان نەتەوەکانیو درێژەدان بە سیاسەتی نەتەوەی سەردەستەو ژێردەستە، بە هەمان شێوازی سەردەمی سەدام حسێن.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە؛ بۆ ئەم برە پارەیە لەلایەن تاڵەبانیو «لە بودجەی تاڵەبانی»و بەناوی تاڵەبانییەوە دەبەخشرێت؟ ئەو مەسەلەیە قسەی زۆر هەڵدەگرێت.

راگەیاندنی حیزبەکەی تاڵەبانی دەڵێ: «لەسەر بودجەی تاڵەبانی» بەبێ ئەوەی روون بێت کام بودجەیەی بەردەست تاڵەبانی، بە سیفەتی سکرتێری حیزبەکەی، یان بە سیفەتی سەرۆک کۆماری عێراق؟ ئەم نارۆشنییە تا کوێ بەردەوام دەبێت؟

ئەم پەتای تێکەڵاوکردنی گیرفانی (حکومەتو حیزبو تاکەکەس)ە لە کوردستانەوە دەپەڕێننەوە بۆ عێراقیش؟

ئەم حاڵەتە کێ لێی سوودمەندەو چەند ملیۆن کەسیش باجەکەی دەدەن؟

ئەگەر تاڵەبانی ئەو پارەیەی بە سیفەتی سەرۆک کۆمار بەخشیوە، لە کام بودجەو بە کام یاسا دەسەڵاتی بەخشینی سێ ملیۆن دۆلاری هەیە بەناوی بەخشین بەناوی سەرۆک کۆمارەوە؟ کام دەستەی نەزاهەو کام دەستەی حکومەتی عێراق ئاگایان لەو پڕۆژانە هەیە، کە تاڵەبانی پارەکەی بەخشیون؟

ئەگەر بە سیفەتی سەرۆکی حیزبیش بەخشیویەتی، چەندین قسەی دیکە دێنە گۆڕێ وەک ئەوەی؛ بۆچی دەسەڵاتی کورد بە یەکدەستی هاوکاریی نابەخشێتە کەرکوک؟، یان ئەرکی خۆی بەرامبەر کەرکوک جێبەجێ ناکات؟ بۆچی تاکە سەرکردەیەکی حیزبیی دەبێتە میهرەبانو پارە دەبەخشێتە شارە داماوەکە؟ ئەگەر پارەکە لە خەزێنەی حیزبەوە بەخشراوە سەرچاوەی ئەم پارەیە (٣ ملیۆن دۆلار)و هەموو ئەو ملیۆنە دۆلارانەی دیکە، کە تەنیا لە ماوەی نیوەی دووەمی ئەمساڵدا تەخشانو پەخشان کراون لەلایەن حیزبو سەرکردەکەیەوە، لەکوێوە سەرچاوەیان گرتووەو بۆچی لە ناوچەی قەڵەمڕەوی دوو حیزبەکە ئەو رەوشە نارۆشنو لێخنە درێژەو بەردەوامی پێدەدرێتو رێگە بە دروستکردنی دەزگایەکی چاپوکی بوێر نادرێت ئەم تاڵانکردنی وڵاتو قوتی میللەتە سنووردار بکاتو لە هەر حاڵەتێکی جێی گومانو ناڕوونی لەو جۆرە چاپووکانە ئەو جۆرە کەسانە رووبەڕووی پرسیاری (من این لك هذا) بکاتەوە؟و تا وەڵامێکی بڕوا پێهێنەر لە کۆلیان نەبێتەوە.

پرسیاری کۆتاییش وەڵامەکەی لە هەمووان شەرمهێنترە، کە ئەوەیە، ئەگەر ئەم پارەیە هی خودی تاڵەبانییەو بۆ پڕۆژەی نەتەوەییو خێرۆمەندی دەیبەخشێت، لە کوێوە هاتو بە کام رێگە بەم چەند مانگە دەستکەوتیان گەیشتووەتە ئەوەی بە ملیۆنان دۆلاری لێ ببەخشن؟

خۆ تاڵەبانیو خێزانەکەی چەند مانگێک پێش ئێستا بڵاویان کردەوە کە لەبەر نەبوونیو دەستکورتییان، دوای مردن، دەبێت شارەوانی بیانخاتە گۆڕ!!!












چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩